# سەرگوزەشتەی ڕۆژانی کۆرۆنا

هەواڵەی کتێب

کنێر عەبدوڵڵا

٢٠٢٠

هەواڵنامەی کتێب

ناوی کتێب: سەرگوزەشتەی ڕۆژانی کۆرۆنا
نوسەر : کنیر عەبدوڵڵا
دیزاین : دیاری محەمەد عوسمان
ساڵی چاپ: ٢٠٢٠
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپ : چاپخانەی حەمدی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٥٦١) ی ساڵی (٢٠٢٠) ی پێدراوە

پێشکەشە بە.....

## رۆحی ئەو مرۆڤانەی بەهۆی (کۆرۆنا)وە گیانیان لەدەستدا

هەواڵنامەی کتێب

# پێڕست


| ناوی بابەت | ناوی نوسەر | لاپەڕە |
|---|---|---|
| پێشەکی | | ٧ |
| ووتار | | ١٠ |
| لەنێوان تاعون کۆرۆنادا | ئازاد بەرزنجی | ١١ |
| دێوزمەی کۆرۆنا | کنێر عەبدوڵلا | ١٤ |
| کۆرۆنا کۆتایی سەردەمی جیهانگیری | هونەر تۆفیق | ١٥ |
| جیهانی دوای کۆرۆنا | سەردار هەرکی | ١٧ |
| ڤایرۆسی کۆرۆنا و | د. ساماڵ مانیی | ٢٠ |
| جێندەر: ئامارەکانی توندوتیژی خێزانی | د. نەزەند بەگیخان | ٢٥ |
| لەگەڵ کۆرۆنا بەرەو کوێ دەچین؟ | ئاسۆ کمال | ٢٨ |
| کام دونیا دوای ئەم ڤایرۆسە؟ | مەریوان وریا قانع | ٣٢ |
| ڤایرۆسی کۆرۆنا وتەکنەلۆجیای | د. پەریخان جاف | ٣٤ |
| هۆنراوە | | ٣٩ |
| ڕەچەتەی میهرەبانی | کەژاڵ ئەحمەد | ٤٠ |
| تۆش بێدەنگ بە | قوبادی جەلیزادە | ٤١ |
| ترس | هودا زەنگەنە | ٤٢ |
| کۆرۆناو تۆ | ئاسۆی مەلا | ٤٣ |
| دەماکەکانتان لادەن | چیمەن عادل حمید | ٤٤ |
| ومرزی تاعون | ئاوێزان نوری | ٤٥ |
| باڵندە | میدیا بێگەرد | ٤٦ |
| لە زەمەنی کۆرۆنادا | بورهان بەرزنجی | ٤٦ |
| نەورۆزی کۆرۆنا | ڤیان بێتووشی | ٤٧ |
| ئافات! | باست حمە غەریب | ٤٨ |
| گەر زەوی بمرێ | ڤینۆس فایەق | ٤٩ |
| مستەر کۆڤید | مەهاباد قەرەداغی | ٥١ |
| لەماڵی دڵ بمێنەوە | دابان هۆشیار | ٥٢ |
| خۆشەویستی لە زەمەنی کۆرۆنا | دەریا هەڵەبجەیی | ٥٣ |
| خەون و خەیاڵ | موحسن ئاوارە | ٥٤ |
| پەتاو ژیان | محەمەد پاکژ | ٥٥ |
| بەهارێکی نیگەران | ساڵح بێچار | ٥٦ |
| کۆرۆنا | شیرین فایەق | ٥٧ |
| زووکە ورە | دیاری فەرمیدون | ٥٨ |


هەواڵنامەی کتێب

| ناوی بابەت | ناوی نوسەر | لاپەڕە |
|---|---|---|
| چیرۆك | | ٥٩ |
| چیرۆکەکانی کۆرۆنا | لوقمان غەفور | ٦٠ |
| چیرۆکەکانی کۆرۆنا | سروە کمال | ٦٥ |
| راپۆرت | | ٧٠ |
| اضواء علی جائحة کوڤید | د. سەلاح محمد عزیز | ٧١ |
| راپرسی | | ٧٥ |
| هونەر | | ٨٨ |
| محمد فەتاح | | ٨٩ |
| سالح نەجار | | ٩٠ |
| کامەران کارگەچی | | ٩١ |
| مەریوان مەحمود | | ٩٢ |
| ڕێبوار تاهیر | | ٩٣ |
| شاخەوان عوسمان حەمە | | ٩٥ |
| زانا کمال | | ٩٦ |
| چیمەن ئیسماعیل | | ٩٧ |
| عەونی سامی | | ٩٨ |
| ڕێبوار سەعید | | ٩٩ |
| خۆشی شەوقی | | ١٠٠ |
| عومەر درووێش | | ١٠١ |
| عەلی درووێش | | ١٠٢ |
| نوکتە | | ١٠٣ |
| داهێنانەکانی سەردەمی کۆرۆنا | | ١١٦ |
| وێنەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان | | ١١٨ |
| بەیاننامەکانی وەزارەتی تەندروستی | | ١٢٦ |
| سوپاسگوزاری | | ١٢٩ |

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

پێشەکی:

سەرهەڵدانی کۆرۆنا لە کۆتا مانگەکانی ٢٠١٩ بووە باسێکی گەرم و جێی دڵەڕاوکێی هەمووان لە ئاست جیهاندا؛ سەرەتا لە وڵاتی (چین)ەوە دەستی پێکردو دواتر هەنگاو بە هەنگاو تەشەنەی کرد و سەرجەم وڵاتانی تری گرتەوە، لەو کاتانەدا خەڵکی کوردستان لەرێی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە سەرقاڵی بەدواداچوونی رووداوەکان و لە خەم و دڵەڕاوکێی دیمەنە دڵتەزێنەکان و چیرۆکە خەمناکەکانی خێزانەکانی ئەو وڵاتانەدا بوون؛ وە لەرێی تەلەفۆنەوە لە هەواڵپرسینی خزموکەسوکارو هاورێیان و خۆشەویستانیان بوون.

لە مانگی ٢٠٢٠/٣دا ڤایرۆسی کۆرۆنا گەیشتە هەرێمی کوردستان، لە ٢٠٢٠/٣/١٤ یەکەم رۆژی کەرەنتینەکردن و پەیوەستبوونی خەڵك بە مانەوەیان لەماڵەکانیان؛ بەپێی رێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیپێکرد، هاتوچۆکردن بەهەموو شێوەیەك قەدەغەکرا،رێگاوبان وشەقام و کوچەوکۆڵانەکان لە نێوەندی شارو پارێزگاکاندا رێگری لێکرا، و بۆ یەکەم جارخاڵی بوون لە مرۆڤەکان وهاوشێوەی بیابانەکان خۆیان دەنەخشاند. تەنها هێزەکانی ناوخۆو پۆلیس و کارمەندانی تەندروستی و میدیاکاران مۆڵەتی چوونەدەرەوەیان هەبوو بەپێی تایبەتمەندێتی کارەکانیان کە بێگومان لەو رۆژانەدا رۆڵێکی دیارو کاریگەرو لەخۆبوردوانەیان هەبوو، مرۆڤەکان تەنها لە هەوڵی دابینکردنی خۆراك و گوێگرتن لە تیڤی و بەدواداچوونی هەواڵەکاندا کاتیان بەسەردەبرد. بەگشتی ژیان لەدۆخی سڕبون و بێئومێدی و رەشبینیدا خۆی دەنواند.

ئەم پەرتووکە بۆ ؟

ئەم پرۆژەیە بە ئەرشیفکردنێکی مێژوویی نیشتمانیی قۆناغێکی دیاریکراوی ژیانی خەڵکە لە هەرێمی کوردستان، لە (مانگی ئازاری/٢٠٢٠)ەوە تا کۆتایی (مانگی مایسی/٢٠٢٠) دەستمپێکرد کە هاوکات بوو لەگەڵ گەرمەی سەرهەڵدانی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان ، ساتەوەختی کارکردن بۆ ئەم کتێبە زۆر قورس بوو، بێئومێدی و چاوەروانی و دڵەڕاوکێ و بێتاقەتی باڵیکێشا بوو بەسەر هەموو تاکێکدا، رۆژانە لەرێی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە گوێبیستی هەواڵی دڵتەزێن دەبوینەوە، هەمیشە لە چاوەروانی هەواڵێکی خۆش و چاکبونی دۆخەکەدا بووین، لە بارێکی دەروونی ناجێگیرو نائارامدا دەژیاین، دورکەوتنەوە لە کارو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هاورێ و خۆشەویست و خزم وکەسوکار لە لایەك و لەلایەکی دیکە وەستانی ژیان لە گشت بوارە جۆراوجۆرەکاندا وایکردبوو هەموو مرۆڤەکان وەك یەك ژیان بگوزەرێنن. ئەوە ئەو ساتەوەختانە بوو کە سنورو جیاوازییەك نەمابۆوە لەنێوان بەرپرس و هاوڵاتی، دەوڵەمەند و هەژار، ژن وپیاو، و هیچ ئایدۆلۆجی و پارتێکی سیاسیدا و تەنانەت سنوری جوگرافی هەموو جیهانیشی بەزاند.

گرنگی مرۆڤ لەم ساتەوەختانەدا ئەوەیە لەنێو ئەو بێهیوایی و جەنجاڵییەدا بتوانێت هیوایەك بە خۆی و ژیان و دەوروبەر بداتەوە بتوانێت لەگەڵ هەموو سەختییەكانەوە خۆی بگونجێنێ و لە هەوڵی دۆزینەوەی دەرچەیەك بێت بۆ دەربازبوون و بەردەوامیدان بە ژیان؛ لەپێناو خزمەت و هێنانەدی ئامانجدا، بۆیە لە لایەك بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە كات، و لەپێناو ڕوانێنێكی گەشبینانە بەژیان و لە لایەكی دیكەوە بەئامانجی نوسینەوەو ئەرشیفكردنی واقعێك كە گەلەكەمان پیایدا دەگوزەراند؛ هاوشێوەی گەلانی تری جیهان. هەموو ئەوانە پاڵنەرم بوون بۆ سەرهەڵدان و كاركردن لە بیرۆكەكەدا.

ناوەرۆكی پەرتووك:

پاش گەلاڵەبوون، دەستمكرد بە بلاوكردنەوەی بیرۆكەكە، سەرەتای بیرۆكەكە تەنها لە كۆكردنەوەی نوكتەو تەنزەكانەوە دەستپێكرد، بەڵام دواتر فراوانتر بوو بۆ چەند فایلێك، ئیدی ڕۆژانە نزیكەی (٨-١٠) كاژێر كارم ئەكرد بۆ كۆكردنەوەی زانیارییەكان.

زۆری بابەتەكانی لەو ماوەیەدا پێمگەیشت وایكرد بەرپرسیارێتیەكەم زیاتر بێت، بۆیە پاش كۆكردنەوە و ئامادەكردنی فایلەكان و پۆلێنكردنی زانیارییەكان بیرم لە پێكهێنانی لیژنەیەكی سەرپەرشتی كردەوە، هەریەك لە بواری خۆی و دەرئەنجام هەریەك لەو فایلانەم سپارد بە كەسێكی پسپۆڕی بوارەكە؛ بەمەبەستی دوابریار لە هەڵبژاردنی بابەتەكان، بۆیە دەتوانم بڵێم ڕەنگدانەوەی كاركردنی بە كۆمەڵ لەم پرۆژەیەدا ئامانجێكی تری هەوڵ و كارەكانم بوو، بەدەر لەوەی كۆی هاوڕێیانم لە فەیسبوك بوونە تیمێكی گەورەی كاركردنەكە؛ بەمەبەستی ناردنی هەر شتێكی تایبەت بەو فایلانەی هەبون، بە ڕەچاوكردنی تۆماركردنی ناویان لەم پەرتووكەدا.

تیمی كاركردوو:

پەرتووكی (سەرگوزشتەی ڕۆژانی كۆرۆنا) لە چەند فایلێك پێكهاتووە كە بریتین لە: (ووتار، هۆنراوە، نوكتە، هونەر، كورتە چیرۆكی ڕاستەقینە، ڕاپرسی، ڕێنماییەكانی وەزارەتی تەندروستی، وێنەی تایبەت بە پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان، جگە لە ئامادەكردنی ڕاپۆرتێكی نێودەوڵەتی سەبارەت بە ڤایرۆسی كۆرۆنا بە زمانی عەرەبی لە لایەن ( د. سەلاح عەزیز/ ئەكادیمی و توێژەر).

سەرپەرشتیكردنی هەندێ لەو فایلانە بەسوپاسەوە لەلایەن ئەم بەڕێزانەوە بەڕێوە چوو :

١. ووتار لە لایەن ئازاد بەرزنجی/ نوسەر
٢. هۆنراوە لە لایەن كەژاڵ ئەحمەد/ شاعیر
٣. نوكتە لە لایەن ئاوات سلێمان/ ئەندازیار
٤. وێنەی پارێزگاكان لە لایەن ژینۆ مەحمود/ ڕۆژنامەنووس

هیوادارم بەم کارەم توانیبێتم تۆماری قۆناغێکی ژیانکردنی گەلەکەم تۆمارکردبێت و ببێتە ئەرشیفێك کە نەوەکانی داهاتووی پێ ئاشنا بێت و لێی سوودمەند بن.

بێگومان زۆری بابەتەکان وایکرد لیژنەی سەرپەرشتیار بەپێی پێوەر هەڵبژاردەیەك لە بابەتەکان دابنێین، نەك هەموو ئەوانەی بەدەستم گەیشتبوو، بۆیە وێڕای سوپاسم بۆ بەشداریان، داوای لێبوردنیان لێدەکەم کە بابەتەکانیان بڵاونەکراوەتەوە، ئەگەرچی لە کۆتایی پەرتوکەکە ناویان هاتووە بەسوپاسەوە.
بە قسەیەکی خێزانەکەم کۆتایی بە نوسینەکەم دەهێنم کە پێیان دەووتم « کەرەنتینەش تۆی لە کارکردن نەوەستاند، و زیاد لە دەوامی فەرمی (٨ کاژێری) لەماڵەوە لەکاردایت»، بۆیە جێی خۆیەتی سوپاسی پشوودرێژی (هاوسەرو دوو کورەکەم) بکەم ، چونکە بەهۆی سەرقاڵیم لەکاتی ئەوانیشم برد.

کنێر عەبدوڵلا
٢٠٢٠/٤/٢٠

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# وتار

# لەنێوان «تاعوون» و «کۆرۆنا»دا

ئازاد بەرزنجی
٢٠٢٠/٣/١٨



نازانم بۆچی هەر لە یەکەم ڕۆژی هەواڵی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی «کۆرۆنا»وە لە «ووهان»ی چین، یەکسەر ڕۆمانی «تاعوون»ی «ئەلبێر کامۆ»م هاتەوە یاد، کە لە ساڵانی هەشتاکاندا بە عەرەبی خوێندوومەتەوە. ئەو ڕۆمانەی بووە مایەی ناوبانگێکی گەورە بۆ کامۆ و دواتریش خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب بە نووسەرەکەی بەخشرا.

لەم ڕۆمانەی کامۆدا، کە لە ساڵی ١٩٤٧ دا نووسیویەتی، لەپڕێکدا تاعوون لە شاری «وەهران»ی جەزائیر دەدات، بەوەی سەرەتا وەکو دیاردەیەکی نائاسایی، ژمارەی مشکە تۆپیووەکان لەسەر شەقام و کۆڵانەکانی شارەکە، ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیادبوون دەکات. بەمەدا دکتۆر ڕیۆ(کە پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکەیە) بۆی دەردەکەوێ کە ئەمە تاعوونە و داوا لە دەسەڵاتدارانی شارەکە دەکات ئەم پەتایە بە هەند وەربگرن و شارەکە کەرەنتینە(نەك ڤارێز) بکەن و ئیتر بە فەرمی هەواڵی بڵاوبوونەوەی پەتاکە پشتراست دەکرێتەوە.

بەمجۆرە، خەڵکی شار بۆیان ئاشکرا دەبێت کە تاعوون لە شارەکەیانی داوە و فەرمان دەردەچێت کە دەبێ هەموو لە ماڵەکانیاندا بمێننەوە و شارەکە وەکو زیندانێکی گەورەی لێ دێت.

لەم سەروبەندەدا، کاردانەوەی جیاوازی کەسەکان دەبینین بەرامبەر بەم پەتایە. هەیە دەیەوێ بارەکە بقۆزێتەوە بۆ کاری ڕەش و بازرگانی، هەیە بە هەند وەریناگرێت، هەیە بەتەنها خەمی ڕۆحی خۆیەتی و بەس، لەولاشەوە قەشەی شار لە وتارێکی دینیدا بە خەڵکەکە ڕادەگەیەنێت کە ئەوە غەزەبی خوایە و بەسەریاندا باریوە، چونکە هەموو لە خراپەدا نوقم بوون و لە خوا دوور کەوتوونەتەوە، بۆیە باشترین شت ئەوەیە چاویان لە ئاسمان بێت و دەست بە دووعا و نزا بن و چاوەڕێی لوتفی خودا بن.

بەڵام لە سەرێکی ترەوە دکتۆر ڕیۆ دەبینین، کە هەر لە سەرەتاوە بڕیاری داوە دژ بەو تاعوونە بجەنگێت و خۆی بۆ خزمەتکردنی خەڵکی شارەکە نەزر بکات و هاوکارییان بکات و بە دوای چارەسەرێکی ئەو پەتایەدا بگەڕێت. بۆیە لەئاست ئەو قسانەی قەشەدا، بە تاڕۆی هاوڕێی دەڵێت( کە ئەویش هاوکاری ڕیۆیە): « وا چاکتر نییە ئێمە بە هەموو توانایەکمانەوە دژ بەم مەرگە خەبات بکەین و دەستەوئەژنۆ دانەنیشین و چاو نەبرینە ئاسمانێك کە لە ئاستماندا بێدەنگە؟».

تاعوونەکە کاری خۆی دەکات تا ئەو ڕادەیەی خەڵکێکی زۆر دەکوژێت و بە ناچاری تەرمەکانیان دەسووتێنن. بەڵام دوای تێپەڕینی چەند مانگێك لە خۆڕاگرتن و تێکۆشان دژ بە پەتاکە و هاوکاریی نێوان مرۆڤەکان، پەتاکە کۆتایی دێت و لەنێودەچێت.

ئەم ڕۆمانە دەکرێ لەسەر چەند ئاستێك بخوێنرێتەوە. دەکرێ وەکو ڕۆمانێکی ڕیالیستی سەیری بکەین و لە هەمانکاتیشدا وەکو ڕۆمانێکی سیمبولێك، کە تێیدا تاعوون هێزێکە نوێنەری جۆرەکانی خراپەیە «شر». تاعوون هیچی لە جەنگە گەورەکانی دونیا کەمتر نییە ئەگەر زیاتر

نەبێت، چونکە لەکاتێکدا لە جەنگە مرۆییەکانیدا دوژمن وێنە و وێنایەکی ڕاستەقینەی هەیە و بوونێکی ماتەریی بەرجەستەکراوی هەیە، لە تاعوون و پەتا هاوشێوەکانیدا، دوژمن نەبینراوە. بۆیە دەکرێ وەکو کامۆ خۆیشی لە نامەیەکدا کە بۆ ڕۆلان بارتی نووسیوە، تاعوونەکەی نێو ڕۆمانەکە بە سیمبولێك بۆ نازیزم و کۆکوژی و گرتووخانە دەستەجەمعییەکانی و ئەو ترسەی لای مرۆڤەکان دروستی دەکات، لە قەڵەم بدەین. چونکە وەکچۆن تاعوونی سروشتی و بایۆلۆجی هەیە، تاعوونی سیاسییش هەیە، کە خۆی لە دەسەڵاتە سەرکوتکەر و تۆتالیتار و ناعادیلەکانی دونیادا دەبینێتەوە.

بەلای کامۆوە، وەك ئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکە وەکو سیزیف مەحکوومە بە ژیان و دواجاریش مەحکوومە بە مەرگ (کە دەشێ لە خوێندنەوەیەکی تری ڕۆمانەکەشدا تاعوونەکە سیمبوڵ بێت بۆ ژیان خۆی)، بەڵام وێڕای ئەمە، مرۆڤ دەبێ بە ڕۆحێکی یاخییەوە بەرامبەری بوەستێتەوە و ڕادەستی نەبێت، واتە مرۆڤ مەحکوومە بە یاخیبوونیش لە ژیاندا، ئەگینا هیچی لەگەڵ گیانەوەرەکانی تردا جیاواز نابێت.

دکتۆر ڕیۆ لە ڕۆمانەکەدا نموونەی ئەو مرۆڤە یاخییەیە کە زمانحاڵی دەڵێت: من بەرامبەر بە تاعوون یاخی دەبم، کەواتە هەم، بەڵام ئەو لە خەمی هەموواندایە و کار بۆ ڕزگارکردنی ئەوانیش دەکات، بۆیە کۆجیتۆکەی وای لێ دێت: من دژ بە تاعوون یاخی دەبم، کەواتە من هەم، کەواتە ئێمە هەین، واتە یاخیبوونێك لەپێناوی هەمووان‌دا. ئەوتانێ ڕیۆ دەڵێت: «من هاوکاریی لێقوماوەکان دەکەم، نەك قدیسەکان. من وا هەست دەکەم حەزم بە قارەمانێتی و قەداسەت نییە ئەوەی بەلامەوە گرنگە ئەوەیە کە مرۆڤ بم».

ئێمە کاتێك ئەم ڕۆمانە دەخوێنینەوە، هەست دەکەین ئێستا بە شێوەیەکی کردەیی لەو دۆخەدا دەژین؛ دۆخێك کە خراپە «شەر» تێیدا لە شێوەی «کۆرۆنا»دا بەرجەستە بووە و کۆمەڵگاکەمان و مرۆڤەکان لە شەڕێکی دەستەوئێخەدان لەگەڵیدا؛ شەڕێکی چارەنووسساز، ئیدی بە هەموو ئەو باسوخوازانەشەوە کە گریمانەی تیۆریی پیلانگێڕی دەکەن بۆی و بە دیوێکی تری شەڕی بەرژەوەندیی نێوان زلهێزەکانی دونیای لێکدەدەنەوە، کە دواتر پریشکی بەر خۆیشیان کەوتووە، یان خۆی پەتایەك بێت و شەڕی کوێرانەی ڤایرۆسێك بێت لەگەڵ مرۆڤایەتیدا. لێ ئەمیش وەکو تاعوونە سیاسییەکان، پێویستیی بە هۆشیاریی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکەوە کارکردنی ئینسانەکان هەیە. کۆرۆنا ئەوەمان دەهێنێتەوە یاد کە شتێك هەیە پێی دەوترێ «چارەنووسی دەستەجەمعی»، ئەو چارەنووسەی کە هەموو مرۆڤەکان، بە چاوپۆشین لە دین و ڕەگەز و زمان و ئیتن، پێکەوە گرێ دەدات. کۆرۆنا چەند لەو بوونەوەرە یان تەنە نامۆیە زەبەلاحە دەچێت کە دەشێت ڕۆژێك لە ڕۆژان و بەدەر لە پێشبینییە زانستییەکان، پەیدا ببێت و هێرش بکاتە سەر زەوی و بەبێ جیاوازیکردن لەنێوان ڕەش و سپی و زەرد و سووردا، هەمووان تەفروتوونا بکات. ڕەنگە ئەمە زیاتر لە سیناریۆی فیلمێکی خەیاڵی بچێت، بەڵام کەمیش نین ئەو ڕۆمان و فیلمانەی کە دواتر بەشێك لە پێشبینییەکانیان هاتووەتە دی.

(وەکو ١٩٨٤ ی جۆرج ئۆروێل و یان END OF DAYS ی سیلڤیا براون کە دەڵێن پێشبینیی بۆ ئەم پەتای کۆرۆنایە تیایە و بەپێی نیوزویك ئێستا بووەتە یەکێك لە کتێبە پرفرۆشەکان).

ئێمەی کورد، کە تا ئێستاش نە قەوارەیەکی فەرمیمان هەیە و نە خاوەن تەکنۆلۆجیایەکی پزیشکیی گەورەین و نە دامودەزگای زەبەلاحیش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم چەشنە پەتا خەتەرناکانە، لەمڕۆدا پێویستمان بە ئیرادەیەك هەیە بۆ خۆبەدەستەوە نەدان بەم ڤایرۆسە، ئەمەش لەڕێی هۆشیاریمانەوە بە ڕێگاکانی خۆپارێزی و لەڕوو وەستانەوە. بەڵام نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێت کە ئەم دۆخە لێکەوتەی ئازاربەخشی زۆرە و لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەین کە یەکێك لەو لێکەوتانە ئەوەیە، بە هەزاران خێزان هەن سەرچاوەی داهاتیان کارکردنی ڕۆژانەیە، لە ئێستادا ئەو خێزانانە ڕووبەڕووی دۆخێکی ئێجگار سەخت و دژوار بوونەتەوە و لە کاتێکدا تا ئێستا مەسەلەی بیمە و سۆشیال بۆ هاووڵاتیان نەچووەتە بەرنامەی حکوومەتەوە، لە دۆخێکی وەهادا، ئەرکی حکوومەتە (هەروەها سەرمایەداران، بەڵام لەڕێی حکوومەتەوە، نەك بە شێوەیەکی شەخسی، بەو مەرجەی حکوومەتیش نەیخوات) کە ئاوڕێکی جیددی لەم مەسەلەیە بدەنەوە، چونکە کێ دەڵێت ئەم دۆخە ماوەیەکی زۆری تری پێ ناچێت.

دواجار، هیوادارم هەموومان پێکەوە بە سەلامەتی ئەم دۆخە تێپەڕێنین، بەو ئومێدەشەوە کە ئەمە سەرەتای هۆشیارییەکی نوێ بێت بۆ ژیان و بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرەکانی تری تاعوونیش.

هەواڵنامەی کتێب

# دێوزمەی كۆرۆنا



**كنێر عەبدوڵلا**

٢٠٢٠/٣/١٨

لەناكاودا بێدەنگی باڵی كێشا بەسەر هەموو جیهاندا، ئارامی گشت ووڵات وشارو دێهاتێكی گرتەوە ، هەموو شتێك بێدەنگ و كپ بوو، قەڵەباڵغی و ژاوەژاوی بۆنەكان، خۆشییەكان، كۆرو كۆبونەوەو چالاكییەكان، شوێنەكانی بازاڕو ماركێت و دوكان و یانە و رابواردنەكان، گەشتكردن، سەرقاڵییەكان، خۆهەڵكێشان و لافوگەزاف، فیزلێدان و پۆز و دەركەوتنە هەڵخەڵەتێنەرەكان، قاووقیژی خۆبەلزانین و پیاهەڵدان و خۆهەڵكێشان، هەمووی لە چركەساتێكدا خامۆش بوو؛ وەك ئەوەی ئاسمان و زەوی بێزار بوو بن لەو هاواركردن و ژاوەژاوانە، وەك ئەوەی دەبوو بۆ ماوەیەك ئارامی و بێدەنگی باڵی بكێشایە بەسەر ژیاندا، وەك ئەوەی دەبوو مرۆڤەكان راچەڵەكاندنێكیان بەخۆوە بدیایە و دەسەڵاتدارەكانیش ستۆپێكیان پێ بكرایە؛ بۆیە كتوپر و لەناكاو زەنگێكی تۆقێنەر وەك كابوس كەوتە نێو هەموو جیهانەوە ؛ سەرەتا لە چین و دواتر ئیتالیاو ئێران و سەرتاپای ئەوروپا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا گەیشتە كوردستان وهەموو جیهانی هەژاند وراچڵەكاند ، دەستبەجێ پەیام و نامەیەكی بچوكی نەبینراو هات و وایكرد جیهان بێدەنگی بەخۆوە ببینێت، بە گشت پێكهاتە جیاجیاكانەوە وەك یەكبوون زەمین وەك خەمێكی هاوبەش و وەك تاكە كوتلەیەك كۆیكردنەوە وهەموویانی لە چاوەڕوانیدا هێشتەوە؛ هەژارو دەوڵەمەند، ژن و پیاو، رۆشنبیرو دواكەوتوو، كاركردوو و بێكار، خوێندەوارو نەخوێندەوار، پیر و گەنج، سیاسی و هاوڵاتیی و گشت مرۆڤەكان بێ جیاوازی ئاین و ئایدۆلۆجیاو مەزهەب و رەگەزو شوێنە جوگرافییەكانیان.

بە پەیامێك بیرمان دەخاتەوە بەوەی سوپاسگوزار بین و ئارام بگرین، بگەڕێینەوە بۆ خۆمان و بەخۆدابچینەوە، بیرمان دەخاتەوە كە چەند گەورە بین و چەند بگەینە مەنزڵگەی خۆمان هیچ نین و بیرمان دەخاتەوە كە وێڕای هەموو شتێك لاوازین.

لەو نێوەندەدا كوردستانیش بەدەر نەبوو ، لە ٣/١٤ ەوە كەرەنتینەكردن لە ماڵەكاندا دەستی پێكرد لەناكاو شار، كۆڵان و لانە، باخچە و شەقامەكان چۆڵ بوون، لە تیڤییەكانەوە لە ئاستی جیهاندا رۆژانە هەواڵی تووش بوو و نەخۆش و بە كۆچكردنی مرۆڤەكان ئاشنایان دەكردین، بەشێوەیەك ترس و دڵەڕاوكێ و خۆدزینەوە لەیەكتری كەوتە نێوان مرۆڤەكانەوە، هەریەك لەویتر یار لەیار دەترسا، عاشق لە بێداری، منداڵ لە دایك و باوك ،هتد پەنجەی موزیكژەنەكان لە ئامێری موزیكەكانیان، رێبوارەكان لە كوچەوكۆڵان و شەقامە چۆڵەكان، پزیشك لە نەخۆش و هاوڕێ و كەسوكاریش لەیەكتری ترس دایگرتبوون. ئیدی ژیان هاوشێوەی كابوسێكی لێهات؛ كاتێك شەو دەچێتە پێخەفەوە، ئومێدی بەیانی و رۆژێكی جیاوازتر دەكەیت كە خۆرێكی هیوابەخش هەڵبێت و دەنگی كۆتایی هاتنی كابوسەكەت پێ رابگەیەنێت تا بە فێربوون و ئەزمونێكی نوێوە دەستپێبكەینەوە.

# کۆرۆنا، کۆتایی سەردەمی جیهانگیریی



**هونەر تۆفیق**

٢٠٢٠/٣/١٩

کۆرۆنا لەیەك کاتدا هەم ترۆپکی سەردەمی جیهانگیری - گلۆبالیزەیشنەو هەم ڕاگەیاندنی کۆتاییەکەیەتی . زیاتر لەسەدەیەکە سەرمایەداری جیهانی تەرویج بۆ تیۆری جیهانگیریی‌و دارشتنی نەخشەی جیهان دەکات بەپێی ئەو بازاڕانەی خۆی دەیەوێت بازرگانی تیادابکات. ئەم تەرویجە سەرمایەداریە، کاریگەریەکانی گەشتووە بەفیکرو سیاسەتی دنیا. بەرەوپێشەچوونە تەکنەلۆژیەکانو هەڵوەشاندنەوەی بلۆکە سۆسیالیزمەکەی رۆژهەلاتیش، دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ پراکتیزەکردنی تیۆری جیهانگیریی.

- هیچ هێزێکی ئابووری ڕکابەریش نەبوو (وەك ئێستای چین بەنمونە) بەر بەو ڕەوتە بگرێت، مۆدێلی کۆنفیدراسیۆنی ئابووری لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا، لەئەنجامی کاریگەری ئەو ڕەوتەدا دروستبوون کە شێوەکانی: یەکێتی ئەمریکا - کەنەدا - مەکسیك لەباکووری ئەمریکا. یەکێتی ولاتانی ئەمریکای لاتین لەباشووری ئەمریکا. یەکێتی ئەورووپا لەخۆرئاوای ئەوروپا. هەوڵی دروستبوونی یەکێتی ولاتانی باکووری ئەفریقیا. مەجلیسی تەعاونی عەرەبی لەنێوان عێراق، میسر، ئوردنو یەمەن. مەجلیسی تەعاونی خلیجی لەنێوان میرنشینەکانی کەنداو. یەکێتی حەوت پڵنگەکە لەنێوان ولاتانی خۆرهەلاتی ئاسیا. دواترینیان یەکێتی برێکسی بازرگانی و ئابوری لەنێوان ڕوسیا - چین - هیند - بەرازیلدا.

- هەندێك لەو فدراسیۆنە ئابوریيانە بەهۆی ناکۆکی سیاسیانەوە شکستیان هێنا و بەشێکیشیان بونە هێزێکی ئابووری دیار وەك بەرەی برێکسە.

چین و ڕوسیای وەك دوو هێزی ئابووری و سەربازی رکابەری بەرەی ڕەوتی گلۆبالیزەیشن دەرکەوتن. چین وەك نوێنەری ئابووری و ڕوسیش وەك نوێنەری سەربازی قوتبێکی تریان لەبەرانبەر قوتبە ئەمریکیەکە پێکهێنا.

- ناکۆکی سیاسی و بازرگانی ئەو دوو قوتبە، کاریگەربوو بۆ لاوازبوونی ئابووری جیهان. کشانەوەی بەریتانیەکان و پرۆژەی برێکزت لەناو یەکێتی ئەورووپادا هەنگاوی یەکەمی بەرەو هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی ئەورووپایە. هاوکات بەگرفتە ئابووریەکانی ئەندامەکانی تر وەك ئیسپانیا، پورتگال و یۆنان و ئیتالیا کە قەیرانی چارەسەرنەکراوی ئەو یەکێتییەو بیری جیهانگیرین. ولاتانی لەبری کرانەوەو خۆخستنە ناو جیهانەوە (وەك ئەوەی جیهانگیری دەخوازێت) بەرەو بچوکردنەوەی جیهانەکەی بەناوخۆدا دەبات.

- هاتنی کۆرۆنا ئەو قەیرانەی بۆ فیکری جیهانگیری قوڵترکردەوە و بەرەو کۆتایی دەبات. لەکاتێکدا پەتاکە بەجیهاندا تەشەنەدەکات و جیهانگیرانە سنوورەکان دەبڕێت، ولاتان سنوورەکانیان دادەخەن و هەر ولاتێك لەناوخۆیدا فریای خۆی دەکەوێت. ئیتالی و ئیسپانیەکان ڕوونتر لە ولاتانی دیکەی یەکێتی ئەورویا لەم کاتەدا باسی بێسوودی یەکێتی ئەوروپا دەکەن کەلە بەردەم هێرشی پەتاکەدا بەتەنیا جێیان هێشتوون.

- جیهانی پاش کورۆنا، وەك جیهانی پێش کورۆنا نابێت. هەموو دیدە زاڵە سیاسی‌و ئابووریەکانی

جیهان گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا دێت، لەسەروی هەموویانەوە کۆتایی بەسەردەمی جیهانگیری دێنێت. نەخشەیەکی بازرگانی تر هەیکەلێکی ئابووری جیهانی نوێ دروستدەبێتەوە کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاریش لەفیکری سیاسی باوی دنیادا.

- لە داوێنی کۆرۆنادا.. چەپکێك بۆسەر خەرمانەی (گەنجینەی نەتەوەیی کورد)

هەواڵنامەی کتێب

# جیهان دوای کۆرۆنا



**سەردار هەرکی**
٢٠٢٠/٣/٢٦

نوسەری ئەمریکی دین کونتنز ٣٩ ساڵ بەر لە ئێستا واتە لە ساڵی ١٩٨١ رۆمانێکی نووسی بەناوی ( چاوەکانی تاریکی The Eye of Darkness ) تێیدا باسی دروست کردنی ڤایرۆسێك دەکات لەلایەن زانایەکان لە تاقیگەکانی لەشکری صینی ، تاقیگەکە لە شاری ووهانە و ڤایرۆسەکەشی بە ووهان ٤٠٠ ناو بردووە،هەندێك لە رووداوەکانی رۆمانەکە جیاوازە لەگەڵ قەیرانی ئێستای کۆرۆنا بەڵام زۆر شتی هاوبەشیشی تێدایە تەنانەت شوێنی تاقیگەکەی ئێستای ووهان هەمان شوێنی ئێستایە.

- ئەم رۆمانە زۆر بەناوبانگ نەبوو ، بەڵام لەم رۆژانە مایەی بایەخ پێدان بەتایبەتی بو ئەوانەی بروایان وایە هەموشتێك پیلانی دەرەکی و وڵاتانی زلهێزە .هەرچەند تا رادەیێك زانست سەلماندی کە ئەم ڤایرۆسە دەست کرد نیە و لە بازاڕەکانی فرۆشتنی خواردنی ئاژەڵی لە ووهان لە ئاژەڵەوە گواستراوەتەوە بۆ مرۆڤ؛ بەڵام لە بارودۆخی وا لایەنگرانی بیردۆزی پیلانگێری روو لە زیادبوون دەکات، گەیشتۆتە رادەیێك و دورر لە هەموو جۆرە مەنتیقێك و بنەمای زانستی هەندێك پێیان وایە ئەمە ڤایرۆس نیە بەڵکو ئەمە جۆرێکە لەغاز وڵاتانی زلهێز بلاویان کردۆتەوە .

- ئەم بەلاڕێبردنە و چەواشەکاریە دەبێتە مایەی ئاڵۆز کردنی کێشەکە هەم لە دەستنیشانکردن وە هەم لەدۆزینەوەی چارەسەر .

- قەیرانی کۆرۆنا پاش شەری جیهانی دووەم مەترسیدارترین قەیرانە روبەرووی جیهان بۆتەوە کە کومەڵگاکانی رادەچڵەکێنی، بۆیە ئەو پرسیارەمان لەلا دروست دەبێت : ئایا جیهان پاش کۆرۆنا بە هەمان شێوازی خۆی دەسورێتەوە یان ئەو ڤایرۆسە رێرەوی مێژوو دەگۆردرێت ؟

- جیهان بە روبەروبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە دەکەوێتە دووریانێکی مێژوویی ، وە لەم روبەرووبونەوە هەر سەردەکەوێت و ڤاکیسنەکە دەدۆزێتەوە، بەڵام ئەگەر زوو نەدۆزرایەوە و بووە مایەی مردنی بەشێکی زۆری مرۆڤ وەکو نەخۆشی تاعونی رەش (یان مردنی رەشBlack Death ) کە لە نێوان ساڵی١٣٤٧ تا ١٣٥٢ لە کیشوەری ئەوروپا بلاوبۆوە و بووە مایەی مردنی ١/٣ دانیشتوانی ئەو کیشوەرە ( دەگوترێت ٢٥ ملیۆن کەسی کوشتوە و لە ئاسیاش هەمان زیانی هەبوە ) ، ئەو کات دەرگا والا دەبێت بۆ هەموو جۆرە گۆڕانکاریەك بەتایبەتی لایەنەکانی سیاسی ، ئابوری ، عەسکەری و کۆمەڵایەتی ، هەموو ئاماژەکان پێمان دەڵێن کە جیهان پاش کۆرۆنا هەمان جیهانی پێش کۆرۆنا نابێت .

گومانی تێدا نیە کە سیستەمی جیهانی دروست بوی پاش شەڕی جیهانی دووەمە و چیتر گونجاو نیە بو قوناغەکانی داهاتو،و قەیرانی کۆرۆنا بەشێکی بەرچاوی ئەم سیەستەمە دەگۆرێت. پرسیاری زۆر دروست بوون وئەو پرسیارانە سیمای قۆناغەکانی داهاتوو دەستنیشان دەکات، لەهەموویان گرنگتر ( ئازادی تاکەکان وماڤی مرۆڤ ، جیهانگەری ، ئایندەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بیرو بروای ئاینی، لیبرالیەت و تاکەگەری ، سەروەری ووڵاتان ، ریزبەندی بایەخی دەوڵەتان و گۆرانکاریە ژینگەییەکانی جیهان) ، و زۆر پرسیاریتر .لەوانەیە بەشێك لەو گورانکاریەکان زوو بەدەرکەون

وەکو هەڵبژاردنەکان نزیکترینیان هەلبژاردنی سەرۆکی ئەمیرکا کە لە ٣ نوڤیمبەری ٢٠٢٠ دەکرێت لەم هەڵبژاردنە بابەتی تەندروستی گشتی دەبێنە یەکێك لە بابەتە گرنگەکان کە مشتومڕی زۆری لێ دەکەوێتەوە، بە دڵنیاییەوە دیموکراتەکان لەسەر ئەو وتەرە ئیش دەکەن کە سەرۆك ترامپ یاسای بیمەی تەندروستی دەرچووی سەردەمی ئۆباماى هەڵوەشاندەوە، هەروەها ئەمریاکای لە ڕێکەوتنامەی پاریس سەبارەت بە گەرمبونی گۆی زەوی (global warming) کشاندەوە .

سیستەمی لیبراڵی دەمێنێتەوە، چونکە تاکو ئێستاش هیچ ئاڵتەرناتیڤێکی باشتر نیە؛ بەڵام دەستکاری دەکرێت کە زیاتر بایەخ بە مافی کۆمەڵگایەکان دەدرێت و ئازادیەکانی تاك سنورداردەکرێن ، بەڵگەشم بۆ ئەمە پێش چەند هەفتەیێك لە خەیاڵی کەس نەبوو کە قەدەغەکردنی هاتوچۆ و ڕاگەیاندنی باری نائاسایی بکرێت و لەشکری ووڵاتان بێنە نێو شەقام و کۆڵانەکانی شار بۆ سنوردارکردنی بچوکترین مافی مرۆڤ و نەکەس وە نە هیچ ئۆپۆزسیۆنێکیش نەیێتە دەنگ .

لە لایەکیترەوە و لەبەر ئەوەی ئەم نەخۆشیە لە صین سەریهەڵدا و ئەو دەوڵەتە لاپەرەکی دەوڵەمەندی هەیە لە سەرکوتکردن جیهان و ڕێکاری پێویستی وەرنەگرت لە کاتی بلاوبونەوەی ئەو ڤایرۆسە هەرچەندە دکتۆرێك بەناوی (لی وین لیانگ) زوو ئاگاداریکردنەوە؛ بەڵام لەبری وەرگرتنی ڕێکاری گونجاو هەڵسان بە زینداینکردنی ئەم دکتۆرە ، بۆیە پرسیارێك دێتە پێشەوە پرەنسیپی سەروەری ووڵاتان وەکوخۆی بمێنێتەوە یان ولاتان مافی دەستوەردانیان هەبێت بەتایبەتی کە قەیرانی ئەو ووڵاتانە کاریگەری لەسەر چارەنووسی ووڵاتانی تر هەیە ، هەر بۆیەش سیستەمەکانی پاراستنی سنورەکان و گواستنەوە نێوانیان بەتایبەتی فرۆکەخانە دەگۆڕدرێت و دوور نیە هەندێك لە یەکێتیە جیهانیەکان وەکو (یەکێتی ئەوروپا) بەم شێوەیە نەمێنێت بەتایبەتی لەبواری ڤیزەی شینگن .

بەهەمان شێوە ئایندەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەم جۆرەی ئێستا دەکەوێتە ژێر پرسیار کە بەم شێوە ناتوانێت جیهان بەڕێوە ببات و ببێتە حکومەتێکی جیهانی لەوانەیە پێویستی بە سەرلەنوێ دارشتنەوە هەبێت ودەسەڵاتەکانی نێوان ئۆرگانەکانی بگۆڕدرێت، هەر هیچ نەبێت ئۆرگانەکانی ئەم دامەزراوە بەتایبەتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی پێویستی بە پێداچونەوە هەیە.

گفتوگۆ لەسەر تفسیراتی ئاینی ڕوو لە زیادبوون دەکات ، ئەوانەی لایەنگیری ئاینن پشت بە بێتوانایی یان دواکەوتنی زانست ودەوڵەتە زلهێزەکان لە دۆزینەوەی پێکووتە (ڤاکسین) دەکەن و داواکار دەبن زیاتر گەڕانەوە بۆ ئاین و بۆ زیاتر عبادەتی خوا بکەن کەتاکە پەنایە بۆ مرۆڤایەتی و کۆرۆنا جەبەروتی هەموو دەوڵەتە زلهێزەکانی و ئەو شارستانیەتەی شکاند ، لایەنێکیتریش زیاتر ئاماژە بەوە دەکەن پەرستگەکەرەکانیش، مەککە ، قدس، فاتیکان کربلاو و قومیش داخران و دوعاو وعبادەتیش نەیانتوانی مروڤایەتی لەم ڤایرۆسە کوشندەیە بپارێزن و زیاتر داوای بەکارهێنانی گەشەپێدانی زانست دەکەن وەکو تاکە چارەسەر، ولەوانەیە ئەنجامی دەست شوشتن لە ڕکاعەت باشتر بێت و وتەی (انا رب الابل وللکعبە ربها) ئەو بەهایەی نەما .

گەورەترین گۆرانکاری بەسەر ژیانی کۆمەلایەتی خەڵك دەبێت بە تایبەتی ئەگەر ماوەی گەرنتینەی ماڵ درێژە بخایەنی لەبەر نەبونی یان کەمکردنەوەی پەیوەندی کومەڵایەتی نێوان خەڵك چ لە نەدیتنی یەکتر لە دانیشتنی تایبەتەکان یان و لە بونەکان (خوشی وناخوشی )، بەڵام و بەداخەوە وەکو هەمیشە خەڵکی هەژار زیاتر لە هەموو چینێك زیانیان بەردەکەوێت و ئەگەر بارودۆخەکە وا بڕوات بۆ ماوەیەکی درێژ، ئەستەم دەبێت ئەم چینە پابەند بن بە ڕێنمای دەربچن بویە بارودۆخەکە زەحمەتردەبێت، وە ئەگەری زیادبوونی تاوان ئەگەرێکی بەهێزە .

بە کورتیەکەی ئازادی تاکەکان و مافی مرۆڤ ڕوو لە لە تەسك بونە و ئەم شارستانیەتە بەرزەی مرۆڤایەتی وەکو خۆی نامینێت، بەڵام بێباکی مرۆڤیش بۆ تەندروستی گشتی و پاراستنی ژینگەش وەکو خۆی نامینێت.هیوادارم جیهان دەست پێبکات لە دارشتنەوەی سیاسەتێکی هاوبەش بۆ چارسەرەکردنی کێشە هاوبەشەکان ( ژینگە و تەندروستی گشتی...) و بەرێوبردنی سەرچاوە سەرەتایەکانی جیهانی بە شێوازێك کە بۆ درێژترین ماوە پارێزراوبیت ( وەکو پەترۆل).

ئەوروپا پێویستی بە ۲۰۰ ساڵی بو پاش (مردنە رەشەکە ) تاکو مروڤایەتی گەیشتەو رادەی خوی ، بەڵام بۆ قەیرانی کۆرۆنا کەس نازانێت زیانەکانی چەندن وچەند ساڵمان پێویستە تاکو دەگەرێینەوە بو دۆخی جاران ، دڵنیام کە مرۆڤایەتی پێویستی بە ۲۰۰ سال نیە ئەم جارە ، چونکە جیهان لە پێشکەوتنێکی زۆر گەورەترە وزۆر زوتر چاك دەبێتەوە، بەلام گومانیشم لەوە نیە کە ئاسەواری زۆر گەورە دەبن و کاتێکی باشیشی دەوێت تاکو ئەم ئاسەوارە نەمینێت، هیوای سەلامەتی بو هەمو لایەك.

هەولێرنامەی کتێب

# ڤایرۆسی کۆرۆنا و بۆچونێکی زانستی

د. سامالٚ مانیی

٢٠٢٠/٣/٢٧



ئەمەوێت ئەو بۆچوونە/ گریمانە زانستیە لەسەر ڤایرۆسەکە ڕوون بکەمەوە کە لە بەریتانیا خراوەتە ڕوو، گومانەکانیشی لەسەر دەرخەم. ئێمە لە بەریتانیا، هێشتا لە جێبەجێکردنی پلەی یەکی ڕێنماییەکانداین سەبارەت بە خۆ پارێزی لە ڤایرۆسی کرۆنا - کۆڤید١٩، ئەمە لەبەر ئەوەیە کە ڤایرۆسەکە درەنگتر گەیشتۆتە بەریتانیا، ئەمە واتە لە دوای کوردستانەوەیەن لە پلەی ڕێنمایەکاندا، پلانی پلە دوو بەڕێوەیە بە سوود وەرگرتن لەو وولآتانەی کە پێش ئێرە مامەڵەیان لەگەڵ خۆپارێزی و ڕێگرتن لە ڤایرۆسەکە کردوە و زانیاری تایبەت بە ڤایرۆسەکە دەگەیەنن.

بەڵام لە ئێستاوە پلانی پلە دووی خۆپارێزی دانراوە کە بریتیە لە زیادکردنی خۆپارێزیەکە. تا ئێستا داخستن و ڕاگرتنی بۆنە قەرەباڵغەکان و نەچوونە شوێنی قەرەباڵغی و دەستشتن بە سابون بۆ ماوەی ٢٠ چرکە و بەکارهێنانی دەمامك و دەستکێش، هتد. لە ڕێنمایی پلە دوودا، گرنگترینیان پارێزگاری تایبەت بە ئەوانەی نەخۆشی شەکرە و دڵ و سییەکانیان هەیە، هەروەهاش ئەوانەی تەمەنیان لەسەروو (٧٠) حەفتا ساڵیەوەیە، ئەو تەمەنە بە فەرمی لە یەك دوو هەفتەی ئایندەدا داوایان لێدەکرێت کە خۆیان کوارەنتین بکەن و لەماڵەوە نەچنە دەرەوە بە هیچ جۆرێك. ڕێژەی بەتەمەن زۆرە لە بەریتانیا و ئەورووپا و بەڵام هەمویان پارەدار نین و ناتوانن بە ئۆنلاین بازاڕ بکەن، هەر ئەوەش یەکێك لە هۆکانی کەم بوونەوەی خواردنە لە سوپەرمارکیتەکاندا، کڕین و خەزنکردنی ئەوەی پێویستە بۆ

چەند مانگی داهاتوو لەبەر نەچوونە دەرەوەیان، هەروەها لە ئێستادا کارتی یارمەتیدانیان بۆ دەخرێتە ماڵەکانیانەوە، بۆ بازاڕ بۆ کردنیان وەکو یارمەتی گەر پێویست بکات.

یەکێکیتر لەو گریمانە و ئیحتیمالانەی سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی تەشەنەی ڤایرۆسەکە کە باس دەکرێت لەسەر ئاستی زانستی، ناوەرۆکەکەی بەم جۆرەیە: ئەگەر ماوەیەك بەسەر هەبوونی ڤایرۆسەکە تێپەڕێت لەناو خەڵکدا، ئەوانەی کە دەیگرن و چاك دەبنەوە ئیتر لەشیان مەناعە(دژە ڤایرۆسەکە) دروست دەکات وخۆیان جارێکیتر نایگرنەوە. ئەگەر بێتو ڕاژەی ئەوانەی کە دەیگرن و چاکدەبنەوە بگاتە لە سەدا شەست ٦٠٪ ی دانیشتوان یان ٦٦٪ لەسەدا شەست و شەش (ئەو لەسەدا ٦٦ یان دواتر ئیزافە کرد)، ئەوە مانای وایە ئەو ڕێژەیە لە دانیشتوان ئیتر توشی ڤایرۆسەکە نابنەوە و لەبەر ئەوەی توشی نابن ئیتر ئەو ڕێژەیە لە دانیشتوان/هاوڵاتیان ڤایروسەکە نایگوێزنەوە بۆ ئەوانیتر. سەرەنجام: ئەوە دەگەیەنێت کە ڤایرۆسەکە کۆنترۆڵ دەکرێت و تەنها لە نێوان لەسەدا چل ٤٠٪ ی دانیشتواندا ئیحتیمالی ئەوەی هەیە ڤایرۆسەکە بگوێزرێتەوە بەناو خۆیاندا.

بۆ کەمکردنەوەی ئەو لە ٤٠٪ ی کە موحتەمەلە ڤایرۆسەکە بگوێزنەوە لەناو یەکتریدا، بڕیاری ئەوە دراوە کە ئەوانەی نەخۆشیان هەیە خۆیان کرەنتینە بکەن لە ماڵەوە، هەروەهاش ئەوانەی سەروو (٧٠) ساڵن نابێت لە ماڵەوە بێنە دەرەوە هەتا ڤایرۆسەکە کۆنترۆڵ دەکرێت، ئەمە لەبەر ئەوەی ئەگەر کەسێکی ٧٠ ساڵان و سەرووتر یان کەسێك کە نەخۆشی هەبێت توشی ڤایرۆسەکە ببێت ئیحتیمالی ئەوەی هەیە بە ڤایرۆسەکە یان لەبەر هۆی نەخۆشیەکەیتری و ڤایرۆسەکە پێکەوە، ببێتە هۆی ژیان لەدەستدانیان.

ئەوە بە کورتی بۆچونە/ گریمانە زانستیەکەیە کە خراوەتە ڕوو، لە ڕووی ژمارە و ڕێژەوە، قابیلی پەسەندکردنە لای هەندێك، بەڵام گومانی لەسەرە، هەم لە ڕووی تێڕوانینەکەوە و هەم لە ڕووی ئیشکردنی ئەو بیرۆکەیە. هەندێکی ئەو گومانانە دەخەمە ڕوو: لەڕووی تێڕوانینەکەوە: بە کورتی، تێڕوانینەکە بەوە وەردەگیرێت کە لەسەدا شەستی هاوڵاتیان دەکات بە مشکی موختەبەر/تاقیگە و چاوەڕێی سەرەنجام دەکات، هانیان دەدات توشی ڤایرۆسەکە بن بۆ ئەوەی مەناعەیان هەبێت لە داهاتوودا. پەسەند کردنی بیرۆکەکە وادەکات خەڵێکی زۆر هانبدرێت بۆ خۆ کوشتن؛ لە ڕێی خۆ ئیهمالکردنەوە بچن بەرەو پیری مەرگەوە. لەڕووی ئیشکردنی ئەو بیرۆکەیەوە: هیچ گەرەنتیەك نیە لەوەی هەرکەس گرتی ئیتر جارێکیتر نایگرێتەوە، چونکە جۆرەکانیتری ڤایرۆس و لە هەمان خێزان وەکو فلو/ ئەنفلەوەنزا، یان هەڵامەتی قورس، بەلای کەمەوە هەمان کەس لە ژیانیدا چەندین جار دەیگرێتەوە. هیچ گەرەنتیەك نیە لەوەی هیچ کام لەو ٦٠٪ یان ٦٦٪ دەی کە باسیان دەکرێت گەر توشی ڤایرۆسەکە ببن هەمویان چاکدەبنەوە. لەبەر ئەوەی کە تا ئیستا دەرکەوتووە، کەسانی زۆر بە ڤایرۆسەکە مردوون کە هیچ کێشەی نەخۆشیتریان نەبووە، هەندێك گەنج بوون و نێر و مێ ی مرۆڤ ژیانیان لەدەستداوە بە ڤایرۆسەکە. ئەم ڤایرۆسە گەرچی لە خێزانی کۆمەڵە ڤایرۆسێکە کە بە ‹کۆرۆنا› ناوزەند کراوە، بەڵام ڤایرۆسێکی نوێی ئەو تیپەیە وجگە لە خەسڵەتی هاوبەش، خەسڵەتی خۆی هەیە کە جیاوازە، ئەمە وادەکات بە تەواوی لەیەکچوو و هاوچەشنی ئەوانی پێشوتر وەرنەگیرێت و بەتایبەتمەندیەکەی خۆیەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. بە پێی زانیارییەکان تا ئێستا وا دەردەکەوێت هەر کەسێك لەو ٦٠٪ ، بۆ نموونە؛ ئەگەرنەخۆشی شەکرە و دڵ و سی و هەندێك نەخۆشیتری هەبێت ڤایرۆسەکە لەوانەیە کۆتایی بە ژیانی بهێنیت، ئەمە جگە لەوانەی کە تەمەنیان لەسەرو حەفتا ساڵیەوەیە لەوانەیە بەرگەی ڤایرۆسەکە نەگرن. لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە، پشت بەستن بە بیرۆکەکە وا دەکات پشتی لێ بکەنەوە، پەلە نەکرێت لە دۆزینەوەی هیچ ڤاکسین و دەرمانێك لەلایەك و لەلاکەیتریشەوە خەڵکی ڕێنمایەکان ئیهمال بکەن و ببێتە هۆی کارەسات، لەناوبردنی ڕێژەیەکی زۆر لە دانیشتوانی هەر وولاتێك. بە ڕای من باشترین چارەسەر ئەوەیە کە تەنها پلان دانانی خۆپارێزی و ڕێگری لە تەشەنەکردن نەبێت بە مەبەستی هەتا هەتایی، ئەی دوای مانگ و دوو مانگ چی بکەین بەرامبەر بەو ڤایرۆسە؟ ئەوانە دوو پلانی سەرەتایی و ئیدارین و گرنگن و حکومەتەکان باش کار و هەوڵ بۆ جێبەجێکردنی دەکەن.

بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە هەر ئەوەیە کە ڤاکسین و دەرمانی چارەسەر بۆ ڤایرۆسەکە هەرچی زووترە دروستبکرێت، لە ڕاستیدا ئەوا بۆ سێ مانگ زیاترە ئەم ڤایرۆسە لە ئارادایە، دۆزینەوەی دەرمان زۆر دواکەوتوە، جێی ڕەخنە و سەرنجە لای زۆربەمان. حکومەتەکان زیاتر سەرقاڵی پلانە ئیداریەکانن بۆ خۆپارێزی و ڕێگری لە تەشەنەکردنەکەی، بەڵام زاناکانی کە لەسەر ڤایرۆسەکە ئیش دەکەن نە دەرس دەڵێنەوە و نە هیچ، ئیشیتریان نیە و کاتیان بەتایبەت تەرخانکراوە بۆ ئەوەی دەرمانێك بدۆزنەوە بۆ ڤایرۆسەکە، لام سەیرە هێندە دواکەوتوون.

هێشتا پێویستیمان بە زانیاری زیاتر هەیە سەبارەت بە ڤایرۆسەکە، پێم وایە هەر کەمی ئەو زانیاریانەشە کە بۆتە هۆی دواکەوتنی دروستکردنی دەرمانێك بۆ ڤایرۆسەکە. ئەوانەی کە پێیان وایە ئەو گریمانەی لە ٦٠٪ و ٦٦٪ کە ئیش دەکات لەبەر ئەوەی لە رووی لۆجیکیەوە لای هەندێك زانا پەسەندە، با ووردبینی لە پێکهاتەی داتاکان بکەن. لۆجیك بەوە پەسەند ناکرێت تەنها ژمارە و رێژە بێت ، بەڵکوو بەوەی چی دەخرێتە ژمارە و رێژەکەشەوە. گەر رێژەیەکیش مەناعەی لە لەشدا دروست ببێت لەو رێژەیە زۆر زۆر کەمترە کە ئەوان دایاننا‌وە، ئەووش سەرەنجامەکەیان وپشت پێبەستنەکەیان لاواز دەکات. لەبری ئەوە با پشت بە چارەسەرێك ببەستین کە گەرەنتی زیاتری تیا بەدەی دەکرێت؛ ئەویش ڤاکسین و دەرمانە، ئەمیان ئیش دەکات و دەکرێت پشتی پێ ببەسترێت. گەر لەداهاتوودا بۆمان دەرکەوت هەندێك لە هاولاتیان ڤایرۆسەکەیان گرتوە و چاك بوونەتەوە و مەناعەتیکی وایان دروست کردوە دژ بە ڤایرۆسەکە کە هەرگیز جارێکیتر لە داهاتوودا نەیگرنەوە، رێژەیان هەتا دێت زۆرتر بوو و گەیشتە ٦٠٪ و ٦٦٪ و زیاتریش لە هەر وولاتێك ؛ ئەوا هیچ زەرەرێکمان نەکردوە، بەلام ئەوە تەنها لە داهاتوودا دەبینرێت پاش ئەوەی چارەسەرمان بۆ ڤایرۆسەکە دۆزیەوە.

چەند هیوایەك دژ بە ڤایرۆسەکان

ئەوەی پێشتر ئاماژەم پێدا دژ بە جێبەجێکردنی پلانی لە ٦٠٪ ی (هێردڵ ئیمیونیتی- بە کۆمەڵی چون بەرەوپیری ڤایرۆسەکە) بوو، کە سەرۆك لیژنەی زانستی سەربە حیزبی کۆنپاریز(کۆنسەرڤاتیف) کە لە ئێستادا بەریتانیا بەرێوە دەبات، دەیانەویست بیسەپێنن بەسەر هەموو ئەوانەماندا کە بەریتانین، ئەو پلانە جگە لەوەی ‹بە حیزبی کردنی زانست› بوو، کەمتەرخەمی و بێ خەمی بوو.

من ئیش و لێکۆڵینەوە لە فەلسەفەی زانست دا دەکەم و لەرووی فەلسەفەی زانستەوە ئەو وتارەم نوسی کە دژ بەو پلانەی ٦٠٪ بوو؛ وتارەکەم دژ بە زانست نەبوو. نە من و نە هیچ کام لەوانەی کە دژی پلانی ٦٠٪ وەستاینەوە لە بەریتانیا، کەسمان دژ بە زانست نین. بەڵکوو هەموومان دژ بەو پلانە بە حیساب ‹زانستی›یە بووین کە هەندێك بنەمای زانستی وهەندێك بەکارهێنانی رێژە وئامار لە ئارگیومەنتێکی خراپدا گونجێنرابوو لە سوود و بودجەی حیزبێك و کابینەی حکومەتێکدا. وەکو باسم کرد ئەو پلانە پر بوو لە کێشەی تێروانینی مۆرالی و بەکەم گرتنی بەهای مرۆڤ، هەروەهاش لە کەموکورتی زانیاری ، جگە لەوەی لە بنەمای ئارگیومەنتەکەشیدا کەم وکورتە و سەرەنجامەکەی جێی متمانە نەبوو. پاش ئەوەی زۆرمان دەنگمان بەرز کردەوە دژ بە پلانەکە، لە شەو ورۆژێکدا سەرۆك ومزیرانی بەریتانیا کە پلانی ٦٠٪ ی کردبوو بە ‹پلانی زانستی›، بە ناچاری( ٣٦٠دەرەجە) بایدایەوە و لە جێی ئەوەی پلانی ٦٠٪ دابەزینێت و پالی لێ بەنەوە، وا ئێستا پلانی یەك و دووی › خۆپارێزی و پارێزگاری لە هەموو دانیشتوان‹ ی خستە جێبەجێکردنەوە، ئیتر خەڵك لەماڵەوە ئیش دەکەن و تێکەڵ بوون لە شارەکاندا قەدەغەکرا و لەندەن وەکو رۆما چۆڵە، زۆربەی وێستگاکانی هاتوچۆ دادەخرێن و مەکتەبەکان داخران و هەموو شوێنی کۆبوونەوە و بۆنە و رابواردن و یاریەکان داخران ، ئەووشی کە نەکراوە لەم یەکدوو رۆژەدا دەکرێن. ئەمە تا ئێستا باش رۆییوە و هەموو

پابەندین بە پلانی یەکەمی خۆپارێزی و پلانی دوەم کە کەمکردنەوە و ڕاگرتنی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکەیە، جێبەجێی ئەکەین و نامانەوێت کەس بکەینە قوربانیی و مشکی موختەبەر بۆ ساغکردنەوەی گریمانەکان، لە کاتێکدا کە بە سروشت هەموو گریمانەیەك کەموکوڕی هەیە هەتا دەخرێتە هەڵسەنگاندن و ڕاستیی سەرەنجامەکەی ساغ دەکرێتەوە.

لێرەدا دەمەوێت باس لە هیواکان بکەم لە جەنگی دژ بەم ڤایرۆسە جیهانیە. مەبەستم تەنها لە رووی مەعنەوییەوە نیە و تەنها مەبەستم لە دەرخستنی جوانیەکانی هێزی ئیشکردنی مێشك و لەشی مرۆڤ نیە کە زۆر سەرنجم ڕادەکێشێت، سەربارى لاوازیەکانی بۆ ڤایرۆس و میکرۆب و نەخۆشی و ئازار و پیری و مردن و هتد لەو کەموکوڕی و لاوازییانەی لەشی مرۆڤ بە نێر و مێیەوە هەیەتی. بەڵکو دەمەوێت بڵێم هیچ کام لەو کۆمەڵگە بە سنور دارێژراوانەی کە هەمانن لەسەر نەخشەی زەویدا جیای نەکردوینەتەوە وەکو مرۆڤ، وەك دەبینن پێویستمان بە یەکترە بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو دوژمنانەی کە نایانبینین؛ یەکێك لەوانە ڤایرۆسە. لە هەر وڵاتێك بژین بە تەنیا نین، هیچ وڵاتێك بە تەنیا ناژی لەسەر ئەم زەویە گەرچی سیاسەتێکی دابڕا و زۆر توندوتیژیشی هەبێت و بیەوێت بە جەنگی گەرم وسارد خۆی جیا بکاتەوە لە وڵاتانیتر.بمانەوێ و نەمانەوێت پەیوەندیمان بە یەکەوە هەیە نەك هەر لە رووی ئابووری و بازرگانی و پەیوەندیە سیاسی و دیبلۆماسیەکان، بەڵکوو لەرووی ئاڵوگۆڕی زانستی وفەلسەفی وئاڵوگۆڕی تیۆریەکاندا. ئەم پەیوەندیەی دواینە لای من زۆر گرنگە و زۆر بە روونی بۆ هەموان دەرکەوتوە لەم رووبەروو بوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنایە کە بە کۆڤید ١٩ ناونراوە. هەروەك لە پێشتریش هەمان پەیوەندیەکانی بواری زانست و فەلسەفە و ئاڵوگۆڕکردنی تیۆریەکانە کە سوودیان لێوەرگیراوە لەکاتی کارەساتە جیهانیەکان و ڤایرۆس و پەتا جیهانیەکاندا، گرنگ نیە چۆن هێڵی سنورەکان کێشراون لە نێوانماندا، ئێمە ئیشەکانمان لەو دیوی سنورەکانەوەیە وبەناو هەموو سنورەکاندا تێدەپەڕێت.لەم کاتەدا لە ڕێی بەکارهێنانی ئەزموونی پێشینەوە دژ بە ڤایرۆسەکانیتری لەمەوبەر، لەگەڵیدا ئەو زانیاریانەی کە دەستمان دەکەون لەو وڵاتانەی کە ڤایرۆسەکە زیاتر بەکارە ، لەوێ - لە چین و ئیتالیا و ئێران- کەموزۆر داتا و زانیاریەکان بڵاودەکرێنەوە و دەگاتە دەستمان و ئێمە شیکاریان بۆ دەکەین و ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت کە ڕێژەی متمانەکردن چەندە بە هەر جۆرە پلانێك کە دروستی دەکەین.

تا ئێستا هەردوو پلانی یەکەم و دوەمی دژ بە ڤایرۆسەکە (ئەوەی کە دەکرێت لە کوردستان و ئێستا لە بەریتانیا و ئەوروپا) لەو وڵاتانەی کە لە دوای چین و ئێران و ئیتالیا ڤایرۆسەکەیان تیا بڵاوبۆتەوە، باش ئیش دەکات بۆ ڕێگرتن لە بەرزبوونەوەی ئاستی توش بوون و لەگەڵیدا ڕێگرتن لە گواستنەوەی بۆ زۆرینەی هاوڵاتیانی ناو هەر سنورێك؛ ئەمە پشتبەستنە بە ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریەکان و گریمانە زانستیەکان و تیۆریەکان و شیکاریکردنیان .لەگەڵ ئەمانەدا، دوو هیوایتر هەن کە دەمەوێت سەرنجی بۆ ڕابکێشم: یەکێکیان دووردەست نیە، وا دەستمان بە بەکارهێنانی کردوە و سوودبەخشە بەرامبەر بە ڤایرۆسەکە، یەکێکیتریان بەرێوەیە.لە پێشدا باسی ئەو هیوایەیان ئەکەم کە بەرێوەیە، ئەویش دۆزینەوەی دەرمانی چارەسەری و ڤاکسینە، نابێت ئەوە لەبیر بکرێت. بۆ بەدەستهێنانی ئەم هیوایە، بەهەزاران پرۆژەی زانستیی لە وڵاتانی جیا جیا ی ئەوروپا و ئەمەریکا و روسیا و چین دوو سێ مانگێکە دروست بوون، بەتایبەتی لەم مانگەدا و بە بودجەی زۆرەوە خەریکی دۆزینەوەی ڤاکسین و دەرمانن، ئەمانە لە کێبڕکێدان نەك هەر لەبەر مەسەلەی مرۆڤایەتی و یارمەتی، بەڵکو لەبەر پارە و قازانجی خەیاڵیی لە فرۆشتنەکەیدا و لەبەر ناوبانگی ‹فریاد ڕەسی مرۆڤایەتی› لە ناو وڵاتانیتردا. تا ئێستا ٣٥ جۆری ڤاکسین لە تاقیکردنەوەدایە. لەبەر ئەوە هەر چەند مانگێکیتر

دەبیستن کە ڤاکسین یان چارەسەر دۆزراوەتەوە. ئەو هەواڵە ئەوکات یەك ڕۆژنامە و دووان بەشەرمەوە باسی ناکەن، بەڵکو وەکو چونە سەر مانگ هەواڵەکەی دەتەقێتەوە بەسەر زەویدا.

دووەم هیوا دژ بە ڤایرۆسەکە، ئەمیان چیتر دووردەست نیە و دەستمان بە بەکارهێنانی کردوە، بەتایبەتی دەمەوێت سەرنجی بۆ ڕاکێشم لە ئێستادا بۆ نموونە: ئەوانەمان تا ڕادەیەك یەکلا کردۆتەوە کە کام نەخۆشییتر کاریگەری ڤایرۆسەکە سەختتر دەکات لای هەڵگرانی ڤایرۆسەکە، ڕێگاکانی چۆنیەتی کەمکردنەوەی کاریگەریی ڤایرۆسەکە لە لەشی ئەوانەی کە هەڵگری ڤایرۆسەکەن لە ڕێی چۆنیەتی چارەسەرکردنی هەر یەك لەوانەی کە ڤایرۆسەکە دەگرن، چۆنیەتی کەم کردنەوەی ئازار لای توشبوی ڤایرۆسەکە، هەروەهاش خێراکردنی چاکبوونەوەی نەخۆشەکە لە کاریگەریی ڤایرۆسەکە. هەموو ئەمانە هیوابەخشن لەم جەنگەماندا دژ بە دوژمنە نەبینراوەکانمان، ڤایرۆسەکان.

بۆچی ئەمەم ناوناوە ‹هیوا دژ بە ڤایرۆسەکە›؟ چونکە خۆی لە خۆیدا بەشێکە لە دۆزینەوەی چارەسەر. نەك هەر لەبەر ئەوەی کە لە ئێستادا بەکاردەهێنرێت و سوود بەخشە پێش دروستکردنی ڤاکسین و دەرمانی چارەسەری یەکجاریی ڤایرۆسەکە؛ بەڵکوو لەهەمان کاتدا ئەوە خۆی بەشێکە لە دۆزینەوەی چارەسەری تەواویی بۆ ڤایرۆسەکە.

لەبەر ئەوەی هەموو ئەم پلانانە بۆ خۆپارێزی و هەنگاونان بۆ کۆنترۆڵکردنی و چۆنیەتی کەم کردنەوەی ئازار و کاریگەریی ڤایرۆسەکە و زوو چاککردنەوەی هەڵگرانی ڤایرۆسەکە و هەرهەموویان قۆناغەکانی دۆزینەوەی چارەسەری یەکجارین، پێکەوە ئیش دەکەن لە یەك تاقیگەی زانستیی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا؛ بەشێکن لە موختەبەرە گەورەکەی کە تیا دەژین- سەرزەوی و پێکەوە ژیان. زانیاریەکان و دۆزینەوەی کێ تا چەند ڤایرۆسەکە کاریگەریی دەبێت لەسەری؟ دۆزینەوەی چۆنیەتی کەمکردنەوەی کاریگەریی ڤایرۆسەکە لەناو ئەوانەی کە هەڵگری ڤایرۆسەکەن؟ دۆزینەوەی چۆنیەتی خێرا چاککردنەوەی توشبووی ڤایرۆسەکە؟ هەر هەمویان بەشێکن -یان یاریدەدەرن /ئەکسیلەرین- لەو پرۆژە زانستیانەی کە دەیانەوێت لە ڕێی گریمانەکانەوە ڤاکسین و دەرمانی یەکجاری بۆ ڤایرۆسەکە بدۆزنەوە. ئەمانە ئەو هەنگاو و پلانە قۆناغییانەن کە دەمانکات بە براوەی ئەم جەنگە دژ بە ڤایرۆسە نەبینراوەکان.

# جێندەر: ئامارەکانی توندوتیژیی خێزانی لەزیادبووندان



**د. نەزەند بەگیخان**
٢٠٢٠/٣/٢٨

نزیکەی چوار مانگ و نیو بەسەر دەرکەوتنی یەکەمین حالەتی تووشبوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید-١٩) دا تێپەڕیوە و ئەمڕۆ ڤایرۆسەکە لە هەموو وڵاتانی جیهان بڵاوبۆتەوە. هەر لەسەرەتای کەرەنتینە و خۆخزاندنە ناوماڵ وەك باشترین چارەسەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسەکە، یوئێن و پسپۆڕ و توێژەران نیگەرانیی خۆیان دەربڕی بەرامبەر بە دەرهاویشتە ترسناکەکانی ئەم دۆخە لە زیادبوونی توندوتیژیی خێزانی، بە تایبەتی بەرامبەر ژنان و منداڵان.

ئەمڕۆ لە رۆژنامەی زە گاردیەنی بەریتانی هەندێ ئامار راگەیەنراون و پیشانی دەدەن کە توندوتیژی لەناو خێزان و بەرامبەر ژنان لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا زیادی کردووە. راپۆرتەکە هەندێ ئاماری بەرایی تایبەت بە وڵاتانی چین و یۆنان و ئیسپانیا و برازیل و دەخاتە روو؛ بۆ نموونە لە هەرێمی هووبەی کە یەکەمجار ڤایرۆسەکەی لێ بڵاوبۆوە، رادەی توندوتیژی سێ بەرامبەر زیادی کردووە. لە برازیل کەیسەکانی توندوتیژی بەرامبەر ژنان بە رادەی ٤٠٪ تا ٥٠٪ زیادیکردووە. لە کەتەلان هێڵی گەرمی تایبەت بە توندوتیژیی خێزانی بە رادەی ٢٠٪ زیاتر کەیسی تۆمار کردووە و لە قوبرسیش بە رادەی لە ٣٠٪. ئەمانە هۆشدارین بۆ ئەو مەترسییانەی ژنان (منداڵانیش) لەناو خێزان بەرەورووی دەبنەوە. لە کوردستانیش، ئەوەندەی من ئاگادارم بم، هیچ ئامارێکی فەرمی تا ئێستا رانەگەیەندراوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە توندوتیژیی خێزانی لەم ماوەیەدا رووی نەداوە.

لە رۆژی نەورۆز، ٢١ ی ئادار، کورتە وتارێکم لە کوردستان ٢٤ بڵاوکردەوە بەناوی کۆرۆنا و جێندەر. ئەو کورتە وتارە وەك پێشەکییەك و هۆشداری وابوو بۆ هۆشیارکردنەوەی رای گشتی لە بارەی ئەو دیاردەیە کە لە کاتی ئیمێرجنسی و پەتا و کارەساتە سروشتییەکان پشتگوێ دەخرێت. لە وتارەکە ئاماژەم بە راپۆرتەکانی یوئێن و ئۆکسفام و لانسێت دابوو و باسی ئەوەم کردووە کە پێویستە لە قۆناغی ئیمێرجنسی و عاتیفەی جەماوەر و پۆپیولیزم دەرچین و پلان و پرۆگرامی پەروەردەیی دەبرێژین بۆ دابینکردنی ئاسایشی ناو خێزان و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی جێندەری.

من ئاشنام بەو گوتارە دڵەکیی (عاتیفی) و پۆپیولیستەی کە دەڵێ لە کاتی کارەساتدا هەموومان بەرەنگاری مەترسی دەبینەوە و نابێ باسی ئافرەتان و دۆخی ئەوانە بکەین کە بە هۆی نایەکسانی و نادادوەریی کۆمەڵایەتییەوە لە دۆخێکی ناهەمواردان و زیاتر بەرەورووی سەرەنجامە خراپەکانی دۆخەکە دەبنەوە. راستە ڤایرۆسەکە جیاوازی نێوان ژن و پیاو نازانێ، تەنانەت هەندێ راپۆرتی بەرایی دەیسەلمێنن کە پیاوان زیاتر تووشی کۆرۆنا دەبن. بەڵام ئەوەی من باسی دەکەم پەیوەندی بە جیاوازیی سێکسییەوە نییە؛ مەبەستی من ئەوەیە کە پەتاکە بە تێکهەڵکێش لەگەڵ هەژاری و نایەکسانیی وداخران و پەراوێزکەوتن دۆخێك دروست دەکات کە ژنان تێیدا دادەبڕێن و لەم دۆخەشدا ئەگەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و هەراسانکردن زیاتر دەبێت. ئەو ئافرەتانە ناتوانن وەك جاران دەردی دڵی خۆیان لە لای هاوڕێ و کەس وکاریان دەربڕن، ناتوانن پەیوەندیی بە پۆلیس و

بەڕێوەبەرایەتییەکان و تەنانەت هێڵی گەرمی تایبەت بە توندوتیژیش بکەن، چونکە کات و شوێنی تایبەتییان نەماوە و ناوێرن لە ترسی ئەوەی پیاوەکان گوێیان لێ بێ و زیاتر هەراسان بکرێن. ئەو ژووری خود – ەی کە ڤیرجینیا وۆلف باسی دەکات، ئەمڕۆ بە تەواوی نەماوە و کچان و ژنان لە ناو خێزانەکان لە یەك کاتدا دابڕاون و لە هەمان کاتیش لە ژێر فشاردان.

ڕاپۆرتەکەی زە گاردیەن باسی ئەوە دەکات کە هەندێ لە ژنەکان دەچنە تواليتەکەیان و لەوێوە هەوڵ دەدەن تەلەفۆن بکەن و داوای بەهاناوەهاتن دەکەن. لە فەرەنسا، حکومەت بە فەرمی ڕایگەیاند کە ژنان دەتوانن لە ڕێگای دەرمانخانەکانەوە کاتێ دەردەچن بۆ کڕینی دەرمان داوای هاوکاری بکەن. دەرمانخانەکانیش ئاگادار کراونەتەوە کە لە کاتی داوای هاوکاری، دەبێ پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەن تا بە هانای ژنە هەراسانکراوەکانەوە بێن.

ئەمڕۆ کە هەموو ئەندامانی خێزان خزاونەتە ناوچوارچێوەی ماڵ و کەرەنتینەین، نەك تەنها ئەرکی ژنان زۆر لە جاران زیاتر بووە، بەڵکو حزوری بەردەوامی پیاو (مەبەستم هەموو پیاوێك نییە، بەڵکو پیاوانی توندوتیژ و ناهاوکارە) فشار و توندوتیژی دروست دەکات. با دۆخەکە وەك مەنجەڵی هەڵمپەست سەیر بکەین کە لەناوەوە فشارێکی زۆر هەیە و بەریەککەوتن و پێکداداان دروست دەکات و کە سەریشی هەڵدەدەیەوە، دەتەقێتەوە. جگە لەمە، ئەو پیاوانەی بەهۆی داخران و لە ماڵمانەوە تووشی خەمۆکی دەبن، هەروەها ئەوانەی دۆستیان هەیە لە دەرەوە (کە بەداخەوە توێژینەکان دەیسەلمێنن زۆرن) ئەمڕۆ لەبەر مەترسی کۆرۆنا پەیوەندیی سێکسییان کەمتر بووە لە جاران، ئەوە ناتوانن خۆیان کۆنترۆڵ بکەن و بەسەر ژنەکانیاندا دەتەقنەوە. زۆربەی ئەو توندوتیژییانەی لە ئامارەکانی لەسەرەوە باسم کردن، لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە ناهەموارە دروست بوون.

## پێویستە لەم بارودۆخەدا چی بکرێت؟

گومانی تێدا نییە کە سیاسەتمەدار و دام و دەزگا و ڕێکخراوەکانی تەندروستی هەموویان کاردەکەن بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە و پاراستی هاوڵاتیان. پسپۆرانی تەندروستی هەموو سەرقاڵن بۆ ئەوەی لە سروشتی ڤایرۆسەکە تێ بگەن و ماوە و چۆنییەتی گواستنەوە و کاتی پێکانی بزانن بۆ ئەوەی ڤاکسینێکی گونجاو لە دژی دابهێنن. لەبەرئەوەی بەهۆی نایەکسانی جێندەری و نادادوەریی کۆمەڵایەتی هاوڵاتیان هەموو وەك یەك ئەزموونی ئەو دۆخە ناکەن و ژنان بەرەورووی توندوتیژی و هەراسانکردن دەبنەوە، ئەوە پێویستە پرۆگرامی تایبەت بە پاراستنی ئاسایشی ناو خێزان و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دابرێژن.

لەو قۆناغەدا، گرنگە داتا و ئامارەکان هەرەمەکی ئەنجام نەدرێن، بەڵکو جیاوازی بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتیی (جێندەری) لەبەرچاو بگیرێت. ئەمە نەك هەر هاوکاریمان دەکات بۆ ڕاڤەکارییەکی جێندەری و زیاتر تێگەیشتنی دۆخەکە، بەڵکو یارمەتیمان دەدات بۆ دابینکردنی ستراتیژیی گونجاوتر بۆ خۆپاراستن و بەرەنگاربوونەوە. ڕێکخراوی تەندروستی تینك گلۆبەل لە ڕاپۆرتێکدا کە لە ٤ ی فێبرایەری بڵاوکراوەتەوە باسی ئەوە دەکات کە لە کاتی کۆکردنەوە وتۆمارکردنی داتاکان، پێویستە چەند پرسیارێك لەخۆمان بکەین:

١. ئایا کاریگەرییەکانی ڤایرۆسەکە بە پێی جیاوازیی بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتیی دەگۆڕێن؟
٢. کێن ئەوانەی کە ڕۆژانە لە خەستەخانەکان و لە ماڵەوەش نەخۆش و پەککەوتە دەپارێزن و چارەسەریان دەکەن؟ هەروەکو لە وتارەکەی ٢١ ی مارت نووسیبووم، بە پێی ڕاپۆرتێکی یوئێن، ٧٠٪ کارمەند و کرێکارانی بواری تەندروستی ئافرەتن و لە ماڵەوەش هەر ئەوانن کە زۆرترین کاری ناوماڵ ئەنجام دەدەن و ئاگایان لە نەنک و باپیر و دایک و باوکە پیرەکانیش دەبێت.
٣. ئایا ئەو ئافرەتانەی لەبەرەی پێشەوەی ئەو جەنگەدان هۆکارەکانی خۆپاراستن و ئاسایشیان وەکو پێویست بۆ دابین کراوە؟
٤. کێن ئەوانەی کە بڕیار دەدەن؟ ئایا ژنان لەو لیژنانەی بۆ مەبەستی ڕاڤەکاری و ستراتیژیی پێکهاتوون بوونیان هەیە؟ تا چەند دەنگی ژنان ئامادەیی هەیە و گوێی لێ دەگیرێ؟
٥. کاردانەوەی پەتاکە لەسەر پەنابەر و ئاوارە و چینە هەرە لانەواز و هەژارەکان چۆنە و چ ڕێوشوێنێک بۆ پاراستنیان گیراواەتە بەر؟ ئەو ژنانەی لەم ماوەیە منداڵیان دەبێ، زەیستانن یا سکپڕن چۆن لە خەستەخانەکان و لە ماڵەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ؟ کێ بەهاناپانەوە دێ ؟

ئەم پرسیارانە و ئاراستەکردنیان لەم قۆناغەدا وا دەکات باشتر لە ئامادەباشی دابین و ئەو چارەسەرانەی کە لە داهاتووش دەخرێنە ڕوو، کاریگەرترن و گونجاوتر دەبن. بەڵام لە ئێستادا کە بواری ڕاپرسی و توێژینەوەی مەیدانی نییە، وەکو وەڵامی خێرا و یەکسەری، پێویستە لە ڕێگای پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و ڕێکخراوەکانەوە، بە هانای ئەو ئافرەتانەوە بێین کە بەڕووی توندوتیژی و هەراسانکردن دەبنەوە. پێویستە ئامارەکانیش بۆ ڕای گشتی ڕابگەیەنرێن تا هەمووان بتوانین هاوکار بین لە دابینکردنی چارەسەر. هەروەها بۆ ئەوەی لە داهاتووش توێژینەوەی ئەکادیمی لە لایەن سەنتەرەکانی جێندەرەوە ئەنجام بدرێت بۆ ڕاڤەکارییەکی جێندەرییانە و خستنەڕووی داتای بەڵگەئامێز بە ئامانجی دارشتنی پۆلەسی گونجاو و یاسای پێویست بەو دۆخە نوێیە. چونکە جیهانی دوای کۆرۆنا هەرگیز وەك جیهانی پێشوو نابێت.

زانکۆی سیانسپۆ/ پاریس بڕوانە

Lockdowns around the world bring rise in domestic violence, 28 March 2020. via https://www.theguardian.com/society/2020/mar/28/lockdowns-world-rise-domestic-violence

بڕوانە

Men are much more likely to die from coronavirus - but why? 26 March 2020. https://www.theguardian.com/world/2020/mar/26/men-are-much-more-likely-to-die-from-coronavirus-but-why

بڕوانە

Gender and the Coronavirus Outbreak, 4 February 2020, via https://www.thinkglobalhealth.org/article/gender-and-coronavirus-outbreak

# لەگەڵ کۆرۆنا بەرەو کوێ دەچین؟



**ئاسۆ کمال**

**٢٠٢٠/٣/٢٨**

کۆرۆنا کێشەیەکی تەندروستیە و هۆکارەکەی ڤایرۆسێکی سروشتیە، بەلام کێشەی نەتوانینی چارەسەر ڕوبەڕوبونەوەکەی سیستمی ئێستای سەرمایەداری لێی بەرپرسە.
توش بونی نیو ملیۆن ئینسان و مردنی ٢٤ هەزار کەس نیشانمان دەدا کە سیستمی بەرگری تەندروستی دنیا بە تەواوەتی وێرانە.
ئایا هۆکاری ئەم مەرگە بە کۆمەڵ چیە و بۆچی ئەم سیستمە ناتوانێ بەری پێ بگرێ؟ بێگومان ئەمە ئەمڕۆ پرسیاری هەموو کەسێکە کە بە خەمی گیان و تەندروستی هەزاران و ملیۆنەها ئینسانەوەیە کە بزانێ کەموکوڕیەکە لە کوێدایە و بۆچی چارەسەر و ڕووبەڕووبوونە لەگەڵ ئەم ڤایرۆسەدا سست و لاوازە و ناتوانێ کۆمەڵگە لەم مەترسیە ڕزگار بکا؟ من ئەم پرسیارەم لە ڕیکخراوی تەندروستی جیهانی کرد WHO، ئایا ئامار و ستاتیتستیکی جیهانی چیان لەسەر ئەم چارەسەرە لە بەردەستدایە کە نیشانی بدا کەموکوڕی دەزگای تەندروستی، پەرستیار، دکتۆر، خەستەخانە، دەرمان و چەند پارە پێویستە خەرج بکرێ بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەم پەتا کوشندەیەدا؟
وەلامی داومەتەوە COVID_19 Solidarity Response Fund[i] بەڕێز کارۆلینا، لە بەشی WHO و دەڵێ هاوکاری تیمەکانی تەکنیکی بۆ ئێران و ئیتالیا نێردراوە و فەندەکانی بۆ پشتیوانی بواری فریاکەوتنی کتوپڕ، خەتەری سەر خەڵك، دۆزینەوەی کەیس و پێوەری تەندروستی گشتی، چارەسەری نەخۆش، تاقیکردنەوەی تاقیگەکان، کۆنترۆڵی هەکردن و پەرژانە سەر هەموو کۆمەڵگە و هەموو حکومەتەکان، خەرج کراوە. دەزگای پاراستنی شەخسیمان بۆ ٥٧ ووڵات ناردوە، بۆ ٢٨ ولاتی تریش دەنێردرێ و پێویستیەکانی تاقیگەش بۆ ١٢٠ ولات نێردراوە
ئەم وەلامەی WHO نیشانی دەدا کە ١٢٠ دەوڵەت کەمی پێداویستیە سەرەتاییەکانی تاقیگەیی بەرەو ڕووبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای هەیە!. ٨٥ دەوڵەتیش پێویستی پاراستنی شەخسی ! ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی دەزگای تەندروستی جیهانی ئەمڕۆی سەرمایەداری لە زۆربەی زۆری ووڵاتدا کەموکورتی جدی هەیە ئەگەر نەڵێین وێرانەیە!
نمونەی ئیتالیا نیشانی دەدا کە یارمەتیەکانی ئەم ڕیکخراوەی WHO ناتوانێ گیانی هەزارەها کەس خێرا ڕزگاربکا. کەواتە دەبێ چی بکرێ؟
سەرەتا دەبێ خۆمان وەلامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە بۆچی سیستمی تەندروستی لە دنیای سەرمایەداری ئەمڕۆدا بێ توانا و بێ دەسەڵاتە بەرامبەر بە چارەسەر یان زاڵ بوون بەسەر ئەم پەتای کۆرۆنایەدا؟ وە کێشەی ئەم سیستمە تەندروستیە کە بناغەی ژیان و مانەوەی ئینسانی سەر ئەم گۆی زەویە چیە؟

پێویستە سەیری سامانی دنیا و بەشی كەرتی تەندروستی لەم سامانە بكەین تا بزانین ئەم كێشەیەی سیستمی تەندروستیە جیهانیە لە كوێدایە كە بەرامبەر بە پەتای كۆرۆنا ئاوا بێ دەسەڵاتە؟
سامانی ئەمرۆی دنیا زیاتر لە ٣٦٠ ترلیۆن دۆلارە.
ئەم ٣٦٠ ترلیۆنە نیوەی لە لای ١كەمتر لە ٪ دەوڵەمەندەكانی دنیا كۆبۆتەوە، كە ژمارەی دەوڵەمەندەكانی چین لە ڕیزی یەكەمدان و دوای ئەو ئەمریكایە. واتە ٤٦.٨ ملیۆن لە ملێۆنەرەكانی دنیا ١٥٨.٣ ترلیۆن دۆلاریان هەیە. كۆی ٧ملیار و٧٠٠ملێۆنی دانیشتوانەكەی زەویش ٢٠٠ ترلیۆنیان هەیە.
بەڵام تەنیا ٪٩بۆ كەرتی تەندروستی سەرفكراوە و ٪٦٠ بەشی دەوڵەتە لەم كەرتەدا و ٪٤٠ كەرتی تایبەت خاوەنی سیستمی تەندروستی جیهانیە.
ئەگەر ئەوە لە بەرچاوبگرین كە ئەو ڕێژەی ٪٩ ی بودجەیە بۆ ١٥ دەوڵەتی دەوڵەمەندی جیهان كە خاوەنی ٪٨٤.٣ ی سامانی دنیان، لەوانەیە سەرمایەیەكی گەورە بێت بۆ كەرتی تەندروستی. بەڵام ڕێژەی ٪٥ بودجەی دەوڵەتە كە بەشێكی زۆری خۆراییە. كەواتە ئەو ٪٤ كەرتی تایبەت لە تەندروستیدا خەرجی دەكا خۆرایی نیە و وەك سامان و قازانج دەگەڕێتەوە بۆ كۆمپانیاكانی ٪١ی سەرمایەدارانی جیهان. هەربۆیە دەتوانین بڵێین كە بودجەی دەوڵەت بۆ تەندروستی ٪٥ ی سامانی گشتی جیهانە كە ٣٦٠ ترلیۆنە.
بەڵام ١٨٠ دەوڵەتی تری جیهان تەنیا خاوەنی ٪١٥،٧ ئەم سامانەن. كەواتە ئەگەر لەم بەشەی تری جیهانی سەرمایەداریدا ٪٩ بودجەش تەرخانی كەرتی تەندروستی بكرێ هێشتا سەرمایەیەكی زۆر ناچیزە و ئەمەش هۆكاری ئەو كەموكورتیە گەورەیەیە كە لە خزمەتگوزاریە تەندروستیەكانی لەم بەشەی «جیهانی هەژاردا» دەیبینین و WHO دەبێ لەم قەیرانی كۆرۆنایەدا فریایان بكەوێ، ئەگەر نا ئەوا لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا ئیتالیایەكی چاوەڕوان دەكرێ ئەگەر تەقینەوەی كۆرۆنا ڕویان تێ بكا!
پرسیارەكە ئەوەیە كە؛ بۆچی لە سەرمایەداریدا سیستمی تەندروستی لاوەكیە و هێندەی بودجەی سەربازی بۆ سەرف ناكرێ؟
بێگومان وەك ماركس وەڵامماں دەداتەوە؛ ئەوە پرۆسەی شێتانەی چڕبونەوەی كەڵەكەی سەرمایەیە لە دەستی ٪١ سەرمایەدارانی جیهاندا كە دیاری دەكا چی پێویستە نەك ژیانی ٪٩٩ خەڵكی سەرزەوی.
ئەم دابەشبونەی سامان نیشانی دەدا كە؛ تەندروستی ئەگەر جێگای قازانج نەبێ ئەوا سەرمایەی تێدا خەرج نەكراوە. بە پێچەوانەوە پرۆسەی چڕبوونەوەی كەڵەكەبونی سەرمایە لە دەستی ٪١ جیهاندا وایكردوە كە تەندروستی ئینسانیش وەك هەر كاڵایەكی تر مامەڵەی لەگەڵدا بكرێ. بەو بە پێیەش كە تەندروستی بەپێی ڕادەی قازانج كردن تیایدا سەرمایە خراوەتە بازاڕ و توانای كڕینی خەڵكی كرێكار و كەم دەرامەتیش دیاریكراوە، هەربۆیە وەك مەیدانێكی سەرەكی سەرمایە پارە خەرج نەكراوە بۆ دابینكردنی پێویستیەكانی خەستەخانە و دەرمان و ئامرازەكانی پزیشكی و پێگەیاندنی كارمەندانی ئەم بوارە و بگرە پارەی گەڕان و پشكنینەكان و گەشەپێدانی زانستی تەندروستیان بڕی لەم دوو دەیەی ڕابردوودا. ئەگەر ئەمریكا و چین و ئەوروپا بەو سەرمایەوە كە ٪٩ بۆ تەندروستی دانراوە ڕێژەی مردن تیایدا گە شتۆتە ٢٥ هەزار، دەبێ وڵاتانی هەژارنشینی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریكای لاتین چ مەرگێكی بە كۆمەڵ چاوەڕێیان بكا؟! ڕێگا چارە چیە؟
بێگومان گۆڕینی سیستمی تەندروستیە. ئێستا شەڕ دژی سیستمی كاپیتالیستی تەندروستی شەڕی پاراستنی ژیانی ملیارەها ئینسانی كرێكار و كەم دەرامەت و پیر و پەكەوتەیە. ئەمە شەڕی چینایەتی ٪٩٩ كۆمەڵگەی ئینسانیە دژ بە ٪١ سەرمایەداران.

نارەزایەتی زانا و دکتۆرەکانی بەریتانیا فشاری لەسەر حکومەتی پارێزگارانی بەریتانیا دانا کە ئەو سیاسەتانەی کە دەیەوێ خەڵك بکاتە قوربانی نەوەستانی بازاڕی سەرمایە بگۆڕێ. مانگرتنی کرێکارانی ئیتالیا و نەچونە سەرکار، لەو بوارانەی کە پێداویستی سەرەکی ژیان دابین ناکەن لە ژێر دروشمی «ژیانمان بەهای لە قازانەکانی سەرمایەداران زیاترە». فشاری یەکێتیە کرێکاریەکانی ئەمریکا لەسەر حکومەتی ترامپ بۆ ڕاوەستانی کار، کە دەیەوێ لە زەلکاوی کۆرۆناشدا بڵێ «دەبێ بازاڕی سەرمایەی ئەمریکا هەر یەکەم بێ». ئەمانە نمونەی ئەو هەنگاوانەن کە ئیرادەی زۆربەی کۆمەڵگە دەهێنێتە مەیدان بۆ ئەوەی ئەم دۆخە بگۆڕین .

دەبێ سیستمی تەندروستی ئێستای پێ بگۆڕدرێ.

دەبێ بە خێرایی هەموو پێداویستیەکانی تەندروستی بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەم ڤایرۆسە و چارەسەرکردنی لەو ٣٦٠ ترلێۆن دۆلارەی سامانی هەموو کۆمەڵگەی ئینسانیە و نیوەی لە ژێر دەستی ١٪ سەرمایەدارە گەورەکاندایە دابین بکرێ. هەرچی سیاسەتی گرتنەوەیە لە کرێی کرێکار و پەرستیار و پزیشکەکانە، وە هەرچی بڕینی فەندی لێکۆڵینەوە و دابینکردنی تاقیگە و نەخۆشخانە و ئامرازەکانی تەندروستیە لاببرێ و لەم ٣٦٠ ترلێۆنە ئەو پێداویستیانە دابین بکرێ.

مەسەلەیەك کە ئەمڕۆ سەرمایەداری دەوڵەتی چین وەك بەشێك لە بورژوازی جیهانی و چارەکێکی سەرمایەی جیهانی لە ژێر دەستدایە، بەشان و باڵیدا هەڵدەدا سیاسەتی دیسپلینی دەوڵەتە بۆ کەرەنتینە کردنی خەڵك لە پێناو بەرگرتن بە بڵاونەبونەوەی ئەم پەتایەدا. ئەمە چەواشەکاریەکی تەواوە کە پێمان وابێ سیستمی تەندروستی چین تەنیا بە کەرەنتینە کردنی خەڵك توانیویەتی کە دۆخی ئەم پەتایە بگۆڕێ و بەم پێیە جیاوازی بنەڕەتی لە سیستمی تەندروستی کاپیتالیستی باقی دنیادا هەیە. ژمارەی قوربانیەکانی چین نیشانمان دەدا کە ئەم سیستمی تەندروستی ئەم دەوڵەتە چەند کەمتەر خەم بوو لە سەرەتادا لە وەڵامدانەوە بەو کێشەیە کە بەرەو ڕووی خەڵکی چین و جیهان بووەوە. بەڵام ئێستاش بەهۆی بودجەی تەرخانکراوی چین بۆ پاراستنی تەندروستی خەڵکی ئەم وڵاتە و کۆنترۆڵی کاتی کەرتی تایبەتی تەندروستی لەلایەن دەوڵەتەوە و گەیاندنی هاوکاری بە وڵاتانی زیان لێکەوتوو، توانیویەتی گۆڕانکاریەك لە کەمبوونەوەی خێرای قوربانیەکانی چین و جیهاندا بکا. ئەم سیاسەتە بۆ دەوڵەتی سەرمایەداری چین کاتیە و ئەمە دەبێ بکرێت بە سیاسەتی هەمیشەیی ئەم دەوڵەتانە و سیستمێکی جیهانی لە کەرتی تەندروستیدا.

لە کوردستان سەرۆکی حکومەتی هەرێم خەریکی کەمپینی پیتاك کۆکردنەوەیە بۆ چارەسەری دۆخێك کە ئەمە گاڵتە پێکردنە بە خەڵك نەك چارەسەربێ. ئەم حکومەتە گەندەڵە نەك تەنیا دەبێ پارەی نەوتی ئێستا، بە ڵکو پارەی درزاوی ١٥ساڵی ڕابردووی نەوتیش بخاتە ڕوو تاکو خەرجی ڕووبەڕووبونەوەی ئەم پەتایە و دابینکردنی ژیانی کەرەنتینە کراوی خەڵکی پێ دابین بکا. هاوکات هەموو ئەو بڕیارانەی حکومەت کە کەرتی تەندروستی تایبەت کردوە و کردویەتی موڵکی کۆمپانیا و سەرمایەدارەکان دەبێ بکرێتەوە موڵکی

حکومەت و هەموو پێداویستیەکی تەندروستی دابین بکا بە خۆڕایی.

ئەم پەتایە فێری کردوین کە بۆ پارێزگاری لە تەندروستی خۆمان دەبێ سیستمی تەندروستی کاپیتالیستی بگۆڕین. پێویستە لە هەموو شوێنێك پێکەوە کرێکاران و خەڵکی زیان لێکەوتوی ئەم پەتایە و هەموو هاولاتیان کار بۆ ئەم گۆڕانکاریانە لە سیستمی تەندروستیدا بکەین.

هەروەك فشاری زۆربەی یەکێتیە کرێکاری و حزبە چەپ و سۆشیالیستەکان و نارەزایەتیە بەرفراوانەکانی سۆشیال میدیا و کۆکردنەوەی دەنگ و واژۆیە توانیویەتی برێك لە بیمەی بێکاری و دابینکردنی موچە و کرێی خانوو و بودجە بۆ ئەم قەیرانە دابین بکا، پێویستە ئەم مافانە هەموو خەڵکی کرێکار و بێکار و کەم دەرامەتی دنیا بگرێتەوە کە توشی ئەم دۆخە بوون و لەو سامانەی کۆمەڵگەی بەشەری کە ئێستا ٣٦٠ ترلیۆنە سەرف بکرێ. ئەم پارە سپیەی کەڵەکەی سەرمایە بۆ رۆژی رەشی کۆرۆنا سەرف بکرێ.

فەشەل و شکستی ئەم سیستمە تەندروستیەی ئەمرۆی دنیای سەرمایەداران سەپاندویانە هەرەشەیەکە بۆ سەر کۆمەڵگەی ئینسانی ئەگەر ئێمە لەم قەیرانەدا ئەو گۆڕانکاریانە بەسەر ئەم سیستەمەدا نەسەپێنین بێگومان مەرگی ٢٥ هەزار کەسی ئێستا بەرەو سەر هەڵدەکشێ و لە دوای ئەم ئەزمەی کۆرۆنایەش لەسایەی ئەم سیستمەدا پارێزراو نابین.

هەربۆیە هەر هەنگاوێك ئەمرۆ بۆ بەخۆڕایی کردن و دابینکردنی تەندروستی خۆمان دەیکەین نیشاندانی نمونەی ئەو کۆمۆنیزمەیە، کە ئێستا رۆشنبیرانی وەك ژیژك و کرێکارانی ئیتالیا و جیهانی بەخەبەر هاتوو باسی دەکەن. خەباتی ئەمرۆمان بۆ پاراستنی تەندروستی خۆمان ئەو چرای ئومێدەیە کە دەتوانێ رۆژگاری رەشی کۆرۆنا بە کۆتایی بسپێرێ.

# کام دونیا دوای ئەم ڤایرۆسە؟



**مەریوان وریا قانع**

٢٠٢٠/٤/١

بیرکردنەوە لە دەرەنجامەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ ژیانی کۆمەڵگاکان هێشتا لە سەرەتای سەرەتاکاندایە و ئەوەی هەیە و دەگوترێت جگە لە کۆمەڵێک ڕاو هەندێک چاوەڕوانیی تایبەت زیاتر نییە. کەسانێک هەن باس لەوەدەکەن دونیای دوای تەواوبوونی ئەم ڤایرۆسە هەمان دونیای بەر لە هاتنی ئەم ڤایرۆسە نابێت، نە سیستمی نێودەوڵەتیی، نە ئابوریی، نە وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانە، هیچیان وەک خۆیان نامێننەوە. کەسانێکی تر هەن تا ئەو شوێنە دەڕۆن و باس لە کۆتایی کاپیتالیزم و هاتنەکایەی دونیایەکی تەواو تازەدەکەن، کە بە دونیای سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم ناویدەبەن، بەڵام سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمێک جیاواز لەوەی لە سەدەی بیستەمدا بینیمان. بە پێچەوانەی ئەمانەوە کەسانێکی تر باس لە بەهێزبوونی زیاتری ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی نەتەوەیی و داخرانی کۆمەڵگاکان دەکەن و پێیانوایە ئەو سنوورانەی لە ئێستادا و بەخێرایی لە نێوان وڵاتەکاندا داخران، بە ئاسانی ناکرێنەوە. سنوورە جوگرافییەکانیش بکرێنەوە سنوورە نەفسیی و سایکۆلۆژییەکانی دوای ڤایرۆسەکە دەمێنن. کەسانێکی تر باس لە بەهێزبوونی زیاتری پێگەی سیستمە تۆتالیتارییەکان و توانا ترسناکەکانی دەوڵەت لە کارانتینەکردن و چاودێریکردن و ئاراستەکردنی مرۆڤدا دەکەن و دونیای دوای کۆتایی ئەم ڤایرۆسە وەک دونیای بەرتەسکبوونەوەیەکی گەورە و هەمەلایەنی ئازادیە تاکەکەسیی و دەستەجەمعیەکان دەبینن. لە دونیای ئێمەشدا بڕێك لە ئیسلامییەکان باس لە تۆڵە و توڕەبوونی خودا دەکەن و کرۆنا وەک "سەربازێکی ون ی خودا بۆ بەگژاچوونەوەی مولحید و دژە ئیسلام و بێدینەکان دەکەن و چاوەڕوانی ئەوەن دونیای دوای کۆتایی کۆرۆنا دونیای ئەو دینە و ئەو خودایە بێت کە ئەوان دەیناسن.

بە بۆچوونی من سەرجەمی ئەم بۆچوونانە جگە لە دەربڕینی هەندێك ڕا و چاوەڕوانیی تایبەت، شتێکی تر نیین. بەشێکی زۆری ئەم بۆچوونانەش بەر لە پەیدابوون و هاتنی ڤایرۆسەکە هەر هەبوون و لەئارادابوون، ئەوەی ئێستا ڕوودەدات پێداگرتنەوەیەکی زیاترە لەسەر ئەو بۆچوون و ڕوانینانە.

بە بۆچوونی من ئەوەی ڕوودەدات یەك پرۆسەی هاوبەش و لێکچوو نابێت لە هەموو جیهاندا، لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا شتی جیاواز ڕوودەدات و گۆڕانکارییەکان یەك شێوە و یەك جۆر و بەیەك ئاراستە نابن. لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا نە کاپیتالیزم لە ناودەچێت و نە کۆمۆنیزم جێگەی کاپیتالیزم دەگرێتەوە، ئەوەی ڕەنگە ڕووبدات دانانی کۆمەڵێك سنوورە بۆ سیاسەتی نیولیبرال و هێنانەکایەی فۆرمێکی نوێ لە "دەوڵەتی خۆشگوزەرانیی". لەمەش

زیاتر ئەگەری ئەوە گەورەیە ئەم وڵاتانە لە جاران زیاتر بەرگریی لە چوارچێوەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی بکەن و جۆرێك لە پاشەکشە بۆ ناو ئەو چوارچێوانە ڕوو بدات.

لە سیستەمە دیکتاتۆریی و دەسەڵاتگەرەکان و لەو سیستمانەشدا کە دیموکراسییەتیان کورتکردۆتەوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەتەنها، بە هەموو تەکنیکەکانی تەزویرکردنەوە، ئەگەری ئەوە گەورەیە تەکنیکەکانی کەرانتینەکردن و دیسپلینکردن لە فۆرمی نوێدا بەکاربهێنرێن و فراوانتر و کاریگەرانەتر بەکاربهێنرێن. سەرجەمی قەیرانەکەش وەك وزەیەك بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی ئەوتۆریتیاریانەی خۆیان و هاوشێوەکانیان بخەنەگەڕ.

لەو ناوچەیەی ئێمەشدا کۆمەڵگاکان لەبەردەم دوو ئەگەری سەرەکییدان. یەکەمیان ئەگەری درێژەپێدان و بەهێزکردنی زیاتری سێکتاریزمیی دینیی و سیاسیی و خستنەگەڕی نوخبە حوکمڕانەکان بۆ هەموو ئامرازێك لە دەسەڵاتدا بیانهێڵێتەوە، تەنانەت بە بەردەوامیدان بە جەنگ و پێکدادانە خوێناویەکان. هاوکات درێژەدان بە بەکارهێنانی تەکنیکیەکانی کەرەنتینەکردن و کۆنترۆڵکردن بۆ سەپاندنی ئەو مۆدێلە لەدەسەڵات. ئەگەری دووەمیان کەڵەکەبوونی زیاتری تورەبوون و وەڕسبوونی چەندان هێزی کۆمەڵایەتییە کە هاتنی ڤایرۆسەکە ماندووتر و بێئومێدتر و هەژارتری خستون.

ئەوەی من هیوادارم دوای تەواوبوونی ئەم ڤایرۆسە ڕوو بدات، دروستبوونی تاکەکەسێکە لە جاران سیاسیتر و لە جاران سەرقاڵتر بە مەسەلە سەرەکیی و گشتییەکانی ژیانی گشتیی ناو کۆمەڵگای ئێمەوە. تاکەکەسێك سیاسەت کورتنەکاتەوە بۆ چالاکیی دزیی و جەردەیی و مرۆڤکوشتن و یەکسانی نەکات بە درۆکردن و لەخشتەبردن، تاکەکەسێك سیاسەت وەکو هەوڵی پێکەوەیی مرۆڤ وێنابکات بۆ دروستکردنی ژیانێکی هاوبەش و گونجاو، کە لەپاڵ کۆمەڵێك ماف و ڕزێگرتندا، شوێنی هەمووانی تێدا ببێتەوە.

# ڤایرۆسی کۆرۆنا و تەکنەلۆجیای نەوەی پێنجەم (5G)

## Coronavirus and Fifth Generation Technology



وەرگێڕان و ئامادەکردنی: د. پەریخان جاف
٢٠٢٠/٤/٣

دکتۆر تۆماس کوان (Dr. Thomas Cowan) کە بەکالریۆسی لە دەرمانسازیی و ماستەری لە پزیشکی کۆمەڵگا و پزیشکی خۆپاراستندا هەیە لە ئێستدا لە بواری پزیشکی کارۆبینائیدا لە زانکۆی نیۆیۆرک کاردەکات، لە سیمینارێکیدا ١٠ خولەکی کۆتایی بۆ باسکردنی کۆرۆنا تەرخاندەکات.

لێرەدا ئەو ١٠ خولەکە وەردەگێڕم بۆ زمانی کوردیی و لە کۆتاییشدا ڕوونکردنەوەیەك لە بارەی شەپۆلە ڕادیۆییەکانەوە دەدەم بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت بزانن ئەم شەپۆلانە چین، چونکە پەیوەندییان بەم بابەتەوە هەیە.

لە ساڵی ١٩١٨ دا دوای بڵاوبوونەوەی ئەنفلۆنزا لە وڵاتی «ئیسپانیا» لە ستاینەر (Steiner) یان پرسیی چی ڕوودەدات؟ لە وەڵامدا ئەم پێناسەیەی کرد: ئەنفلۆنزا دەرچوونی (دەرپەڕانی) ئەو شاناناپە کە ژەهراویی بوون، هەروەها وتی:

ڤایرۆس بریتییە لە ترشەڵۆکی ناوکیی RNA یان DNA لەگەڵ پرۆتینی تر کە لە خانەکانەوە دەردەچێت، کەواتە ڤایرۆس لە ئەنجامی ژەهراوییبوونی شانەکانەوە درووستدەبێت، لێرەدا دکتۆر «کوان» لە ئامادەبووان دەپرسێت: ئەگەر ئێوە ماوەیەکی زۆر بوواپە توێژەر بووناپە و لەسەر دۆلفینی جەمسەرەکان زانیارییتان هەبواپە و دۆلفینەکان بە شێوەیەکی باش و بێ کێشە ژیانیان ببردایەتە سەر بەڵام لە پڕدا پەیوەندییان پێوە بکردناپە و بیانوتایە دۆلفینەکان نەخۆشکەوتوون و دەمرن، ئێوەش بۆتان هەبواپە تەنها یەك پرسیارتان بکردایە ئایا چەند کەس لە ئێوە دەیوت:

بۆ ئەوەی هۆکاری مردنی دۆلفینەکان بزانم دەمەوێت پێکهاتەی جینیی لە دۆلفیندا بزانم؟ بێگومان کەس.

ئەی چەند کەس لە ئێوە دەیوت: دەمەوێت پشکنین بۆ دۆلفینەکان بکەم بۆ ئەوەی بزانم مردنیان بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەوە نیە لە ناویاندا؟ بێگومان ئەم پرسیارەش کەسی نەزان دەیکات.

ئەی چەند کەستان دەیوت ئەمە بەهۆی پیسبوونی ئەو ئاوەوەیە کە دۆلفینەکان تیایدا دەژین، هەندێك ئاوەکەیان پیسکردووە یان پیسایان کردووەتە ئاوەکەیانەوە و ئەمەش بووەتەهۆی پیسکردنی ژینگەکەیان و کارەساتەکەی بەرپاکردووە، بێگومان هەمووتان دەڵێن ئەم وەڵامە ڕاستە، کەسانێکی وەکو شەریکەی نەوتی «ئیکسۆن ڤالدیز» ئاوەکەیان

پیسـکردووە و ژینگـەی دۆلفینەکانیان تێکـداوە.

چونـکە بەڕاسـتیی ئـەمـە ڕوویـدا و شـانەکان ژەهراویـی بـوون، ئـەم شـانە ژەهراوییبووانـە دەیانەوێت خۆیان پاکبکەنـەوە و ئـەم ئەنفلۆنزایـەی کـە تووشـیانبووە بـەو پێکهاتەیـەی کـە پێیدەڵێن ڤایـرۆس بکـەنـە دەرەوە.

ئەگـەر بەدواداچوونێـك بـۆ بیـردۆزی «ئەکسـۆزومز» بکـەیـن کـە بیردۆزێکـی جیهانییـە لـە بـارەی ڤایرۆسـەوە و ئینجا بگەڕێینـەوە بـۆ وتـاری لێپرسـراوی پەیمانـگا پزیشـکییە بینایەکانی ئەمریـکا لـە بـارەی ئاڵۆزیی ڤایرۆسـەکانەوە دەبینیـن کـە ئەمـە بـە تەواویـی بۆچوونێکـی «ڕاستە» لـە بـارەی ڤایرۆسـەکانەوە، مـن لێـرەدا بیرەوەرییەکـەم هەیـە: لـە کاتـی گەنجییمـدا لـە دەرەوەی ئـەو جێگایـەی کـە تیایدا دەژیام هەندێك شوێنی قووڵ و گۆمی ئـاو هەبوون کـە بۆقی تیا دەژیا و پڕبوو لە بۆق، لە بەهاراندا پەنجەرەکانمان دادەخست چونکە دەنگی بۆقەکان بەرزبوو، بە تێپەڕبوونی کات بۆقەکان ونبـوون و کۆتاییان پێهات.

‹لە ڕاستییدا هەریەك لە ئێمەش لە شاری سلێمانییدا ئەوەی بەدیکردووە›.

ئایا بۆقەکان تووشی نەخۆشییەك بوون لە جینەکانیاندا بۆیە وا لە ناوچوون؟

یان ئایا بە هۆی ڤایرۆسەوە تووشی نەخۆشیی بوون؟

یان هەندێك جێگاکەیان بە مادەی ژەهراویی بۆ نموونە دی دی تی (DDT) ژەهراویی کـردووە؟

بێگومان وەڵامی سێیەم ڕاستە و نەخۆشییەکان بریتیین لە ژەهراویی بوون.

ئـەو نەخۆشـییانەی لـەم ١٥٠ سـاڵەی دواییدا ڕوویاندا بـە هـۆی ئـەو گۆڕانکارییـەوە بـوون کـە لـە بـواری کارەبایی زەوییـدا ڕوویـدا، کۆتایـی پایـزی سـاڵی ١٩١٧ دەسـتپێکـی بڵاوبوونـەوەی شـەپۆلە ڕادیۆییـەکان بـوو بـە جیهانـدا.

کاتێـك سیسـتەمێکـی زینـدوو دەخرێتـە ژێـر کاریگـەریی بوارێکـی کارۆموگناتیسـیەوە ئـەوا ئـەو سیسـتەمە زینـدووە ژەهراویـی دەبێـت و شـانەکانی هەندێکیـان دەمـرن و هەندێکیـان لاوازدەبـن )نـە زینـدوو نەمـردوو دەبـن)، واتـە ئـەو شـانانەش کـە دەمێننـەوە بـە ناتەندرووسـتیی دەمێننـەوە.

دوای ئـەوەی جەنگـیی جیهانیـی دووەم دەسـتپێکـرد لـە هەمـوو جیهانـدا ڕادار بەکارهـات و هەمـوو جیهـان بـە شـەپۆلە ڕادیۆییـەکان داپۆشـرا و بـۆ یەکـەم جـار هەمـوو جیهـان و هەمـوو مرۆڤەکان کەوتنـە ژێـر کاریگـەریی ئـەو شـەپۆلانەوە.

زەوی بە چینێك تەنۆلکەی بارگاویی دەورەدراوە کە پێیدەوترێت پشتێنەی ڤان ئالن (Van Allen Belt)، ئـەم چینـە دانیشـتوانی سـەر ڕووی زەویـی لـە هەندێـك بـواری خـۆر و مانـگ و موشـتەریی دەپارێزێـت، لـەو چینـەدا ژمارەیەکـی زۆر ڕادار دانـران.

بەڵێ لە ساڵی ١٩٦٨ دا ئەنفلۆنزای «هۆنگ کۆنگ» بڵاوبووەوە.

بـەو شـێوەیە شـانە زینـدووەکان ژەهراویـی بـوون و ژەهرەکەیـان بـە شـێوەی ڤایـرۆس دەرکـرد و وتـرا ڤایـرۆس بڵاوبووەتـەوە.

بەشی تەندرووستیی «بۆستن» دەستیکـرد بە گـەڕان بۆ دۆزینەوەی هۆکاری یان ڕێگای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسـەکە ئەویـش بـە وەرگرتنـی دەردراوی (افـراز) لووتـی تووشـبووەکان بـە ئەنفلۆنـزا و خسـتنە نـاو لەشـی ئـەو مرۆڤانـەوە کـە سـاخ بـوون و تووشـی ئەنفلۆنـزا نەبووبـوون، بـەڵام نەیانتوانـی بـەم ڕێگایە ئەنفلۆنزاکـە بڵاوبکەنـەوە و مرۆڤـە سـاخەکان تووشبکـەن، ئەمـە چەند جارێك دووبارەکرایەوە و هەمـوو جارەکان گەیشـتن بـە هەمـان ئەنجـام، کـە واتـا ئـەو مرۆڤانـەی تەندرووسـتییان خـراپ نەبـوو و تووشـی ئەنفلۆنـزا نەبـوون.

هەمان كاریان لەسەر ئەسپەكان ئەنجامدا و كیسەی نایلۆنیان خستە سەری ئەو ئەسپانەوە كە تووشبوون بۆ ئەوەی بیگوازنەوە بۆ سەری ئەسپە ساخەكان، لەمەشدا نەتوانرا بە هیچ شێوەیەك ئەنفلۆنزاكە بگوازنەوە بۆ ئەسپە ساخەكان، دەتوانین ئەمانە هەمووی لە پەڕتووكی «پەلكەزێڕینەی شاراوە» ی نووسەر «ئارسەر فورستوتیرك» بخوێنینەوە كە تیایدا باسی قۆناغەكانی بواری كارەبایی زەویی دەكات لەگەڵ ئەوەی چۆن لە ماوەی ٦ مانگدا ئەنفلۆنزایەكی نویٚ بە هەموو جیهاندا بڵاوبووەتەوە.




چۆن لە ماوەی دوو هەفتەدا نەخۆشیەكە لە ویلایەتی «كانساس» لە «ئەمریكاوە» گەیشتووەتە «خوارووی ئەفریقا» و هەموو نیشانەكان لە هەموو جیهاندا دەركەوتووە لە كاتێكدا كە هاتووچۆ بە هۆی ئەسپ و بەلەمەوە بووە، هیچ لێكدانەوەیەك بۆ ئەم ڕووداوەی لەو كاتەدا ڕوویداوە نیە.

بەڵام كاتێك بیر لە شەپۆلە ڕادیۆییەكان و شەپۆلەكانی تر دەكەینەوە دەتوانین بەهۆی مۆبیلەكانمانەوە نیشانەیەك (سیگناڵێك) بۆ هەر شوێنێكی جیهان كە بمانەوێت

بگوێزینەوە.

هەموومان دەزانین کە بەهۆی بواری کارۆموگناتیسییەوە دەتوانین لە ماوەی چەند چرکەیەکدا پەیوەندیی بە هەموو جیهانەوە بکەین.

دکتۆری ناوبراو لە ئامادەبووان دەپرسێت:

کام گۆڕانکارییە لەم شەش مانگەی کۆتاییدا لە جیهاندا واتە لە بواریی کارەبایی زەوییدا کراوە (ڕوویداوە)؟

وەڵام: دەرچوونی نەوەی پێنجەم (5G) لە تۆڕی گەیاندندا.

لە ئێستادا ٢٠ هەزار مانگی دەستکرد شەپۆلی کارۆموگناتیسی بڵاودەکەنەوە، هەروەها ئەو ئامێرانەی کە لە گیرفانتاندان یان بە دەستانەوەن و بەردەوام بەکاریاندەهێنن کە مۆبایلەکانتانن لەگەڵ تەندرووستیی مرۆڤ ناگونجێن و شلەمەنیی ناو شانەکان تێکدەدەن.

ئێمە بوونەوەری کارەباییین، ئەو پشکنینە پزیشکییە کارەباییانەی کە ئەنجامیاندەدەین وەکو NEV و EEG و EKG ئەوە دەسەلمێنن کە ئێمە بوونەوەریی کارەباییین و ناوەندە کیمیاییەکان دەرەنجامی لاوەکیین بۆ ئەو شەپۆلە کارەباییانە.

کۆتا پرسیارم ئەمەیە: کام شار لە جیهاندا بۆ یەکەم جار نەوەی پێنجەمی گەیاندنی (5G) بەتەواویی بەکارهێنا؟

وەڵام: ووهانی چین.

ئێمە لە قەیرانێکدا دەژین کە کاریگەرییەکی گەورەی کردووەتە سەر باری دەروونیی مرۆڤ.

بوونی سەدان هەزار مانگی دەستکرد ژینگەی زۆر پیسکردووە.

پێش ساڵێك نەخۆشێك کە پێشتر تەندرووستیی زۆر باش بوو هات بۆلام وتی لە وەرزشدا دەستم شکاوە، ئیشی ئەوە بوو کە ئامێرەکانی گەیاندنی بۆ دەوڵەمەندەکان دادەنا، بەهۆی شکانیەوە دەستی بە چینێکی ئەلەمنیۆم پێچرابوو، ئەلەمنیۆم لەبەرئەوەی کانزایە ڕێژەیەکی زیاتر تیشکی کارۆموگناتیسی هەڵدەمژێت، ئەو پیاوە هەر چاکنەدەبووەوە و لە کۆتاییدا مرد، هەروەها ئەو کانزایانەش کە لە جەستەی مرۆڤدان وادەکەن جەستە ڕێژەیەکی زیاتر تیشکی کارۆموگناتیسی هەڵبمژێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە باسێکی کورتی شەپۆلە ڕادیۆییەکان و نەوە جیاوازەکانی مۆبایل دەکەین.

شەپۆلی ڕادیۆیی بریتییە لە شەپۆلێکی کارۆموگناتیسی کە سەرچاوە سەرەکییەکەی خۆرە لەگەڵ هەندێك ئەستێرەی تر، ئەو شەپۆلانەی کە لە مۆبایلدا بەکاردێن بلیۆن بلیۆن جار لە شەپۆلە سروشتییەکان بەهێزترن. دووریی خۆر لە زەوییەوە ١٥٠ ملیۆن کیلۆمەترە، کاتێك شەپۆلە ڕادیۆییەکان لە خۆرەوە دەردەچن پاش نزیکەی ٨ خولەك دەگەنە سەر زەویی چونکە بە هەمان خێرایی ڕووناکیی بڵاودەبنەوە کە دەکاتە (ـ ^٨)١٠×٣م/چرکە.

لەرەلەری ئەم شەپۆلانە لە نێوان ٣٠ هێرتز بۆ ٣٠٠ گێگا هێرتزدایە، واتا درێژیی شەپۆلەکانیان لە نێوان ١٠٠٠٠٠کم بۆ ١مم دایە.

وەك لە وێنەکەدا دیارە لە نەوەی سێیەمی (3G) مۆباییلدا تا لەرەلەری ٢،١ گێگاهێرتز بەکاردێت.

لە نەوەی چوارەمدا (4G) تا لەرەلەری ٢،٥ گێگاهێرتز و لە نەوەی پێنجەمدا (5G) تا لەرەلەری ٩٥ گێگاهێرتز بەکاردێت.

کاریگەریی نەوەی پێنجەم لە نەوەی چوارەم و ئەمیش لە نەوەی سێیەم زیاترە.
کەواتا نەوەی پێنجەم بۆ هەر هێرتزێك داتایەکی زیاتر دەگوازێتەوە وەك لە نەوەکانی پێشتری.
بە نەوەی پێنجەم کە خێراییەکی زیاتر لە هەموو ئەوانەی پێش خۆی هەیە دەوترێت شەپۆلی ملیمەتریی، ٢گێگابایت\چرکە.
ئەو لەرەلەرە بەرزانەی کە ئێستا لە نەوەی پێنجەمدا بەکاردێن ساڵانێکە بەکارهێنانیان هەیە لە بڵاوکردنەوە بەهۆی تەلەفزیۆن و تەلەفوونی بێ وایەرەوە لە (Bluetooth) و (GPS) و (Wi_Fi).
لە وڵاتی خۆماندا تەکنەلۆجیای نەوەی پێجەم بوونی نیە.
بە بۆچوونی من بوونی ئینتەرنێتی خێرا لە وڵاتی ئێمەدا و بەکارهێنانی نەوەی پێنجەم زۆر گرنگ نیە تا بەتەواویی لێمان روونەبێتەوە راستیی ئەم بۆچوونە بە کوێ دەگات، وە لە پێناو سەلامەتییدا پێویستە ئەگەر پێویستمان نەبوو ئینتەرنێت و مۆبایلەکانمان بکوژێنینەوە، کاتی نوستنیش هەروەها، بەتایبەتیی کاتی نووستن. لەگەڵ هیوای تەندرووستیی باش بۆ هەمووان.
لینکی وتار

https://www.instagram.com/tv/B92J3qVpz_o/?igshid=1srpjd744qijf

# هۆنراوە

# ڕەچەتەی نامیهرەبانیی

کەژاڵ ئەحمەد
٢٠٢٠/٣/٧



کە جیهان نەخۆش دەکەوێت
لە ڕەچەتەیەکی پیسدا ؛
نامیهرەبانیی بە چارەسەر
دادەنێت !
نیشتمانی خۆشەویستم …
بە دەستەوانەی حوزنەوە
لێی وەربگرە !!!
دەستت مەهێنە بۆ تەوقە
لەگەڵ ماڵە دراوسێدا
دوور بووەستە.
دەست بە ڕووخساری مانگتدا ؛
مەهێنە.
دەڵێن ئەم جیهانە کۆنە
لەناکاو نەخۆش کەوتووە.
ماسکێکی ئەستوور ئەستووری
لە دەم و لووتی بەستووە.
گوێدەگرین بەڵام نازانین
چی دەڵێت و چی دەکات.
ئەو ئێمەی خۆش دەوێت
یان نەفرەتمان لێدەکات.
کۆرۆنا لە زەوقی ئەم دنیایەیداوە!
کۆرۆنا دەزانێت ؛
مرۆڤ بە نەخۆشیی نامرێت.
هەربۆیە بڕیاریداوە!!!
بە دەردی نامیهرەبانیی بیکوژێت

# تۆش بێدەنگ مەبە

قوبادی جەلیزادە
١٦-٣-٢٠٢٠



دەکۆکم
هەناسەم تەنگ بووە.
(کۆتر) ە سپییەکان، ئێوە فریام کەون.
بە دەنووک،
لە قولآیی سیەکانمدا،
ئەو ژەهرە بکوژن.
بەدیار منەوە دەگرین- جگەرگۆشەکانم
ئەی ( با )،
وەرە ئەم پەڕەمووچی ژەهرە،
لەخوێنمدا بفرێنە و
بیبە بۆ بیابانێك،
نە مرۆڤێکی تێدا بێت و
نە درەختێك و
نە روحلەبەرێك.
بەدیارمنەوە دۆش داماون- ئازیزەکانم
وەرە ئەی (باران)،
بەرێژنەیەك؛
گورچیلەکانم،
لەزیخی ئەم ژەهرە کوشندەیە،
بشۆرەوە.
دەکۆکم
دەلەرزم
وەرە ئەی ( ڕۆژ)،
بە بلێسەی تیشکت،
ئەو پووشوو پەلآشە رەشە،
بسوتێنە،

کە ڕەشێنەکانیان لێڵ کردووم.
کۆرۆنا،
داسێکی تیژە ، هاتووە بماندورێتەوە
هاتووە مەخلوقە جوانەکەی تۆ بکوژێ.
وەك کۆتر.
وەك با.
وەك باران.
وەك ڕۆژ،
تۆش بێدەنگ مەبە؛
خودایە.

# تـرس

هودا زەنگەنە
٢٠٢٠/٣/١٨



ترسی لە دەستدانی! ..
جا مردنە یان ڕۆیشتنە!
هەر کامیان بێ، ڕۆحت ئەگرێ و
بێدەنگت ئەکا!
دڵت ئەشکێ و هاواری لە سینەتا
لەت لەتت ئەکا!
هەرکات ترسی لە دەستدانی
چنگ ئەخاتە ناو دڵتەوە
بێدەنگ بێدەنگ ڕۆ ئەچێتە ناو
هەناسەی قەتیس ماوت!
ئەوکات تۆ ئەتەوێ
بۆ خۆت بمری ... بەس ئەو بژی!

# کۆرۆنا و تۆ

ئاسۆی مەلا
٢٠-٣-٢٠٢٠



تا نییە ئەو گەرمییەی جەستەتی داگیر کردووە
هالاوی هەناسەی منە لە دەورەی بالات
تەمی کردووە
ئەو وشکە کۆکەیەی جار جارە هەناسەت
تەنگ دەکا
ئەوە تەرازوی نازە گولم، لە سینەت
سەردەکا
ئەو نەرمە بژمینەت، تەنها خێرە ئینشەڵڵەی
دەوی
کێ پێیگوتووی کرۆنایە یاخوا لە خۆی
دەرکەوێ
پژمینەکەت زۆر جیاوازە
نەغمەکەی لە دەنگی تار و نەی
دەچێ
سەد پشکنینت بۆ بکەن
دڵنیابە هەر نێگەتیف
دەردەچێ
ئامان نەکەن کرەنتینەت
بۆ بکەن
تۆ لەمێژە کەرەنتینەی دڵی منی
نەبادا جێیەکەت پێ لەق
بکەن

# دەمامکەکانتان لادەن

چیمەن عادل حمید
٢١-٣-٢٠٢٠



هەر ئەم ماسکەتان، مابوو
بەڕووتانی دەن
کەچی، خۆتان پڕبوونە لەو ماسکانە....
بەســە.......!!!
کۆرۆنا، سەردانی ئێوە ناکا
لەدەرگای قیامەتا حەشر ناکا
ئەو جەهلی سووتانی خۆش ناوێ
تا بە ئەهلی ئێوە خوێنی خۆی گەرم کا
لە جڵەوی پەتی سەر سەکۆیا فیزاح کا
بە قۆپچەی سەر سینگی دەزوو ، مووشەکی ئایدیا لاڵ کا......
× زەوی بۆنی مەرگی لێ دێ
شەقامەکان چۆڵ و بێ ناز کراون
بێ دەس گرتنی عاشقان و،
بێ بەیانی باشی ئازیزان ،
سێبەری دارەکان ،
داوای ژوانی یارەکەن
شۆستەی شەقامەکانیش هاوارەکەن ،
دەڵێن مرۆڤمان دەوێ ڕانەهاتوین،
لەبێدەنگی بەرگەناگرین ،
وەرنەدەرەوە
بــەســــە.........!!!
هەناسەمان بەبەراکەن،

# وەرزی تاعون

ئاوێزان نوری
٢٠٢٠/٣/٢١



ئەم هەموو مەرگەم بۆ حونجە ناکرێت
بە بێ مەراسیمی ناشتن لەگۆڕدەنرێن
حەوسەڵەی ئەلف و بێی بردنەوەشم نەماوە
کە ئەم هەموو دۆڕانە دەبینم
لە نیگای جەنگاوەرانی نیشتمان
دڵم دەگری بۆ شۆستە هەتیوەکان
بۆ شەقامە بێنازەکان
بۆ لەتە نانی گیرفانی سەربازەکان
بۆ چاوەکانی دایکم بەدیار هەواڵەکان و
نزا دەکات لەم وەرزی تاعونەدا
لە باتی هەمووومان بمرێت
گەردەلولێك میوانی نیشتمانەوە
کەسمان جورئەتمان نیە بە کردنەوەی دەرگاکان
خەریکە پێکەنینی درەختمان بیر دەچێتەوە
بە دیار ئینجانەیەك گوڵی دەستکرد
دوواهەمین وێنەی خۆمان
دەخەینە ئەلبومی یادگاریەوە
بە ئەسەفەوە
هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژین
بۆ ئەو باخچانەی ستایشمان نەکردن
بۆ ئەو سەفەرانەی جگە لە باوەشێك غەریبی
هیچ فرینێکمان تێدا نەکرد
بۆ ئەو ئازیزانەی کە دەبوو بە تەوقەکەیەك
دەستەکانیان توند بگرین و پێیان بڵێین:
ئێمە لێرەین
بۆ ئەو کەسەی نەمانتوانی بچرپێنینە گوێی
ئەگەرچی خۆریش نەبوو
بەڵام بەدرکەوتنی ڕوناکی پێبەخشین
بۆ دانیشتنی نێو ئەو قاوەخانەی جگە لە خۆ سەرقاڵکردن
قاوەیەکی تاڵمان بەهیوایەکی شیرین تێدا نەخواردەوە



## باڵندە

میدیا بێگەرد
٢١-٣-٢٠٢٠

زەوی و ئاسمان لە پشودان
باڵندەکان ئازادترن لە جاران
نە کەسێ بێزاریان دەکا
نەچاوێ تێیان دەڕوانێ
نە ڕاوچیەك ڕاویان دەکا

## لە زەمەنی کۆرۆنادا

بورهان بەرزنجی
٢٢-٣-٢٠٢٠

ئیتر تێل ناکەم نەتۆرێی
لە ژورێکی تاق و تەنیای دڵی خۆما کەرەنتینەم بۆ کردوی نەوەك پەتا دەستت بگرێ و عیشق بمرێ
ئیتر تێل ناکەم نەتۆرێی
نەوەك هەوری پڕ گریانم ..
سامالی هێمنیت پڕ کا لە گرم و هورِی بێدادی و ڕاچڵەکیی،
نەوەك گوڵی باخچەی شیعرت بتۆرێنن
نەیەن بۆنی پەرچەمتکەن،
ئیتر تێل ناکەم نەتۆرێی
لە یاسادا چیم بەرکەوێ ..
ملی بەختم لە تاڵی دەزووی هەناسەم باریکترە
با بیبڕێ ،
گەردنی عاشق بۆ مەعشووق نەبڕدرێ بۆ چی باشە
با بیبڕێ،
گەرعاشق دەستووری عیشق پێ شێل بکا
وەکو ڕووبار دەبێ سەری خۆی هەڵگرێ
یا وەك دۆڵێکی دوورە شار
ئەبێ بمرێ ..!!



# نەورۆزی کۆرۆنا

ڤیان بێتووشی
٢٢-٣-٢٠٢٠



بەهاری ئەمساڵمان گڕی نەبوو
بێ ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆز هاتەوەی
دەنگە زوڵاڵەکەی حەسەن زیرەك بوو
ساڵی نوێی کوردیمان
بێ ماچی بەهاروکانی وکانیاو بوو
درەختەکان سێبەرەکانیان
تەنیا و تەنیا موڵکی خۆیان بوون
گوڵەکان بۆن و بەرام و
جوانیەکانیان نەبەخشی
جلی کوردی و نێرگز
باوەشیان بە یەکدا نەکردو
تێکەڵ ڕوحی یەکدی نەبوون
گوڵە بەڕۆژە ڕووی وەرگێڕا لە خۆرو
سوجدەی بۆ خودا برد
مرۆڤ و سروشت لێك تۆران
گوڵ و گوڵاڵە و چیمەن
درەخت و سەوزایی و سەوسەن
هەموو بەسەر سامیەوە
وەك تابلۆیەکی عاشقانە
سەیری ڕوخساری یەك دەکەن
جەژنی نەورۆز و بەهاری ئەمساڵ
بە بێ مرۆڤ لە یەکتری پیرۆز دەکەن
خودایە دەبێ کەی بێ
بە یەکدی ئاشناکەیەوە و
ئاشتیان کەیەوە...

# ئافات!

باست حەمەغەریب
٢٠٢٠/٣/٢٤



ئەو لە دەشت و ئەو لە شاخ و
ئەو لە گوند و لەناو شار و
لە سەرشەقام و کۆلان و لە گەڕەکدا
ئەو لەبەر دەرگەی مالاندا،
وەکو گورگ خۆی مەلاسداوە و
بۆ دەرفەت و هەل ئەگەڕێت،
تا بێتە ناو ژیانتەوە و تێکی بدات
دەی مالی خۆت قایم بگرە و
ڕێگە مەدە گۆڕ ونت کات!
ئەو کۆرۆنایە و دوژمنە و
تەمەن و ڕەگەز ناناسێت!

# گەر زەوی بمرێ

ڤینۆس فایەق
٢٠٢٠/٣/٢٤



سەری زەوی دەبەستم جەستەی گەرمە و دەنگی دەرنایەت
رەنگی خەمی داوە بەخۆیدا و
بۆنی مردنی لێدێت
ئارامم نەماوە
گەر زەوی بمرێ لە کوێ بینێژم
لە کام هەسارە پرسەی بۆ دانێم
بەهار رەنگی گوڵی گرتوە و
بەرگی پایزی پۆشیوە
باوەڕ بەو هەموو مردنە ناکەم
باوەڕ بەو ژیانە بێدەنگە ناکەم
بەیانیان لە خەو هەڵدەستم
کردوومە بە خوو
دموچاوی ئەم خەمە لەسەر ئاوێنەکەم دەسڕمەوە و
گۆی زەوی جوانتر دەبینم
ئاسمان نزیکتر لە سەرمەوە
رۆژەکان بەدوای یەکدا دەڕۆن
بەبێ وچان
بەبێ وەستان
بەبێ ئەوەی ئاوڕێ لەو هەموو ئازارە بدەنەوە
بەبێ ئەوەی گوێ بەو هەموو گریانە بدەن
خۆر بەبەر چاومەوە پیاسە و دەکات
کە ئێواران بەجێمدێڵێ
هیچم نیە بۆ باسکردن
بێدەنگی، بەدیار هەواڵی ئەو هەموو مردنەوە
قووتم دەدات، دەنوسم
بەڵکوو ئەو پەتایە یەخەی زەوی بەردات
شیعر بۆ گۆی زەوی دەنوسم

بەڵکوو ئەو تاعوونە بێزار بێت و
زەوی بیربچێتەوە
دەستم رادەکێشم
ئەستێرەکەی خۆم دەگرم
نزایەکی بۆ ئەم هەسارە نەخۆشە پیا هەڵدەواسم و
هەناوم هەڵدەگێڕمەوە
نازانم ئەو ئازارە لە کوێدایە
دەستم نایگاتێ
نازانم لە کوێوە دەستپێبکەم
ئەو هەموو خەمە کۆکەمەوە
ئارامم نەماوە
گەر زەوی بمرێ
لە کام پەرستگا بیشۆم
بە کام زمان تەلقینی بکەم
لە کوێ بینێژم
لە کام هەسارە پرسەی بۆ دانێم
کە مرد لەو دنیایە
وەڵامی چیدەبێت
گەر خودا لێی پرسی:
بە تاوانی چی کوشتیانی؟

# مستەر کۆڤید

مەهاباد قەرەداغی
٢٠٢٠/٣/٢٤



شێرپەنجە سوپاسی کۆرۆنا دەکات
ماوەیەکە کەس لێی ناترسێ
جەڵتەی دڵ و مێشك شاگەشکە بوون
کەس ناویان ناهێنێ و لێیان ناپرسێ
شەکرە و پاڵەپەستۆی خوێن
ڕزگاریان بووە لە تانەوتەشەر و جوێن
نزا لەدوای نزا
بۆ بەدووربوون لە پەتای ئەنفلەوەنزا
ئاخر لە ئەو دەچێ و ناچێ
نیشانەکانی
تۆ کێی مستەر کۆڤید
کە هاتیت وناهێڵیت
کەس ببینێ
بەهار و گوڵ و جوانی!

# لەماڵی دڵ بمێنەوە

دابـان هۆشیـار
٢٠٢٠/٣/٢٤



گیانە مەچۆ بە هیچ لایە
خۆت مەدەرە دەست قەدەری
ئەم ڤایرۆسی کۆرۆنایە
غیرە لە تێکەڵیت دەکەم
تکایە با ببڕێتەوە
خوا نەخواستە بەس تۆ توشبیت
هەموو وڵات دەگرێتەوە
لە ماڵی دڵ بمێنەوە و
پابەندی ڕێنماییەکانبە
خۆشەویستیم بۆ دەربڕە و
عەشقی خۆتم پێ نیشانبە
تکا دەکەم بمێنەوە
با هەستێ بەم ئەوینەتکەم
وام لێ مەکە ناچارمکەی
لەدڵما کەرەنتینەتکەم

# خۆشەویستی لە زەمەنی کۆرۆنادا

دەریا هەڵەبجەیی
٢٠٢٠/٣/٢٥




زەمەن دەگەڕێنمەوە.!
بۆ بەرواری یەکەم بینینت
تا پێت بڵێم:
خۆشم ئەوێت لە هەموو بەروارەکاندا...
رۆژەکان دووبارە دەکەمەوە
بۆ ئەو رۆژە تاکە ئەگەڕێم
پیاوانە منت تیا خۆش ویست..
بەناو شەوەکاندا دەگەڕێم
تەنیا شەوێکم ئەوێت
ئەگەر دۆزیمەوە
لەبری هەموو شەوەکان
هەزارجار دووبارەی ئەکەمەوە..
هەموو نووسینەکانم دەسڕمەوە
تەنیا دێڕێك نەبێت
کە دەستی بۆ ئەبەم هەموو گیانم دەلەرزێت...
وەك بڵێیت ئەو دێرە تاڵە رۆحێکی نەپچڕاوی نێوانمان بێت .
من شێتم بە خودا
ئاخر بوونی تۆ لە رۆحی مندا
چ پەیوەندیەکی بە زەمەنەوە هەیە
با زەمەن تێپەڕێت و تەمەنیش هەر بڕوا...

# خەون و خەیاڵ

موحسن ئاوارە
٢٠٢٠/٣/٢٦



ئەوە بە ئاسمانەوەم
پەڕەشووتەکەم نەکرایەوە
لە خۆم دەگەم من چیم
نامەوێ بکەومە نێو دەریا
مەلەوان نیم
نامەوێ بکەومە زۆنگاوێ
هەڵم لووشێ
بە قەوزەکانی دامپۆشێ
لە نێو قەوزەکانیدا ( کۆرۆنا ) خۆی مەڵاس داوە
دەیەوێ بۆ لای خۆی ڕامکێشێ
نامەوێ بکەومە سەر تیشە بەردێ
هەلا هەلا بم
دەزانم دەکەومە سەر چیمەنێ
ئەگەر کەسیشم نەگەنێ
ئەو لە پەنجەرەوە وەستاوە
ئەو دوور دوور دەڕوانێ
لە چاوەڕوانی و چاوە چاوە
دەمبینێ و فریادڕەسەو
فریام دەکەوێ
وای لەو خەونەی
لە نێوەندی ئاسمان و زەویدا بووم
بە ئاگا هاتم لە نیوەی شەوێ !!.

# پەتاو ژیان

محەمەد پاکژ
٢٠٢٠/٣/٢٨



یەکەمجار نییە کورد لێی قەوماوە
هەزار جاری تر کاسەی شکاوە
ئێستاش کەپەتای کرۆنا باوە
خەڵکی لەمەرگ و ئازار ترساوە
راستە دەردێکە پەی پێنەبراوە
هێشتا چارەسەر دروستنەکراوە
بەڵام ئەی گەلی وشیارو خاوێن
ئامۆژگاریمان بۆ گشت کات و شوێن
خۆ پارێز بن و بەرێنمایی
تەندوست دەبن شارو ئاوایی
هەتا ئەو کاتەی پەتای کرۆنا
کەدووژمنێکی سەردەم و کۆنە
لەناو دەچێت و تەندروست دەبین
ئەوسا هەوومان بەیەك شاد دەبین

# بەهارێکی نیگەران



سالح بێچار
٢٠٢٠/٣/٢٩

بەهار چەندە نیگەرانە
وا بە خۆی و سەبەتەیەك نێرگزەوە
بە تویی کراسێکی ئاودامان سەوزەوە
لە پێش دەرگا دانیشتووە
کەس ناوێری
دەرگاکەی لێ بکاتەوە و
هەر چڵێکی لێ وەربگری
بەهار، لەداخا.. وا دەمری
چاوی تەڕ تەڕە بە شەونم ..
سەوز، سەوز چی دەڕوانێ
کەس دیارنییە
تەنیا و بێدەنگ دانیشتووە
پەڕ، پەڕ نێرگز دەوەرێنێ ..
دەڕوات.. ناڕوات،
ناڕوات،.. دەڕوات..
نازانێ.. نا
ئاخۆ کەی بڕوات (کۆرۆنا)..؟!

# کۆرۆنا



شیرین فایەق سالْح
٢٠٢٠/٤/١

دوو مانگ زیاترە من گیرۆدەی تۆم
لە مالْ خزاوم ئەنووم و ئەخۆم

کون وکەلەبەر نەماوە نەیشۆم
بەرامبەر تیڤی ئاوساوە ئەژنۆم

ئەم دابڕانە زۆر ئەستەمە بۆم
موبایل نەبێ ئەکەومە بن گۆم

قەت رووینەداوە لە چین و لە ڕۆم
تێکرا هاوار کات مالْ وێرانم خۆم

فەرمووت زەمین و ئاسمانە تاپۆم
فیل نییە بلْێ خۆت لادە بڕۆم

ئاخر ناتوانم بۆ هیچ کوێ بڕۆم
کەرەنتین کراوم هەر بەدەستی خۆم

بسووتێم هیچ کەس بۆن ناکا بۆسوم
منیش پابەندی مەنعی هاتوچۆم

بەلاّم قوربان گیان من سەرسامی تۆم
وەك یەك شێوانت، ئۆبالْ بەئەستۆم

نەمزانی مایە پووچ و دەسخەڕۆم
زل و زەبەلاّح کەچی دەستەمۆم

یەك دەنکە زەڕەیت، نەك چەکی ئەتۆم
چۆن توانتەوە عالەم وەکو مۆم

# زووکە وەرە

دیاری فەرەیدون.
٢٠٢٠/٤/٥



تا کات نەخنکاوە بەکاتی کۆرۆنا
با پیاسەیەك کەین بەناوشارا
بڕۆین تا باخی گشتی
سڵاوێکی پرلەتاسە بکەین
لە کۆترە بێ نازەکانی باخ
کەمێك لەباوەشی ئارامی
گەڵا و دار و گوڵەکان... سەمای
دوا نیگای باخ کەین
لەگەڵ خۆرئاوابون بەگەڵا
نیمچەتەڕەکان بڵێین؛ خۆشەویستیتان باش
زووکە با بڕۆین...
هەرچەند جەستە ماندووە ...
ئەزانم ڕۆحم ماندوکردوی
ئەمەوێت پێش ئەوەی
بە کۆرۆنا.. بخنکێم
سەیری دوانیگات کەم
کات زۆری نەماوە
نەبا لەم جەنگە نادیارە دۆڕاوە
دواهەناسەم بسپێرم
نەگەیت بەدیدەنی دوانیگام
دواپیاسەی ماڵئاوایی
وەرە و تا کات نەخنکاوە
بەکاتی کۆرۆنا .

# چیرۆک

# چیرۆکەکانی کۆرۆنا ڤایرۆس- ٢٠٢٠

لوقمان غەفوور – ئەمریکا



لوقمان غەفوور

## چیرۆکی یەکەم:
## کەس نەبوو دڵی لای تۆ بێت دایە گیان!

ئیمی ئیۆرۆك تەلەفۆن بۆ تامی ئیۆرۆك-ی خوشکی دەکات و پێی دەڵێت: «تەنیا ئەم هەفتەیە با هەرسێ کچەکەی (مادیێ و مۆلی و میگان) لە لای ئێوە بێت، چونکە ئەم هەفتەیە، هەفتەیەکی سەختە بۆ کەرتی کانتربێری بەهۆی کۆرۆنا ڤایرۆسەوە». ئیمی لە رۆژی ١٥ی ئادارەوە بڕیاریدا کە لەنەخۆشخانەی ئیلیزابێس-ی شاژن، لە مراگێت-کێنت، وەك پەرستارێکی بەورە زیاد لە کاتی ئاسایی خۆی لە کەرتی کانتربێری باشوری خۆرهەڵاتی بەریتانیا، لەنەخۆشخانەکە بمێنێتەوە و خزمەت بکات. میگان مێرفی یەکێك لە کچەکانیشی ئیمی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووك وێنەی خۆی و ئیمی و دوو خوشکەکەی داناوە و نوسیویەتی: «جاران چوار بووین بەرامبەر خەمەکانی ژیان، ئێستا سێ کەس ماینەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی خەمەکانی جیهان». بەزمانێکی ئەدەبی نامەیەکی بۆ دایکی نوسیوە: «سەیری هەموو ژیان بکە کە هەموو ژیان چاوی لەسەر تۆ بوو، هەموو خێزانەکانی کانتربێری هەستیان بە دڵنیایی دەکرد کە تۆ لای نەخۆشەکانیان بوویت، بەڵام کەس نەبوو دڵی لای تۆ بێت دایە گیان»، بەردەوامە لەسەر نووسینەکەی و دەڵێت: «تۆ فریشتە بویت و تاجیی نەخۆشخانەکەت لەسەرنا بۆ هەتاهەتایی لەبەرئەوەی نرخی ئەو تاجەت ئەزانی هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی کارەکەتەوە».



ئیمی ئیۆرۆك

خاتوو جۆلی جامۆن بەڕێوەبەری بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکە بۆ رۆژنامەی گاردیان باسی لەوەکردووە تەندروستی ئیمی تەمەن ٣٩ ساڵ لەهەموو پەرستارەکانی تر باشتر بوو. جامۆن بۆ سکای نیوز وتویەتی: «تیمەکەمان بەتەواوی وێران بووە». جامۆن فرمێسك چاوەکانی تێزا و وتی: «هەموو رۆژێك وەك داپیرەیەك بۆ کچەکەی لەگەڵ بانگم دەکرد لەبەردەممدا ئامادەبوو. داوامکرد کە با لەم قۆناغەدا دڵمان لای بەریتانیا بێت، کێ ئامادەیە کاری زیاد بکات ناوی خۆی بنوسێت». جامۆن ئاهێکی هەڵکێشا و وتی: «ئیمی چوارەم ناو بوو... لەمسەری هۆڵەکەوە هاوار ئەکرد ئیمی .. ئیمی .. لەبەردەممدا پەیدا ئەبوو. رۆژ بەرۆژ بەهێزتر دەرەکەوت و هانی نەخۆشەکانی ئەدا خۆراگرین». جامۆن سەرێکی هەڵبڕی بۆ ئاسمان و وتی: «خودایە رەحم بە سێ منداڵەکەی بکە، لە رۆژی ١٥ی مانگ کە هاتە نەخۆشخانە نەیدینەوە تا گیانی لەدەستدا». لە کۆتایدا جامۆن دەڵێت: «لەناکاو رۆژی ٢١ی ئادار، وتی: هەناسەم توند بووە و سەرم دێشێت، کاتێك پشکنینمان بۆ کرد دەرچوو کە کۆرۆنا ڤایرۆس-ی تووشبووە». ئیمی ئیۆرۆك دوای نزیکەی دوو هەفتە لەژێر چاودێری وردی ئەو نەخۆشخانەی کە لە ساڵی ٢٠١٧ەوە دوای دەرچوون لە زانکۆی کلێسای کرایست -ی کانتربێری-ی کاری لێدەکات، رۆژی ٣ی نیسان بە کۆرۆنا ڤایرۆس گیانی لەدەستدا.

## چیرۆکی دووەم:
## ئاریما لەو شوێنەدا گیانی سپارد، کە ١٥ ساڵە کاری لێدەکات



ئاریما

ئاریما نسرین ساڵی ٢٠٠٢ کاتێك بە خۆی و عەلاگەیەك جلوبەرگەوە گەیشتە بەریتانیا، تەمەنی ١٩ ساڵ بوو. هەموو ئومێدی ئەوەبوو کاتێك ژیانی پێکەوەنا لە بەریتانیا، ژیانی گەنجێتی منداڵەکانی وەك گەنجێتی پڕ تەنگوچەڵەمە و ناخۆشی خۆی نەبێت کە لە پاکستان بەسەری برد. ئاریما لە دوای ساڵێك گەیشتنی بە وڵاتی بەریتانیا دەستی کرد بەکاری پاککردنەوە لە نەخۆشخانەی والسال مانۆر.
لەم کارەدا سەرکەوتوو بوو. تەنانەت چەند جارێك ویستوویەتی واز لە کارەکەی بێنێت، بەڵام سەرۆکی جێبەجێکاری نەخۆشخانەکە ڕێگەی نەداوە و مووچەی سەعاتی کارکردنی بە ڕێژەیەك بۆ زیاد کردووە تا دواجار ٣ ساڵ لەمەوبەر لەلایەن ڕیچارد بیکن سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای والسال-ی چاودێری تەندروستی ڕێگەی نیشاندەدرێت کە بخوێنێت و ببێت بە پەرستار لە هەمان نەخۆشخانەی کەکاری پاککردنەوەی تێدا دەکات. ئەم بیرۆکەیە هەنگاوێکی گەورە دەبێت بۆ ئاریما، ساڵی پار ٢٠١٩ بڕوانامەی پەرستاری بەدەستدەهێنێت لە زانکۆی وۆلفێرهامپتۆن. ڕیچارد بیکن بۆ ئیندیپێندنت دواو و دەڵێت:»خەونی خزمەتکردن بوو وەك پەرستار، بۆیە مردنەکەی ناخی ئینسان ئەڕوخێنێت». ئاریما- ٣٦ ساڵ- خاوەنی ٣ منداڵ بوو. هەمیشە چاوی لەسەر ئەوە بوو کە منداڵەکانی ببن ببەشێك لە کۆمەڵگەی ئەمریکی و هانیشی دەدان هەرگیز بیر لە گەڕانەوە نەکەنەوە بۆ پاکستان. ئەم پەرستارە موسوڵمانە دوای ١٥ ساڵ کارکردنی بەردەوام لە نەخۆشخانەی والسال مانۆر لە وێست مێدلاندز- بەریتانیا، هەر لەو نەخۆشخانەیە ڕۆژی ٣ی نیسان بە کۆرۆنا ڤایرۆس گیانی لەدەستدا. وەك شەبینە کۆسار بۆ (بی بی سی) دواو، دوو هەفتە ململانێی کرد لەگەڵ نەخۆشییەکە لە بەشی چاودێری وردی نەخۆشخانەکە، بەڵام دواجار گیانی لەدەستدا. کۆسار کە ١٦ ساڵە هاوڕێی ئاریما-یە دەڵێت: «بەشی زۆری کاتەکان پێکەوە بوون لە کاری خێرخوازی و کارکردن لە کۆمیونیتی موسڵمانەکانی ناوخۆی وۆلفێرتهامپتۆن». نادیە شەبیر کە دوو ساڵ لەمەوبەر پێکەوە بوون لە پەیمانگای تەکنیکی، باس لەوەدەکات کە ئاریما پەلەی بوو زوو کۆتایی بەخوێند بهێنێت و هەر لەو نەخۆشخانەیە ببێتەوە بە پەرستیار. نادیە بۆ ڕۆژنامەی گاردیان وتوویەتی: «خەونەکەی هاتەدی، بەڵام تەنیا چەند مانگێك کاریکرد وەك پەرستار». نادیە لەبەردەم پەیامنێرەکەی گاردیان دەست دەکات بە گیریان و دەڵێت: «دوو مانگ پەرستاری کرد.. هەمیشە ئەهات و پێی ئەوتم، ئەم بەرگە زۆر جیاوازترە لەو بەرگەی کە بۆ پاککردنەوە ئەمپۆشت...» نادیە ئەو تویتەی (ئاریما) ئەخاتەڕوو کە ڕۆژی دەرچوون لەسەر وێنەیەکی بەبەرگی دەرچوونی زانکۆوە دایناوە و نوسیویەتی: «هەرگیز ئەوە بەبیرمدا نەهاتووە لە پاککەرەوە و خزمەتگوزارێکەوە ببم بە پەرستار، بەڕاستی ڕۆژێکی دڵهەژێنە، سوپاس بۆ بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی والسال مانۆر کە ئەم هەلەی خستەبەردەمم.. ئیتر خەونەکە هاتەدی».

## چیرۆکی سێیەم:
## ئیسماعیل، هاوڕێ مەسیحییەکەی بەجێهێشت

جۆن مارک ستیفنسۆن لەبەردەم نەخۆشخانەی کۆلێژی کینگ، سەری ناوە بە دیواری نەخۆشخانەکەوە و بۆ هاوڕێ موسوڵمانە هاوتەمەنەکەی ئەگری. لە محەمەد عەبدولوەهاب ـی باوکی ئیسماعیل بەکوڵتر ئەگری و دەڵێت: «سێ رۆژ لەمەوبەر لەرێگەی سکایپەوە قسەمان ئەکرد... خۆزگە من بومایە ئیسماعیل». مارک ستیفنسۆن بۆ رۆژنامەی میرر بە دەم هەناسە هەڵکێشانەوە دووبارەیدەکاتەوە و دەڵێت: «ئیسماعیل بۆ مردی.. تاکە هاوڕێیەك کە دڵم پێی خۆش بوو .. ئیسماعیل بوو». مارك ستیفنسۆن-یش کە هاوڕێی خێزانەکەیە، بۆ گاردیان دەڵێت: «دایکی ئیسمایل و شەش لە خزم و کەسوکارەکەی چاوڕێی ئەنجامی توێکاری پزیشکین». ئیسماعیل محەمەد عەبدولوەهاب – تەمەن ١٣ساڵ- بێئەوەی هیچ نەخۆشییەکی پێشینەی هەبێت و لەتەندروستیەکی ئێجگار تێرو تەواودا رۆژی ٣٠ ئادار گیانی لەدەستدا بە هۆی تووشبوون بە کۆرۆنا ڤایرۆس.

ئیسماعیل نیشتەجێی شاری بریکستۆن ـی باشوری لەندەنە، رۆژی هەینی ٢٧ی ئادار تووشی تەنگەنەفەسی دەبێت. پاش گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە لەلایەن دایکییەوە بەدایکی رادەگەیەنرێت تووشی کۆرۆنا ڤایرۆس بووە؛ بۆیە لە هەمانکاتدا پزیشکەکان بە دایکیشی دەڵێن پێویستە ئەویش لە ماڵ نەیەتە دەرەوە و تێکەڵ نەبێت بەڵام مەرگی کورەکەی هەموو شتێکی لێتێکدا. مارك ستیفنسۆن هەناسەیەکی هەڵکێشا بۆ خێزانەکە و دەڵێت: «دۆخی خێزانەکە وێران بووە». ئەو دەڵێت: «٢٨ خرابووە ژێر هەناسەدانی دەستکرد و لە بێئاگایدا بوو، تا رۆژی ٣٠ کە گیانی لەدەستدا بێ هۆش بوو». سیمۆن کلارك پزیشکی نەخۆشخانەکە دەربارەی دۆخی ئیسماعیل وتیویەتی کە راستە بە تەمەنەکان زیاتر ئەگەری مردنیان هەیە بە ڤایرۆسەکە، بەڵام گەنجانیش بێ بەش نابن لە مردن بە ڤایرۆسەکە.

لەبەریتانیا تا رۆژی ١ی نیسان، ٢٥ هەزار و ١٥٠ کەس تووشی کۆرۆنا ڤایرۆس بوون و هەزار و ٧٨٩ کەسیش مردوون.

## چیرۆکی چوارەم:
## کۆرۆنا ڤایرۆس کەمانچەکەی لە دەستی «ستیڤنس» سەندەوە



ستیڤنس

هەموو دوانیوەڕۆیەك خاتوو ڕۆشا جۆنسن ستیڤنس دوای ئەوەی لە دادگای دیکاب کاونتی– ویلایەتی جۆرجیا ئەگەڕایەوە، کەمانچەکەی دەگرت بەدەستییەوە و پارچەیەك مۆزیکی بۆ مێردەکەی و سەگەکەی ئەژەند، بەڵام لە ١٢ی مارچ-ەوە ئیدی کەس نەبوو، پارچەیەك مۆزیك بژەنێت بەرێز جۆنسن و سەگە تۆکنەکەی نێو ئەپارتمانە دوو نهۆمییەکەی ئەم خانمە.

ستیڤنس -٦٥ ساڵ- مامۆستای میوزك–ی خانەنشین، بڕیاریدابوو وەك خۆبەخش هەفتەی چەند ڕۆژێك لە دادگای دیکاپ کاونتی خزمەت بکات. بەڵام کۆرۆنا ڤایرۆس تەنیا چەند هەفتەیەك ڕێگەی پێدا. مێردەکەی ستیڤنس، نیگەران و خەمبار بە دەم ئازاری دەروونی-یەوە بە نیویۆرك پۆست دەڵێت: «هەمیشە بەهێز بوو لەبەردەم نەخۆشیدا، لە تەواوی تەمەنیدا کاتێك لە خوێندنگەی ئامادەیی دیکاب دەوامی دەکرد وەك مامۆستای میوزك و هونەر، ڕۆژێك نەخۆشی پەی پێنەبردووە و دواکەوێت. خۆشەویست بوو. من ڕازی نەبووم درێژە بداتەوە بە دەوامکردن، بەڵام حەزیکرد وەك خۆبەخش لە دادگای دیکاپ لە نوسینگەیەك چەند سەعاتێك کاربکات، بەڵام بەداخەوە جێی هێشتین». مێردەکەی داوای لێکردووە تەمەنی هی ئەوە نییە ئیتر کار بکات پێویستە پشوو بدات. چونکە پێویستیان بە پارە نییە، بەڵام ئەو بەروخسار گەنج بووە، بۆیە هەمیشە هەر هەستی کردووە بە تەمەن گەنجە. هەروەها کینیاتا جۆنسون برای ستیڤنس باسی لەو کارەساتە گەورەیە دەکات کە بەر خێزانەکەیان کەوتووە. ئەو بە تەلەفزیۆنی فۆکس ٥، ئەتلەنتا دەڵێت: «تا ڕۆژی ٢ی مارچ هەستی بەهیچ نەخۆشییەك نەکردووە. ڕۆژی ٢ ی مارچ کاتێك بە مێردەکەی وتووە هەستەکەم هیلاکم، بەپێی ئەوەی مێردەکەی بۆ گێڕاینەوە پلەی گەرمی لەشی گەیشتۆتە ١٠٥ پلەی فەهرەنهایتی. بۆیە بەپەلە ڕۆیشتوون بۆ نەخۆشخانە«. لەوێ دوای پشکنین پێیانوتووە ئەبێت چاوەڕێی ٤ ڕۆژ بکەیت و لەماڵ نەچیتە دەرەوە، چونکە گومان هەیە تووشی کۆرۆنا ڤایرۆس بوبێت. هەروەها ڕۆژنامەی ساڤانا مۆرنین نیوز کە ڕۆژنامەیەکی لۆکالی تایبەت بە ویلایەتی جۆرجیایە، نوسیویەتی: «ڕۆژی ٥ی ئازار هەناسە تەنگی زۆری بۆ دەهێنێت بەپێی قسەی مێردەکەی نزیك بووە لە خنکان، بەپەلە پەیوەندی بە ٩١١ وە دەکەن و هەر بە شەو لە ژێر چاودێری وردا دەهێڵدرێتەوە. مێردەکەی دەیگێڕێتەوە کە ئەویش خراوەتە ژێر چاودێری ورد و پشکنینی بۆ کراوە کە کۆرۆنا ڤایرۆسی تووش بووە بەڵام ئەو تەندروستی جێگیرە». ڕۆژی ١٠ی ئازار خاتوو ستیڤنس بە تەندروستییەکی جێگیرەوە نەخۆشخانەی دیکاپ جێدەهێڵێت. تەنیا شەو ڕۆژێك لەماڵەوە پشوو دەدات، بۆ ئێوارەی ١٢ مارچ لەناکاو تووشی هەناسە تەنگی دەبێت و گیان لەدەستدەدات. پزیشکەکانی نەخۆشخانە سەریان سوڕماوە لەوەی کە بەهەموو جۆرێك ستیڤنس بە تەندروستییەکی جێگیر و باشەوە نەخۆشخانەی جێهێشتووە.

## چیرۆکی پێنجەم :
## کۆرۆنا ڤایرۆس نەیهێشت، ئەم تەمەن پێنج ساڵە لە دوارۆژدا ببێت بە دکتۆر



سکایلەر هربەرت تەنیا ساڵێك بوو فێری سەمای بالیە بوو بوو. لەگەڵ خەونی ئەوەی ئەبێت بە سەماکارێکی باش، هەموو شەوێك کاتێك دەفتەری وێنەکەی ئەهێنایە پێشەوە و وێنەی پزیشکێکی ئەکێشا و ئەیوت ئەوە منم ئەبم بە «پزیشکی ددانی منداڵان»؛ دواتر بە پێکەنینەوە ڕووی ئەکردە دایکی و باوکی و ئەیوت: «ئەبێ ددانی هەموو منداڵانی دیترۆیت ڕێکو جوان بکەم، وەك ددانی من نەبێت، چونکە پزیشکەکەم بۆم چاك ناکات، هەر ئەڵێ با گەورەتربیت». ڤایرۆسی کۆرۆنا خەونی ئەم کچە پێنج ساڵەی تێکوپێکدا و راپێچی مەرگی کرد لە شاری دیترۆیت لە ویلایەتی میشیگان، ئەو ویلایەتەی تا ڕۆژی ٢٠ی نیسان، بەهۆی ڤایرۆسەکەوە ٢ هەزار و ٤٦٨ کەس مردوون. هربەرت بووە بچوکترین کەسی ویلایەتی میشیگان کە بەهۆی کۆرۆنا ڤایرۆسەوە گیانی لەدەستدا، بۆیە دایکە ٤٦ ساڵەکەی بەدەم ناڵەو ئازاری مەرگی کچەکەیەوە دەڵێت: «ئەم نەخۆشییە بەهەند وەرگرن». لاڤۆندریا هەربەت دایکی سکایلەر کە ئەفسەری پۆلیسە لەرێگەی ئێن بی سی نیوزەوە سەرسوڕمانی خۆی نیشاندەدات لەوەی، کچەکەی نەچۆتە دەرەوەی ماڵەوە، بەڵام چۆن تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە، نازانێت! سەرەتا ڕۆژی ٢٣ ئادار، سکایلەر هەوکردنی قوڕگی لێدەردەکەوێت، کە بە بیری دایکوباوکیدا نەهاتووە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووبێت. بۆ ڕۆژی دووەم و سێیەم وەك منداڵێك ئاسایی یاری ئەکات و هەڵسوکەوت دەکات و خواردن دەخوات، هەروەك ڕۆژی یەکەم تەنیا ئەو ئەڵێت: «کەمێك قوڕگم دێشێت». لە ڕۆژی چوارەمدا ئەم منداڵە پێنج ساڵە تووشی سەرئێشە دەبێت و تای بەرز دەبێتەوە بەڵام هەروەك دایکی دەڵێت: «تا-کەی دانابەزی». ئابی هەربەت باوکی سکایلەر ١٨ ساڵە کارمەندی ئاگرکوژێنەوەیە، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە هێڵی گەرمی فریاکەوتنی کۆرۆنا لە دیترۆیت دەکاتل؛ کاتێك تیمەکان دەگەنە ماڵەکەیان، پشکنین بۆ سکایلەر دەکەن و دەزانن تووشی کۆرۆنا بووە، پشکنین بۆ باوکی ئەکەن بە هەمان شێوە ئەویش، تووشبووە، تەنیا دایکی تووشی نەخۆشییەکە نەبووە. باوکی ئەو منداڵە پێنج ساڵە بۆ ڕۆژنامەی دیترۆیت نیوز دەڵێت: «ئاستی چوونی ئۆکسجین بۆ سییەکان لە پێنجەم ڕۆژدا باش بوو، هیچ نیشانەیەکی تەنگەنەفەسی لێدەرنەکەوتبوو، بەڵام ئەوەی نەتوانرابوو دیاریبکرێت ئەوەبوو، بەهۆی بەهێزی ڤایرۆسەکە، تووشی هەوکردنی مێشك بوو بوو». لەو کاتەدا کە ئەم منداڵە لە نەخۆشخانەی بۆمۆنت لە رایەڵ ئۆك-ی دیترۆیت، بەهۆی ئەو هەوکردنە زۆرەوە دەچێتە سوڕی بێهێشبوونەوە، بۆیە پزیشکەکان بڕیاردەدەن بیخەنە ژێر ئامێری هەناسەدانی دەستکردەوە. دایکی کە ٢٥ ساڵە لە بەشی پۆلیسی دیترۆیت، کاردەکات، دەڵێت: «پزیشکەکانیش سەریانسوڕمابوو و دۆشدامابوون بەدەست نەخۆشییەکەوە، بەڵام بەراستی زۆر هەوڵیاندا بۆ ئەوەی کچەکەم نەمرێت». سەرسوڕمانی پزیشکەکان لەوەوە بووە کە ٠.٢٪ی ئەوانەی تووشبوون لەئەمریکا منداڵن، بەڵام تائێستا نەیانبیستووە هیچ منداڵێك مردبێت. پاش دوو هەفتە زیاتر لە ژێر ئامێری هەناسەدانی دەستکردا دەمێنێتەوە، بەڵام دواتر دایك و باوکی بڕیاریارنداوە کە لەژێر ئامێرەکە لایبەرن چونکە ئەوەی لە دکتۆرەکان وەرگرتووە کە باشبوونی ئەستەمە، دایکی دەڵێت: «دکتۆرەکە وتی مێشکی مردووە، زەحمەتە بژێتەوە مێشکی». بەدەمگریانەوە وتیشی: «بە سادە و ساکاری زانیمان کە تازە ناگەڕێتەوە بۆ لای ئێمە«

# چیرۆکەکانی کۆرۆنا ڤایرۆس- ٢٠٢٠

سروە کمال- بەریتانیا



**چیرۆکی یەکەم:**

**ئەوژنەی بەسکێک چوار منداڵی بوو، بە منداڵەکانی گووت ئیتر من ناگەڕێمەوە، ژیانم تەواو بوو**

لە ساڵی ٢٠٠٦ شەبنم سدیق پێ دەزانێت سکی هەیەو سکەکەشی چوارەیە، هەرچەندە پزیشکەکان ئاگاداری دەکەنەوە کە سکەکەی ژیانی دەخاتە مەترسییەوە، بەڵام ئازایانە ، لە خۆبوردوانە بڕیاری هێشتنەوەی سکەکەی دەدات و هەرچوارمنداڵەکەی بە سەرکەوتوویی دەهێنێتە دنیاوە.

شبنەم سدیق  ترسی ئەوەی هەبوو کە تووشی کۆرۆنا ڤایرۆس ببێت، چەند جارێك بە گوێی هاوسەرەکەیدا دابوو.. بە هۆکاری ئەوەی بەرکەوتنی زۆری هەبوو لەگەڵ گەشتیاراندا ،چونکە شبنەم وەك بەرێوەبەری پێداویستی گەشتیاران لە فرۆکەخانەی هیسرۆ کاری دەکرد.



شەبنم تەمەنی٣٩ ساڵ بوو وەك ڕاوێژكار بۆ پارتی کرێکارانی بەریتانی کاری دەکرد لە ناوچەی (سلاو) لە لەندەن... چەند رۆژێك بوو بە بەردەوامی کۆکەی هەبوو کاتێك لەگەڵ مێردەکەی (کزران سدیقی) هاوسەری بەرەو پاکستان بەرێدەکەون بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگێکی هاوسەرگیریدا.. هەر لەوێ باری تەندروستی تێك دەچێت و نەخۆشخانەی ئیسلام ئاباد لەترسی بلاوبونەوەی نەخۆشییەکە وەری ناگرێت.

سدیق بەدڵێکی شکاوەوە گووتی:» دوایی دوو رۆژ مانەوە بەو جۆرە ، ئەو کەسەی بۆ ماوەی ٢٣ ساڵ خێزانم بوو لەرێگەی سکایپەوە قسەی لەگەڵ منداڵەکان کرد و پێی گووتن" من ناگەڕێمەوەو تەواو، ژیانم کۆتایی هات

دوا جار PIMS ئەو نەخۆشخانەیە بوو کە بڕیاری چارەسەری خانم سدیقی داو دوای ٢٥ رۆژ مانەوە لەژێر ئامێری هەناسەدانی دەستکرددا، بەهۆی کۆرۆنا ڤایرۆسەوە کۆچی دوایی کرد . بە ناچاری کزرانی هاوسەری هەرلە  پاکستان و لە رێگەی وەتس ئەپەوە پەیوەندی بە کچە ٢٠ ساڵەکەی چوارینە ١٣ساڵانەکەیەوە دەکات و پێیان دەڵێت" ئیتر دایکتان نەما»

شەبنم سدیق هەڵبژاردەی خۆی نەبوو دوور لە منداڵە بێنازەکانی بەوجۆرە ماڵئاوایی لە ژیان بکات هیواداریشم نەبێتە بژاردەی هیچ کەسێك .

## چیرۆکی دووەم:
## لە ئاهەنگی هاوسەرگیرییەوە بۆ بنکەی پۆلیس



هەموو چاوەڕوانییەکان بوونە بڵقی سەر ئاو، کاتێك بووك و زاویەك خەریکی گێڕانی ڕێوڕەسمی ئاهەنگەکەیان بوون لەگەڵ هاوڕێ و کەسە نزیکەکانیان بۆ تۆمارکردنی ڕۆژێکی پڕ لە سەماو گۆرانی ، پۆلیس دابارى بەسەریاندا.

ڕۆژی یەك شەمە لە (کوازلوو_نەتاڵ)لاساریێك گوڵێك دەدات بەئاوادا پۆلیس ئاگادار دەکاتەوە لە بەڕێوەچوونی ئاهەنگێکی هاوسەرگیری !

ئەمەش لە کاتێکدایە کە بەهۆی کۆرۆناوە وەك هەموو شوێنێکی تر لە باکوری ئەفەریقاش بڕیاری قەدەغەی هاتوو چۆ ڕاگەیەنراوە کە تا ئێستا ١٦٥٥ تووش بوو بەڤایرۆسەکە هەیە و١١ کەسیشی کوشتووە.

دەستبەجێ پۆلیس هەر ٥٠ ئامادەبووی ئاهەنگەکە.. قەشە- بە پۆشاکە تایبەتێکەیەوە.. بووکێ بەتاراو جلی سپیەوە.. زاواش بە قات و بۆینباخەوە ڕاپێچی بنکەی پۆلیس دەکەن.

ئاماژە بە هیچ ناوێك نەکراوە... بەڵام وا پێ دەچێت کە بووك و زاوا مانگی هەنگوینیان لە جێبەجێکردنی کارە یاساییەکانی دادگادا بەسەر بەرن کە تا ڕۆژی دادگایی بە کەفالەت ئازاد کراون.

ڕۆژی دوو شەمە سەرجەم میوانەکانی هاوسەرگیرییەکە بۆ سەپاندنی سزا بەسەریاندا لە دادگا ئامادە دەبن.

کۆرۆنا لە ئاهەنگیش دەدات، سنوری بۆ نیە...تۆش ئەم جار پێش ئەوەی بچیت بۆ هەر ئاهەنگێکی هاوسەرگیری ..دڵنیابە لەوەی کە بووك وزاوا هیچ جۆرە سەرپێچیەکی یاساییان لەسەر نیە یا بەدەردی میوانی ئەم ئاهەنگە نەچیت.

- ئەوکەسەی لە ڕووی ئاینیەوە ڕێورەسمی هاوسەرگیری دەکات لە ئاینی مەسیحیدا .

## چیرۆکی سێیەم:
## کاتێک بەتەنیا گیانی سپارد، گوێم لێ بوو تا دواهەناسە هاواری خێزانەکەی دەکرد

کرەیگ فارلی- جۆنس٤٣ ساڵ باوکی دوو منداڵ ..هەفتەیەك بوو بەهۆی کۆرۆناوە لە نەخۆشخانە لە ژێر زۆرترین ڕێژەی ئۆکسجیندا بوو بۆ یارمەتی هەناسەدان ..لەتێرامانێکدا هیچی بۆ نەمایەوە ..کورتەنامەیەکی بۆ خۆشەویستەکەی لارا نووسی "بۆچی من وەسێتەکەی خۆمم نەنووسی؟ «هەرچەندە لە دوای نامەکە ویستم بینوسم ، بەڵام کورتی هەناسەم ڕێگەی پێ نەدام گرەیگ گووتی:» ئەوەی وایکرد بیر لە نوسینی وەسێت بکاتەوە دیتنی پیاوە نەخۆشەکەی بەرامبەری بوو.. کە تا دوا هەناسە ناوی یەك بەیەکی منداڵ و خێزان و خزمەکانی دەهێنا کە ناڵەناڵی دوو کاتژمێری خایاند، دوایی نوزەی لێ بڕا». گرەیك دەڵێت: «کاتێك ئەو پیاوە بەرامبەر قەرەوێڵەکەی من بوو بەهەمان شێوە لەژێر زۆرترین ڕادەی ئۆکسجیندا بوو ، بەڵام هێشتا بەقسەبوو تواناى هەبوو هەرچۆنێك بێت هەناسە بدات، بەڵام لەپڕێکا هەموو شتێك گۆڕا» هەرچەندە کارمەندانی (نەخۆشخانەی گشتی تایم ساید )ئەوەی توانرا کردیان بۆ ئەوەی ڕزگاری بکەن، بەڵام بێ سوود بوو..



گرەیك دەڵێت: «ناخ هەژێنترین دیمەن کە لەژیانمدا بینیبێتم ، دیمەنی ئەو پیاوە بوو کە چۆن بە تەنیا هەموو تواناکانی بۆ هەناسەدان و شەڕی ئەو نەخۆشییە سەختە بەکاردەهێنا و تا دوا وەنەوز هاواری منداڵ و خێزانەکەی دەکرد و وایکرد کە چاوەکانم نەتوانێت ئیتر شەڕی نەهاتنەخوارەوەی فرمێسکەکانم بکات» .

گرەیك ئێستا لەماڵەوەیە بەرەوچاك بوونەوە دەچێت لە سۆشیاڵ میدیا نوسیویەتی:»هەموو دنیا لە مردویەك دەچوو تەنها ئەو پیاوەی قەرەوێڵەکەی بەرامبەرم نەبێت کە زۆر لەسەرخۆو ئارام بوو « کەچی نازانم چۆن لە پڕ هەمووشتەکان کەوتنە دژی و شەڕەکەی دۆڕاند ..

منیش دەبوایە تا دوا وشەی کە بەگریانەوە هاواری دەکرد گوێم لە ناوی یەك بەیەکی خێزانەکەی بێت کە بانگی دەکردن ، دوا پرخەی هەناسەشیم ببیستایە .. "هەروەها گرێك کە بازرگانە دەڵێت:» تا دەتوانن ولەژیاندان کات بدەن بە خێزان و خۆشەویستەکانتان ... مەچنە دەرەوە و ڕێنماییەکان جێبەجێ بکە. چوون بۆ نەخۆشخانە هیچت بۆ ناکات تەنها دەتوانرێت چارەسەری هەوکردن و ئازار شکێنت بدەنێ، چونکە کۆرۆنا دەرمانی نیە.. تەنها خۆت و بەرگری لەشی خۆت نە خۆشیەکە لە ناو دەبات .

لێرەدا دەبێت بگوترێت توشبووی کۆڤید-١٩ دوو ڕێگەی هەیە؛ یان لە ژێر چاودێریدا دەبێت تا چاك دەبێتەوە لە دەرگای پێشەوەی نەخۆشخانە دەچێتە دەرەوە ..یاخود چاودێری دەکرێت بۆ ئەوەی بە کەمترین ئازار ماڵئاوایی لە ژیان بکات- و لە دەرگای پشتەوەی ببرێتە دەرەوە .

-کاتێك نەخۆش لەسەرەمەرگدایە جۆرێك چارەسەری دەدرێتێ تا بە ئازارەوە دواساتەکانی ژیان بەڕێ نەکات.

## چیرۆکی چوارەم:
## داپیرە گەورەیەک، بەتەمەنترین نەخۆشی کۆرۆنا لە بەریتانیا لە تەمەنی ٩٩ ساڵیدا چاک دەبێتەوە

ریتا ڕۆلَندس کە نەخۆش کەوت، لە ٢٥ /٣ پشکنینی کۆرۆنا ڤایرۆسەکەی پۆزێتف دەرچوو بە کەسو کارەکەی گوترا چاوڕێی خراپ بکەن بەهۆکاری ئەوەی ریتا تەمەنێکی زۆری هەیەو بەرگە ناگرێت.

تەنها ئازار شکێنی بۆ دانرا - لە خەلۆتگەی پیری (کە شوێنی نیشتەجێبوونی ریتا بوو ) لە ژێر چاودێری ئەواندا مایەوە بەبێ ئەوەی ببرێتە نەخۆشخانە.

ریتا کە لە شەڕی جیهانی دووەمدا وەك شۆفێری گوێزەرەوەی شمەك كاری كردوە لە شوێنی فرۆکەوانی سەربازی ئەم وولاتە، بە پێچەوانەی هەموو چاوەڕوانییەکان، سەر سوڕهێنەرانە چاك بۆوەو توانی بەسەر کۆرۆنا ڤایرۆسدا سەرکەوێت، بەم کارەشی کچەزاکەی دەیکاتە سوعبەت ودەڵێت: «ئازایەتی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە داپیرە هەمیشە ساندەویچی مارمەلەیت (مرەبایی نارنج) و پسکیتی دەخوارد» هەروەها هێنری کچەزای کە تەمەنی ٣٧ساڵە بە گاڵتەجاڕیەوە دەڵێت:» داپیرە هەرگیز خواردنی تەندروستی نەخواردوە، هەرگیز بەلای سەوزە و میوەدا نەچووە، هەمیشە خەریکی کێك و چۆکۆلێت خواردن بووە، لەبەر ئەوە گووتم تازە تەواو بوو، بەڵام وا دەرنەچوو.



هێنری ئەوە راستیەشی درکاند کە ریتا خانم هەرگیز جگەرەکێش نەبووەو کوحولیشی نەخواردۆتەوە. سندی فیلپ کە دەکاتە کچی ریتا دەڵێت خەمی گەورە ئەوە بوو جگە لەوەی دایکیشی لەدەستدەدات، نەتوانێت بەهۆی جۆری نەخۆشیێکەیەوە چاودێری دایکشی بکات لە کاتی سەرەمەرگدا. بەڵام داپیرە گەورە ئێستا زۆر خۆشبەختەو بە نیازە مانگی حەوت ئاهەنگی لە دایکبوونی بگێرێت کە دەبێتە ١٠٠ ساڵ. هیوادارم هەموو نەخۆشەکانی کۆڤید-١٩هەمان بەرگری لەشی بەهێزی وەك ریتا خانمیان هەبێت و بەسەر کۆرۆنادا سەرکەون .

- کاتێك مانەوەی کەسێك دەبێتە مەحاڵ، لەبری چارەسەر تەنها ئازار شکێنی دەدرێتێ بۆ ئەوەی دواساتەکانی ژیانی دوور لە ئازار بەسەربەرێت.

## چیرۆکی پێنجەم:

## ژیان لە نێوەندی پەنجەرەکانەوە لەسەردەمی کۆرۆنا ڤایرۆسدا

کۆڤید-١٩ رەنگە ئەو تاکە شتە بووبێت کە لە پشتی پەنجەرەی ماڵەکانمانەوە سەراتاپای جیهانی کۆکردەوە. کە هەریەکەمان بە جۆرێك دەیگوزەرێنین، دوور لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هەندێك جار تا دەگاتە دابڕان لە خۆشەویستان و پەکخستنی کارو کارە سەرەتاییەکانی رۆژانەش.. بۆئەوەش خانمە فۆتۆگرافەر (کیارا ماك کۆڵ) کە لە شاری (بێد فرد) دەژی و لە ئێستادا بەهۆی کۆرۆناوە لەماڵەوەیە و لە کار دابڕاوە ..بڕیاریدا شتێك بکات. بەو جۆرە کاتی چوونە دەرەوەی رۆژانەی لە ماڵ- لە چوارچێوەی پرۆژە تازەکەیدا..هەوڵی دەدا وێنەی ژیانی ئەودیو پەنجەرەکان بچرکێنێت و وەکو خۆی دەڵێت:» بۆ ئەوەی بتوانم شتێك بکەم بۆ رووکەش کردنی ئەو هەموو دڵەراوکێیە«.

خاتوو کیارا کۆڵ کە تەمەنی ٤٤ ساڵە دەڵێت:» تەنها مەبەست لە پرۆژەکە دۆزینەوەی رێگەیەك بوو بەبێ زیان بڵێم (هەلەو) یاخود سلاو» لەکاتێکدا خێزانەکەی لە ئیتاڵیایەو خۆشی لە بەریتانیا وەك خۆی دەڵێت:» زۆر ئەستەمە کە ناتوانێت لای دایکە نەخۆشەکەی بێت و کاتێك لای خێزانەکەی بەسەر بەرێت» خاتوو کیارا دەڵێت:» گرنگترین شت لە پرۆژەکەدا بریتی بوو لە پەیوەندیگرتنی رووبەروو لەگەڵ ئەوانی تر» پەیوەندییەك کە کەمترین زیان بە تەندروستی بەرامبەر بگەیەنێت و هەستی دابڕانیش برەوێنێتەوە ، بۆ ئەوەش بە چرکاندنی وێنە ژیانی خێزانەکانی گواستەوە لە سەردەمی کۆرۆنادا کە هەر خێزانە لە چاوەڕوانی کۆتایی سەردەمی کۆرۆنادا جیاوازتر لە خێزانەکەی لە دیوو پەنجەرەکانەوە تر تێڕمانێکیان هەبوو.




بەگشتی ئەو خێزانانەی وێنەیان گیراوە خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بەو جۆرە پەیوەندیەی کە لەودیو پەنجەرەکانەوە لەگەڵ خاتو کیارا هەیان بوو ..بڕیار وایە دوای کۆتایی سەردەمی کۆرۆنا وێنەکان لە پێشەنگایەکدا نمایش بکرێت.

پەیوەندی کۆمەڵایەتی گرنگی خۆی هەیە، پەیوەندیکردن ئەگەر مەبەست بێت بکرێت هیچ بیانوویەك رێگەی پێ ناگرێت.

هیوادارم هەمیشە لەپەیوەندی خۆشەویستانتان دانەبڕێن وکۆتایی سەردەمی کۆرۆناش ببێتە ئایندەیەکی نزیك.

-هەموو کەسێك لە بەریتانیا بۆی هەیە رۆژی جارێك بۆ وەرزش و پیاسەی کورت بچێتە دەرەوە، بەڵام مەرجدارە.

# ڕاپۆرت سەبارەت بە کۆرۆنا

# أضواء على جائحة كوفيد-19

د. صلاح محمد عزيز



المقدمة: نقلت وكالات الانباء انتشار فايروس باسم COVID_19 في ديسمبر (كانون الأول) 2019. حسب الاحصاءات المنشورة من قبل منظمة الصحة العالمية التابعة لمنظمة الامم المتحدة فى ٤/٥/ ٢٠٢٠ أصيب (٣٤٠٧٧٤١) شخصا في العالم، توفى منهم (٢٣٨١٩٨) فى ٢١٥ دولة ومنطقة. كنتيجة لهذه الجائحة، توقف السفر بين معظم بلدان العالم؛ تعطلت مدارس و دوائر دول وشركاتها؛ وتبنى الناس عادات جديدة خوفا من تفشي المرض. توحد الناس بغض النظر عن اصولهم و لغاتهم، جنسياتهم، اديانهم، اوالمستوى الاقتصادى في مواجهة الفايروس. اختار كثير من البلدان وسائل قاسية للوقاية من الفايروس كالعزل الذاتي (الشخصى والمنظم) والحجر الصحى. في هذه المقالة أحاول أن أسلط الضوء على بعض الجوانب من جائحة COVID_19 بلغة تسهل فهمها.

## جائحة COVID_19 [1,2]

الفايروسات التاجية هى عائلة كبيرة من الفيروسات التى تسبب أمراض للانسان والحيوان. عند البشر، تختلف أعراض الإصابة حسب نوع الفايروس. أذا كان من نوع MERS_ Middle East Respiratory Syndrome _ فهو يسبب نزلات البرد الاعتيادية. أما النوع الاشد منه يدعى Severe Acute Respiratory Syndrome _SARS_ وهوالذي إجتاح العالم هذا العام علميا يدعى (SARS_CoV_2) ورسميا CORONAVIRUS DISEASE 2019. وبشكل مختصر COVID_19 والتي مأخوذة من الاحرف التي تحتها الخط، وكتابتها باللغة العربية كوفيد- 19.

لم يكن كوفيد- 19 معروف سابقا، بل تم الاعلان عنه فى شهر ديسمبر ٢٠١٩، فى مدينة يوهان- الصين. منذ ذلك الوقت وصل الفايروس الى معظم دول العالم و اعتبرتها منظمة الصحة العالمية (WHO) جائحة وأصبحت تعرف بجائحة كوفيد- 19. شملت اعراض الإصابة بكوفيد- 19: ارتفاع درجة الحرارة، سعال جاف، و تعب، بشكل عام. كذلك الاعراض الاقل شيوعا هى: الصداع، التهاب الحلق، فقدان الطعم والرائحة، وطفح جلدي، اوجاع والام فى المفاصل، وتغير لون الاصابع او اصابع القدم. تظهر هذه الأعراض بشكل تدريجى. ظهور هذه الاعراض تختلف من شخص الى اخر. تنتشر جائحة كوفيد- 19 بشكل اساسى من خلال قطرات يصدرها شخص المصاب عن طريق السعال، ويستقبلها شخص اخر من خلال جهاز التنفس. يمكن انتقال الفايروس حتى اذا كان المصاب لا يظهر عليه الاعراض في بداية المرض.

وصل عدد الوفيات بسبب كوفيد- 19 الى ربع مليون شخص فى العالم بغض النظر عن اختلاف اعمار و اجناس المتوفين. فما هو سبب الوفاة؟ الجواب هو: عندما يصل فايروس كوفيد- 19 الى الجهاز التنفسي يصيب الخلايا المبطنه للحلق، والقصبة الهوائية والرئة، ويستخدم الفايروس تلك الخلايا للتكاثر وبكميات ضخمة، والتى بدورها تصيب خلايا اخرى وهكذا يستمر التكاثر الى درجة يمنع أعضاء الجسم من القيام بوظائفه الحيوية مما يؤدي الى وفاة المصاب.

لايوجد علاج او لقاح ضد كوفيد- 19 الى وقت كتابة هذه الاسطر، الا ان المجتمع الدولي ومن خلال مراكز بحوث اكاديمية و تجارية في سبعين دولة تواصل العمل الدؤوب من اجل ايجاد العلاج او اللقاح. وحسب ما تنشره وسائل الاعلام هناك محاولات لتجريب بعض العقاقير على المصابين في الوقت الحاضر. من المتوقع وصول المجتمع الدولي الى علاج خلال هذا العام.

نظرا لعدم وجود علاج يحاول الشخص الوقاية من كوفيد- 19 وتحاول الحكومات حماية المجتمع وتوفير الخدمات الصحية والطبية للمصابين. على مستوى الفرد، أوصت المؤسسات الصحية بتنظيف اليدين وحماية مجرى التنفس فى جميع الاوقات. وعند الاختلاط بالاخرين يوصى بالحفاظ على مسافة متر واحد بين الشخص والاخرين.

قامت حكومات بعزل الذين ظهر عليهم اعراض كوفيد- 19 عن الاخرين فى المجتمع وذلك بوضعهم في مصحات دائمية او وقتية انشئت لهذا الغرض. طلبت بعض الدول من مواطنيها الذين يظهر عليهم الاعراض ان يمارسوا العزلة الذاتية فى اماكن سكنهم و يلتجأوا الى المراكز الطبية عند ظهور الاعراض الشديدة. فترة العزل حددت ب(١٤) يوما حسب توصيات (WHO).

اختارت الدول وسائل مختلفة لوقاية مجتمعاتهم، كل حسب ظروف البلد الصحية وأستعداد الكادر الطبي فيه، وظروفه الاقتصادية. أن اختيار سياسة توازن بين صحة المجتمع والحفاظ على اقتصاده كان من أصعب الخيارات التي واجهت حكومات عديدة. بشكل مختصرإختارت معظم الدول إحدى هذه الخيارات للوقاية من كوفيد- 19:

(أ) الطلب من المواطنين أتخاذ إجراءات الوقاية الذاتية وذلك بلبس الكمامات والكفوف والتباعد الجسدي عند لقاء الاخرين.

(ب) فصل الاشخاص الذين يعانون من اعراض كوفيد- 19 في بيوتهم عندما لا تكون الاعراض شديدة وفي مراكز طبية عند وجود مضاعفات من الإصابة قد تودي بحياة المصاب.

(ت) فرض الحجر الصحي على المجتمع.

## تاثير جائحة كوڤيد-19 على التعليم [3]

وفقا لمنظمة اليونسكو التابعة للامم المتحدة، قام اكثر من (١٧٧) بلد باغلاق المدارس و الجامعات، مما يعد اكبر اغلاق للمؤسسات التعليمية فى التاريخ. تجاوز عدد الطلاب الذين انقطعوا عن التعليم عن (٢،١) مليار طالب و طالبة. كذلك اغلقت المكتبات و المتاحف والمعارض الفنية والغيت الحفلات الموسيقية والانشطة الرياضية، والهدف من كل هذه الاجراءات المذكورة سابقا وقاية المجتمع من الاصابة بالڤيروس من خلال منع الاختلاط.

الا ان تعطيل المدارس و مؤسسات التعليم سبب توقف التعليم و مسيرة التقدم الطلابى ، مما شكل مشكلة للكادر الإداري للتعليم وتوجب عليهم معالجتها. تبنت دول المتقدمة تكنلوجيا طريقة " التعلم عن بعد " كاداة لاستمرار التعلم. ليس معروفآ مدى نجاح هذا الأسلوب نظرا لانه لا يزال في طور التطور ويستخدم بنسبة محدودة في تلك البلدان.

عانت الدول النامية التى فيها اكبر عدد من الطلبة فى العالم من مشكلتين رئيسيتين فى تبني «التعلم عن البعد»:

المشكلة الأولى: عدم امتلاك ٨٩٪ من الطلبة اجهزة حاسوب فى منازلهم.

المشكلة الثانية: ان ٨٢٪ من السكان لا يصلهم الانترنت بشكل مستمر. وهذا يؤدي الى عدم استفادة الطلبة من برنامج التعلم عن بعد كالدول الغربية.

أظهرت الحقائق المذكورة أعلاه الفارق التكنولوجي بين الدول المتقدمة والدول النامية، مما يستوجب العمل على حلها في المستقبل القريب.

اقترحت بعض الدول إنقاذ السنة الدراسية وذلك باجراء الامتحانات النهائية على المنهج الذى تم تغطيته خلال الاشهر التى سبقت تعطيل المدارس؛ اي تغطية حوالي ٧٠٪ من المنهج المقرر. ان الاخذ بهذا الحل سيؤدي الى معانات الطلبة في السنوات القادمة بحكم ان تعلم العلوم هو منهج تراكمي يعتمد على منهج السنة التي سبقتها. ولهذا فاختيار «انقاذ السنة الدراسية" على حساب التضحية بالمعرفة قد يكون اختيارا خاطئا على المدى البعيد.

ولا تزال الدول تبحث عن حلول لمعالجة اثار تعطيل المدارس نتيجة جائحة كوفيد- 19 الى كتابة هذه السطور.

## تاثير جائحة كوفيد-19 على الاقتصاد [4]

نشر مركز ابحاث تابع للكونگرس الامريكى تقريرا فى ٢٠٢٠/٥/١ لمعرفة تاثير جائحة كوفيد- 19 على الاقتصاد الدولي بشكل عام والامريكي بشكل خاص. بشكل مختصر، ذكر التقرير بان نمو الاقصاد العالمى سيقل بنسبة ٢٪ و التبادل التجارى بنسبة ١٣-٣٢٪. تعتمد هذه النسب على استمرار الظروف الحالية.

عندما تقرر دولة فرض الحجر الصحي العام تتوقف اداء الدوائر الحكومية؛ ويتوقف انتاج المصانع والمعامل ووسائل النقل؛ و يخسر ملايين الناس دخلهم من العمل اليومي. يضاف الى ذلك قيام الدولة بصرف المال على الرعاية الصحية للافراد المصابين والاستعانة بقوات الامن لتنفيذ الحجر الصحي ومساعدة المحتاجين، لهذا تكون مسؤوليتها مضاعفة: عدم الحصول على مورد مالي، وفي نفس الوقت زيادة المصروف العام. عليه اضطرت دول الى سحب احتياطها النقدي او طلب قروض دولية لدعم الاقتصاد الوطني. ذكر صندوق النقد الدولي ان نسبة الديون العامة للعالم فى ٢٠٢٠ ستكون 9.09% بينما كانت 3.07% فى عام ٢٠١٩.

ادى جائحة كوفيد- 19 الى هبوط اسعار اسهم الشركات فى البورصات العالمية مما أدى الى أنخفاض سعرها باكثر من تريليون دولار. فمثلا في الولايات المتحدة خفضت قيمة داو جونز (Dow Jones) للشهر الواحد ابتداء من منتصف شباط ٢٠٢٠ ب ٦٧٪. ادى توقف المعامل الى عدم استيراد البترول و زيادة عرضها فى الاسواق مما أدى الى هبوط بسعرها الى اقل من ٥٠٪ مما كان عليه خلال ٢٠١٩. وقد تضررت دول المنتجة للبترول كثيرا وخاصة الذين يعانون من عدم الاستقرار السياسي والأمني والذين لا يملكون أحتياط نقدي للسحب منها.

من القطاعات التى تضررت كثيرا من جائحة كوفيد- 19: قطاع النقل، قطاع السياحة، قطاع التعليم، و قطاع الخدمات اليومية. ليس معروفا متى تتوقف الاضرار الاقتصادية بحكم عدم معرفة موعد السيطرة على الجائحة. لكن تقدر بعض التقارير حاجة الدول الى فترة سنتين-الى ثلاثة سنوات لمعالجة اثار جائحة كوفيد- 19، ذلك سيعتمد على البنية التحتية للدولة، حكمة حكوماتها، ووعي شعوبها.

## الختام

من المؤكد سيتم الوصول الى الدواء المناسب لمعالجة ڤايروس كوڤيد-19 وسيتم السيطرة عليه، كذلك سيتم معالجة أثاره الاقتصادية والتعليمية. لكن اكدت تقارير كثيرة بان العالم بعد جائحة كوڤيد-19سيختلف عن قبله. ستتغير مراكز القوى الدولية؛ ستثبت إدارة الجائحة بان هناك حكومات تخدم شعوبها أفضل من غيرها بغض النظر عن دياناتها، لغاتها، عدد نفوسها، غناها أو فقرها؛ ستتغير عادات العمل والتعليم ويعتمد على أستخدام التكنلوجيا لادائها؛ ستتغير سلوكيات الانسان وسيترسخ مفهوم البعد الجسدي في التعامل الاجتماعي؛ و سيزداد العلاقة الروحية بين الانسان و ربه لانه عرف أن ڤايروس لا يتعدى قطره واحد من عشرة ملايين من متر سبب كل هذه الوفيات وعطل نشاطات الحياة كما نعرفها. ماذا سيكون الحال إذا أرتفعت درجة حرارة الأرض عدة درجات، أو أذا أصاب العالم ڤايروس صغير ينتقل بالهواء؟

## المصادر


١. لفهم الجانب البيلوجي كوڤيد- 19 وكيفية أنتقاله، راجع المصدر

Muhammad Adnan Shereena, Suliman Khana, Abeer Kazmic, Nadia Bashira, Rabeea Siddiquea, COVID-19 infection: Origin, transmission, and characteristics of human coronaviruses, Journal of Advanced Research, Volume 24, July 2020, Pages 9198-.

٢. لمعرفة نتائج جائحة كوڤيد- 19 على الصحة العامة، طرق الوقاية من المرض، والجهود الدولية لايجاد العلاج، والاحصائيات، راجع المصدر في منظمة الصحة العالمية.

World Health Organization, Coronavirus disease (COVID-19) Pandemic,
https://www.who.int/emergencies/diseases/novel-coronavirus-2019.

٣. لمعرفة اثار كوڤيد- 19 على التعليم وتعطيل المدارس والاعتماد على التعلم عن البعد، راجع المصدر في منظمة اليونسكو.

UNESCO, COVID-19 Educational Disruption and Response,
https://en.unesco.org/covid19/educationresponse.

٤. لمعرفة اثار كوڤيد- 19 على الاقتصاد الدولي، راجع منظمة التطوير الصناعي التابع للأمم المتحدة.

United Nations Industrial Development Organization, Coronavirus: the economic impact,
https://www.unido.org/stories/coronavirus-economic-impact

# راپرسی رۆژانی کۆرۆنا

# ئەزموونی ڤایرۆسی کۆرۆنا چی فێرکردیت ؟

**لەکاتی کەرەنتینەکردن لەماڵەوە و لە ڕێی فەیسبوکەوە ئەنجامدراوە لە ڕۆژی ٢٠-٣-٢٠٢٠ ( وەڵامەکان وەک خۆی بڵاوکراوەتەوە لە گەڵ ناوەکان)**

١. فێری ئارامی زیاتری کردم و بیر لەرابردوو بکەمەوە کە چیم کردووەو چ تر داریژم بۆ داهاتوو **( بەختیار سەعید)**

٢. فێری کردم زیاتر ئەوحوکمەتە بناسم بزانم چەند بێ بەرنامەیەو درۆدەکات ڕاستە ئەوە نەخۆشیەکە لەهەمو دنیا بڵاو بۆتەوە کارەساتە بەڵام دەبێ ئەوەش بزانێت خەڵک هەرلەماڵ بێت چی بۆبکات ئاگای لەژیانی بێت **( هەرێم عومەر)**

٣. شێوازی بیرکردنەوەکەمانی گۆڕی، ڕەنگە دابونەریتەکەشمان بگۆڕێ، ئیتر نازانم بۆ ئەوەی بەیەك جارەکی بگەڕێینەوە بۆ سروشت یان ئەوەیە زاڵبین بەسەر سروشتدا. بەهەر حاڵ بیرکردنەوەکەمان واقیعیتر دەبێت. ئێمە خوێندکارمان لەبەر ئامادەنەبوون یان لەبەر هەڵسوکەوتی ناشیاو لەناو پۆلەکەدا فەسڵ دەکرد، کەچی ئێستا بیر لەوە دەکەین بەرێگەی ئۆنلاین وانەیان پێ بڵێینەوە، دیارە ئەوەش ملکەچیبوونە بۆ یاسا سەختەکانی سرووشت!
**( بەهرۆز جاف)**

٤. سەبرو ئارامی، ئاگاداربوون لە پاکوو خاوێنی بەردەوامی کەل و پەل و دەوروبەر کەمکردنەوەی سەردان و تێکەڵ بوون ، کەمخۆری و وەرزش ، بەڵام بەرنامەی خەویشی لێ تێکداوم **(هەژار محمد توفیق)**

٥. فێری کردین قەدری سادەترین شت بزانین تەنانەت چونە بازارو خواردنەوەو چونە سەرشەقامیش.
**(ئاسۆ کەریم)**

٦. پەیامێ جوانە دەستخۆش خۆپارستن بەشێوازێکی تەندروستی پاکوخاوێن وە دوورکەتنەوە لە خواردنی بازاڕ بەهیوای لەشساغی بۆ هەمو لایك ان شاالله پشت بەخوا ئەمەش تێپەرێت
**(ئاراس دوو شیوانی)**

٧. فیری ئەمانەی کردم:
١. جێبەجێکردنی ڕێنمایەکانی تەندروستی بۆ هەتاهەتایەك .
٢. خۆشەویستی ژیان و هەموو مرۆڤەکان چونکە دووژمنەکان جیاوازی ناکات لەنێوانمان.
٣- وەرزش کردن و خواردنی خۆراکە تەندرووستەکان .
٤. تێگەیشتن و حاڵی بوون بە ژیان و ئەرك و بردنەسەری تەمەنی دایکان و ژنانی کۆمەڵگاکەم لەناو چواردیوار و تەنها ئەرکیان خزمەتی ئێمەبووە .
٥. تەوقەکردن و باوش و ماچکردنی قەدەغەکرد.
٦. ئاواتم جێگای چۆڵ و لادێی جارانە کەپێشتر دڵم لەلای ئەوروپا و شۆێنە قەرەباڵخەکان بوو
٧. پۆز و خۆ بەزل زانی نەما . ....**( قارەمان قادر)**

٨. فێری کردم کە ئەگەر جارێکی تر ژیان ئاسایی بۆیەوە هەرگیز نارەزایی دەرنەبرم بەرامبەر بە هیلاکبونم و سەرقاڵبونم بە جەنجاڵی ژیانەوە
چونکە ژیان بەو هیلاکیەوە خۆشترە وەك لەوەی ئیسراحەتی گیانی بیت و بەڵام بە هۆی ترسی کۆرۆناوە هیلاکی دەروونی بێ **( تەلار عەبد)**

٩. متمانە نەبوونی زیاتر بەحوکمەت **(سامان محمد)**

١٠. تێگەییشتنی باشتر لە ژیان و ڕاستی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری جیهانی ( **سەلاح قادر**)
١١. فێری کردین کۆمانکاتەوە ، فێری ئارامی کردین، فێری تەحەمولی زیاتر بوین، فێری لێخۆشبونی کردین کە لە کەسی بەرامبەرمان خۆش بین و متمانە بەخۆبونیش ( **تافان مەریوان**)
١٢. پاکو خاوینی و شووشتنی دەست و دەم و میوە بە بەردەوامی( **شاهۆ عوسمان**)
١٣. فێری کردم:
١-کە ماڵە خنجیلانەکەم لە هەموو شوێنێکی سەرگۆی زەوی خۆشتر وئارامترە
٢-ئەم زەمینە زۆر بچووکە ئەو شوێنانەی بەدوورم ئەزانی زۆر نزیکە بەو دەلیلەی مایکرۆتەنێك بە یەك هەفتە بە هەمووی ئەگات.
٣- میللەتی کورد ، لە زۆربەی ئەو میللەتانەی خەڵك بە مهمی دائەنان و لاسایان ئەکردنەوە زۆر زۆر ڕۆشنبیرترو پاك ترو مرۆڤ دۆست و بەئیمانترن. هیوای تەندروستی و سەلامەتی بۆ هەمووان ( **بەناز ئەحمەد** )
١٤. ژیان لە گۆرانێکی گەورەدا ئەخولێتەوە ، کارەساتێکی وەهایە کەس ناناسێ ، لە پاشاو سەرکۆکێکەوە بۆ هەژارترین جیاوازی نیە ، فێری کردم ئەبێ چاوەڕێی زۆر شتی نامۆ بین و نازانم داهاتوو چی تری بۆ داناوین . ( **شنە سەعید** )
١٥. ئەمرۆ ئێوارە هێزەئەمنەکان بەهۆکاری ڤایرۆسی کۆرۆنا ئاگری نەورۆزیان لەکوروکچانی سەرچیایی گوردوگۆیان کوژاندەوە (**عومەر دارسلامی**)
١٦. کۆرۆنا فێری ئارامی و دان بەخۆداگرتنمان دەکات فیرمان دەکات کە دووربکەوینەوە لە هەندێك داب و نەریتی کۆن وتەقلیدی وەك کۆبوونەوەی زۆری جەماوەری لەکاتی ئاهەنگی بووك گواستنەوەو مەولودو گردبوونەوە لە شوێنەگەشتیاریەکان و دواتر جێهێشتنی بەپیسی لەهەمووی گرنگتر قوتابخانەیەکە بۆ راهاتن لەسەر پاك و خاوێنی بەتایبەت کۆمەلێك کەسی پیس و پەلۆس کەزۆر جار دەچونە تەوالێت نەخۆیان نەدەستی خۆیان پاکنەدەکردەوە زۆر شتی تریش شاد بن ( **ئاریز قادر**)
١٧. فێری ئەوەی کردین سروشت ڕێگە بە مرۆڤ نادات زیادەڕەوی بکات لە تێکدانی و هەمیشە تەوازنی خۆی ئەپارێزێت (**شنروێ کامەران عەبدولا**)
١٨. فیری کردم کە ژیان بەکار و جەنجالی خۆشە نە ك بە اسراحە ت نە ك دەربرینی نارازی لەژیان و هیلاکیمان خوی ژیان بەهیلاکی و خۆشترو جوانترە نە ك لە ترسی کۆرۆناوە خۆمان سجن کە ین لە مالی بیری لە بیکە یتە وە ( **گولالە باهر**)
١٩. من بۆچوونێکم هەیە بەدەر لەوەی کە ئەم نەخۆشیە دەست بێت.
١- ژەمەکانی دەرەوە زیاتر ئەخورا لەژەمەکانی ماڵەوە با ئیتر تەباخەکان ئەرکی خۆیان ببینن.
٢-ئاهەنگەکان زۆر بێتام بووبوو بەداب و نەریتی عەرەب و تورك و ....هتد
٣-خێزانەکان بەدەگمەن لەسەر خوانێك کۆئەبوونەوە دەبا یەکتر بناسن.
٤-لە جەژنەکانا دەرگا دائەخرا ماڵ و تەباخ ساردوسڕ کەسنەبوو جەژنە پیرۆزەی لێبکەیت هەمووی لەسەفەر بوو.
٥-سەیران کردن، ئەوهەموو خواردنەیان ئەکردە ورگیانەوە کەچی نەیانئەتوانی زەرفێ پاشماوە بەرنەوە بەردەرگا
باتۆزێ ژینگە پاك بێت.
٦-هەموو خاکی کوردستان تەلبەند کراوە بۆ باخ بەلام تەنها ئەتوانی لەیەك شوێن بەند بی و

بژیت.
٧-دایك هەبوو ئەوەنەی کاتی لە جم وکافێ ومەلەوانگە وبازاڕ بەسەر ئەبرد نیو هێندە لەگەڵ منالەکانی بەسەر نەئەبرد ئەیسپاردن بە نیپالی و ئەفریقی تەنانەت فێری زمانی دایك نابن.
٨-ئەگەر خێزان و منال بە باوکیان بڵێن ئەمرۆ بمانبە دەرەوە ئەڵێ ئیشم هەیە.
زۆر شتی تریش نامەوێ لەوە زیاتر درێژەی پێ بدەم ( **بەناز ئەحمەد بچکول**)
٢١. هەموو ئەزمونەکانی ژیان هێندەی کۆرۆنا فێری سەبرو تەحەمولیان نەکردم زۆرێك لە مرۆڤەکانی پێ ناساندم
نرخی ماڵەکەمی پێ ووتم
فێری کردم بیر لە ئازارو برسیەتی مرۆڤە بێ نەواو هەژارەکان بکەمەوە و بچمەوە ناو خۆم و ساتێك بەهەڵەکانما بچمەوە ( **سەما ڕەزا محمد**)
٢٢. منی فێر کرد مرۆڤ چەندە بونەوەرێکی خۆویستە ئەوەی توشی ئەبێت حەز ئەکات دنیا توش بێت ( **تەها ئەحمەد جولا**)
٢٣. زیندانی کردن و سنورداندان ئەگەر ماڵی خۆشت بێت هەر سەختە، هیچ شتێك هێندەی ئازادی شیرین نییە، وانەیەکی تریش ئەوەیە کە دەرفەتی کارکردن و ڕۆڵ بینین لە ژیاندا گرنگ و پێویستە هەروەك نان و ئاو و پێداویستییەکانی تر، هەروەها تێکەڵاو بوون و کۆمەڵایەتی بوون چەند بەنرخە، ڕاستە خێزان زۆر گرنگە بەڵام هاوڕێ و هاوبیر و هاوپیشەکانیشمان بەشێکی گەورەن لەژیانمان دەبێت نرخیان بزانین. ( **شلێر غەفور ژاژڵەیی**)
٢٤. فێری خۆڕاگری کردم لەپێناو بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵ پابەند بین ( **گوڵزار نەقشبەندی**)
٢٥. پاك وخاوێنی، خوشەویستی، بەرگەی ئارامی و دان بەخودا‌گرتن ( **ویدا داوودی**)
٢٦. خۆڕاگرێ ورێنمایی تەندروستی و نەشکاندنی یاساکان ( **شلێر فاتح**)
٢٧. خۆڕاگری و قەناعەت و کتێب خوێنەوەی زیاتر لەجاران ( **ساکار عەبدوڵا**)
٢٨. کۆرۆنا پێ مان دەڵێت سامان و پارە وپۆست و پلە لە بە ردە م ڤایرۆسێ هیچ نرخی نییە واتە تەندروستی باش و دەروونێکی ئارام بە پارە ناکرێت
وە هێزێکی گە ورە هە یە دە بێت هە میشە لە یادیدا بین کە لە هە موو هێزی مرۆڤایەتی گە ورەترە سە رئە نجام دە بێت پە نا بە رین بۆ ئە و لێی بپاڕێنە وە کە بمانپارێزێت . هەروەها نرخی کات کە سانێك زۆر بێ ڕێزی بە رامبەر بە کات دەکرد تە نها کاتەکانی یان لە کۆبوونەوەی بێ مانا بۆ دە رخستنی جل و ئاڵتوون و مێز دانان بە جۆرەها خواردن کە زۆر بێ منە ت بوون لە ئە رك وماندوو بوونی خاوە ن بۆ نەکە یان دانیشتنەکە ( **شادان عەبدوڵا محمد**)
٢٩. فێری کردم:
١-دونیا زۆر لەوە بچوکترە بە بیانوی سەرکەوتنی خۆتەوە ملی کەسانی تری بۆ بشکێنیت.
٢- هێزێك هەیە لە دونیادا کام شتەی زۆر بەلای تۆوە پیرۆزو گەورەیە لە کەمترین کاتدا لێتی قەدەغە دەکات ئەوکات دەردەکەوێت تۆش پیرۆز نییە لەلات بۆیە سور نیت لەسەر زیارەت کردنی.
٣- ئازادی گەورەترین و بەبەهاترین سەروەتی چیرۆکی ژیانتە بەڵام نرخی نازانیت تا لێتی وەرنەگرنەوە.
٤- خۆ نوێکردنەوە هەوێنی بەردەوام بوونە ئەمەش پێویستی بە دابڕانە لەهەموو شتێك بۆ ماوەیەکی دیاری کراو.
٥- کۆتایی هێنانی دنیا بە مرۆڤیش دەکرێت مەرج نییە تەنها کاری یەزدان بێت.
من خۆم بەتاڵ کردەوە هیوادارم سودێکی بۆ تۆش هەبێت خاتوو کنێر ( **گۆڤەند عەبدوڵا**)

٣٠. فێری خۆشەویستی زیاتر بۆ خێزانەکەم ..زیاتر لە مانای ئازادی تێگەیشتن.. زیاتر گرنگی دان بە تەندروستی ..خۆشی و بەختەوەری خێزان بە پارە و پوول نیە بەڵکو خۆشەویستی و تەندروستی و ڕێز ( **میعاد سابر ڕەفیق زەنگەنە**)

٣١. فێری زۆر شتی کردم .. هەر بەڕاستی هەموو شتێکی سفر کردەوانێ خۆشەویستی بە هەموو جۆرەکانی یەوە ، ئاینەکان و نەتەوەکان وولاتانی پێشکەوتوو دواکەوتوو پلە و پایە و ژن و پیاو گەنج و پیر و منالْ هەمووی لە یەك ئاستدا بوون لەو مەترسیەی ڤایرۆسی کۆڤید نۆزدە کۆرۆنا. هەروەها پێی ووتین مرۆڤ هیچ نیە لە ئاستی سروشتی خودایا . (**تانیا علی**)

٣٢. تەنها مانەوە لەهەمو شتێك گرنگترە وە لاوازی مرۆڤ بەرامبەر جانەوەرێکی بچوك ( **پەیام سامان**)

٣٣. فێری کردم کە ئازادی گە وره ترین سە رمایە یە بۆ مرۆڤە کان (**هونەر سەنگاوی**)

٣٤. وانەیەکی باشی بە پیاوان دا ( **چیمەن عادل حمید**)

٣٥. کۆرۆنا فێری ئەوەی کردم کە لەبەرامبەر ئەوانیتردا زیاتر بەرپرسیاربم، چونکە ژیان و تەندروستی هەریەکێکمان پەیوەستە بە ژیان و تەندروستی ئەویترمانەوە، هەروەها سەردەمی کۆرۆنا فێری ئەوەی کردم کە مرۆڤ ناکرێ تاماوە لە یەك شێوازی ژیاندا بمێنێتەوە بەڵکو دەکرێت شێوازی ژیان بگۆڕێت لەریی گۆڕینی داب و نەریت و بارو دۆخی کۆمەلایەتی بۆ شێوەیەکی باشتر ، ( **ئاشتی حمە ساڵح**)

٣٦. کرۆنا بەئاگای هێنامەوە کە پلەو پایەو سامان هیچ نرخێکی نیە کەواتە دەرونێکی ئارام بەم شتانە ناکرێت ( **ڤینک حمەلاو**)

٣٧. فێري کردین سەبر کلیلي هەموو خۆشییەکانە،هەروەها فێري کردین زیاتر و رقئەستور تر بازرگانی چاوچنوك بە نەفرەت بکەیت ( **نەوزاد خالد**)

٣٨. کۆرۆنا کاتي زۆري پێ بە خشین تا بتوانم زۆرترین لە کارە دە ستیەکانم بەردە وام بم بەرنامەم هە بیت بۆ دواي کۆتاي هینان بەم نەخۆشیە فیري کردم کۆرۆنا بزانم بۆ ئەوەي زیاترخۆمان بپاریزین بۆ دووبارە سەرهەڵدانەوەی ئەم نەخۆشیە کوشندەیە کە هە مووجیهاني گرتو تەوە بێ جیاوازی ( **بەناز ئەحمەد**)

٣٩. فیری خوپاریزی وپ شت بە خودی خوم ببە ستم و پاکوخاوینی و زیاتر بەرنامەی خوپاریزی کردوم (**الفیە ئیبراهیم**)

٤٠. کە ئەم خەلکە بۆ نەمردوو ئاساییە لە مالەوەیە بەس وەك و تر دنیا کاول ئەبوو بەس بۆ مونافەسەو خۆ نواندن ( **هیلین جەمال**)

٤١. خەو و خواردن ( **مەهاباد بەرزنجی**)

٤٢. ڕام وایە گەر کەمێك کاتمان زیاتر بەیتێ شتی تریش ئەبێت بۆ وتن، بەلام لە ئیستادا وەك خۆم قۆناغی پێش کۆرۆنا شتەکان جۆرێك بوون، ئێستا جۆرێکی دی واتا هەندێ شت بێ نرخ بوو لامان ئێستا بە نرخ بووە، لەئێستاشدا بە پێچەوانەوە، جا ئەم پارادۆکسە مرۆڤ دەکاتە نێو دوو بیرکردنەوەی جوداوە، بە جۆرێك لەمە بە دوا ململانێکە بە لایەکدا بخەیت و پارسەنگی بکەیت لەگەل ڕێزدا ( **شادمان م. حسن**)

٤٣. فێری ئەوەی کردین زیاتر ئاگامان لە نەخۆشەکانمان بێت تێبگەین لەوانەی تەواوی رۆژەکەیان لە ماڵەوەو لەسەر جێگا بەسەر دەبەن (**شنیار جمال**)

٤٤. فێری ئەوەی کردن کە هیچ شتێك موستەحیل نییە لە دنیایا و ئەم بارودخە کە هیچ

کەسێك جیاوازی نییە لەگەل کەسەکەی ترم دەسەلاتدار، بێ دەسەلات، دەوڵەمەند، هەژار هەموو بە هەمان بارودۆخ تێدەپەڕن بێ جیاوازی. ( ئاودێر عەبدولا)

٤٥. کاری خۆبەخشی و رۆحی لەخۆبردووی و شەونوخونی بەئامانجی بلاوکردنەوەی زۆرترین هۆشیاری و رێنمایی تەندروستی، فێری کردین خۆمان بپارێزین بۆئەوەی ئازیزانمان لەدەست نەدەین، فێری کردین کە لەم سەردەمە بۆ کۆی سێکتەرەکان گروپ تیم کارکردن گرنگترینە بۆ دەرچون لە قەیرانەکان ( چرۆ شەهاب)

٤٦. فیری ئارام گرتن فیری خۆپاریزی لە هە موشتێك هە موو دونیا هی تۆبێت

یە ك لە شی ساغ نایە نێت چۆنکە تە ندروستی خۆت لە ماڵ و سامان مە فروزترە ان شاالله هە مولایەك بە خۆشی تێ دە پە رێنێت خوای گە ورە هە مو جیهانیش دور بن لە م بە لایە (زارا سەلام)

٤٧. خۆراگري هە ست كردن بە مسؤليە ت فيري ئارام خۆراگري فيري كردم ژيان بە جە نجالي وە خوشە فيري كردم ژيانم خۆش بويت فيري كردم ئازاديم خۆش بويت ( پەروین خەریب)

٤٨. هەستم بە بەرپرسیارێتی گەورە بەرامبەر منالەکانم و پیشەکەم ( کەوسەر قادر)

٤٩. فێری ئەوەی کردم بەشێکی خەڵکی بەبێ زانیاری قسە ئەکەن گوێ بۆ سەرچاوەی فەرمی ناگرن، بۆ نموونە ئەو مەلایەی لە سلێمانی بە کۆرنا مرد خەڵکێکی زۆر رەتان دەکردەوە ئەوەش بەشێکی خەتای میدیاکانی تێدابوو لە بری قسەی فەرمی دەچون خەڵکی مزگەوتەکەو ئەو کۆلانەیان دەگواستەوە و ئەوانیش دەیانوت دروێیە مەلاکە بە کۆرنا نەمردوە، وەکو ئەوەی گوایا کۆرنا پیاوێکی چەك بە دەستبێت و خەڵکی ببینێت تەقە ئەکا، لەکاتێکا ڤایرۆس لە تاقیگە دەبینرێت. (دانا ئەحمەد)

٥٠.هەولدان بۆ هاوکاری هەموو کەسێك وچوون خۆمان بپارێزین و تەندروستی لە هەموو سەروەتێکی دونیا گرنگترە، وفێری کردم کە خۆشیەکانی ژیان چێژی لی وەرگرم چونکە دونیا زۆر بچووکە . (دڵسۆز زەنگەنە)

٥١. دەسەڵاتی بەسەروی هەموی دەسەڵاتێکەوەیە فێری کردین ئەبێ چاوەروانی هەموو ئەگەرێکی لەناکاو بین، خۆراگری، هەمووی یەکسان کرد، تامەزرۆی زیاتر بۆ ئازادی، زانینی بەهای کارکردن و بەهەدەرنەدانی کات لەخۆڕا، خۆشەویستی بەخشیوە بە هاوڕێیان و کەسانی دووروبەر.( شەهلا فەیزولا)

٥٢. جیاوازی ژن و پیاو نازانێ، فەقیرو دەولەمەند، گەورەو بچوك نازانێ، خوێنەوارو بێشەهادە، دڵخۆش و خەمبار نازانێ، فێری پاك و خاوێنی کردین، زۆر شتی لێسەندینەوە وەکو سیلەی رەحمە بڕی و موناسەباتی لێ دوورخستینەوە... زۆر شتی تر (Sha)

٥٣. فیری ئەوە بوم کە زالبونی عەقل بەسەر عاتیفەدا وە راگرتنی سەردانەکان نموونەش بۆ ئەوە سەردانی دایکمە کە چەند رۆژە نەچوم بۆ لای ، زۆر شتی تریش فێر بوین بەلام من ئەوەیان زۆر لا ئاسان نەبوو کە بتوانم ئەوەندە زۆر خۆم بگرم، هەروەها لە زەمەنی کۆرۆنادا خۆشەویستی ئەوەیە کە لە خۆشەویستان دوور بیت. ( د. ریزان عومەر)

٥٤. من وەك خۆم چەند ئەگەرێکم تێبینی کردوە:

- فێری کردم یان هەستم بەوە کرد کە ئیمە لە ئیستادا لە جەنگی سییەمی جیهانی داین و بەلام ئەم جەنگە بە چەك نییە، بەڵکو بە جەنگی بایەلۆجی.
- لە لایەکی ترەوە ڤایرۆسیکی دروست کراوە بۆ دارمانی ئابوری و ژێرخانی هەندیك وولات کە

مەترسی بوون لە بەهێزبونیان،

- ڕیژەی زۆربونی دانیشتوانی سەرگۆی زەوی کە لەوانەیە لە داهاتوودا زەوی نەتوانێ ژیانیان بۆ دابین بکات.

- ئەو وولآتانەی کە ڕیژەی مرۆڤی بەتەمەنی تێدا هەڵکشابێ و بوویێتە هۆی بارگرانی بەسەر وولآتەکەیدا، ئەم هۆکارەشم بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە سین و ئیتالیا و ئیران ڕێژەی مرۆڤی بەتەمەنیان زۆرە (**پزشنگ ساڵح مستەفا**)

٥٥. مرۆڤی فیری بەخشندەیی کرد فیری ئارامی و خۆراگری، فیری بەرەنگاربونەوەو ململانی کرد لەپیناو ژیان فیری هیزو ئیرادەی کرد (من الجل البقاء) (پەری نوری عزیز)

٥٦. سلاو کنیر خان دیارە کۆرۆنا کاریگەری بەسەر هەمووماندوە هەیە وایکردووە هەموو لە بەرامبەر دەنگ و باس و زانینی ژمارەو چارەسەر لەناو هەموو ئەوانەش تەمەنی تۆشبووان و مردوو کە زۆر بە بێ منەتانە دەلین بەتەمەنەکان واتە لە ٧٠ سالی هەموو جاریك سەیری دایکم دەکەم دەبینم ناخیك هەل دەکیشیت و دەلیت (ئەوی هاوار هەیش خوایە ڕەحمان پی بکەیت) زۆر گوناحە و ناخۆشترین کاتە بۆ من. (**فینک شەفیق**)

٥٧. کۆرۆنا فیری کردم زیاتر هەست بە بەرپرسیاریتی بەرامبەر خیزان وهاورییانم بکەم (**تافان نەجات محمد**)

٥٨. فیری کردم خراپی تەندرووستی من کاریگەری بۆ دووروبەرم دەبێ (**ڕامان شێخانی**)

٥٩. دروستکردنی کێکی گێزەر، وە زەمانێکی تازە (رازبار ئازاد)

٦٠. خۆشەویستی .. مرۆڤایەتی .. لێبوردەیی .. خۆبەخشی و یارمەتیدانی زیاتر .. بەدواداچوونی زیاتر لەسەر ئەم نەخۆشیە، ئایا دەستکردە، ئایا ڕاستە ... گەر ڕاست بێت بۆ هەموو سەد ساڵ جارێك نەخۆشیەکی وا کوشندە دەردەکەوێت؟ یان نەخۆشیەکی سیاسی و ئابوورییە بە مەبەستی دارمانی ئابووری چەند ولاتێك... ئێتر (**پەیمان سەرهەنگ**)

٦١. کۆرۆنا دڵسۆزی حکومەتەکان و کاربەدەستانی بۆ خەڵکی دەرخست. وە هۆشیاری و ناهۆشیاری خەڵکی دەرخست. کۆرۆنا و ڤایرۆسە وردەکان خەڵکانی تێگەشتو هوشیار دەکاتەوە کە بوغرا نەبن و دەکرێت لە هەر ئان و ساتێکدا ژیانیان بوەستێت و هیچ دەسەلآتێکیشیان نەبێت دەبێت ئیتر خەڵکی ڕابچەڵەکێت کە ژیان و مردن لە دەستی خالقدایە ئەمەش بەو مانایە نایەت کە زانایان بوەستن لە دۆزینەوەی چارەسەر. (ئامانج بڵند)

٦٢. کۆرۆنا جارێ تێنەپەڕیوە تا ئەزموونی بکەین. (**جەمال حمە عەزیز**)

٦٣. ئەزمونی کۆرونا فێری کردم کە بە بەردەوامی سوپاسی خوای گەورە بکەم بۆ هەموو شتێك پێی بەخشیوم ، زیاتربەرپرسیاروهۆشیار بم بەرامبەر خێزان وکۆمەڵگاکەم (**لانە حافز**)

٦٤. فێری پێکەوە ژیانی زیاتر و خۆشەویستی کردین.

فێری بەخشندەیی و کۆمەك و بەهاناوەچوونی زیاتری کردین ، وە ڕق و کینە بەلاوە بنێین. (**کامەران چروستانی**)

٦٥. ئایا کۆرۆنا کۆتا چارەسەرە!! بێ گومان نەخێر بەردەوام سروشت بیر لە نوێ بونەوەو ڕێکخستنەوەی هاوکیشەی ژینگە زیندەوەران دەکات. ئەم ژیانەی لەسەرزەوی قۆناخی سەشەمە وە پێنج قۆناخ کۆتایی هاتووە ئەم شەشەمەش کۆتایی دێت یان بە ڤایرۆس یان بە پێکدادانی تەنێکی ئاسمانی بە زەویدا هەموو دەچینە چینەکانی زەوی جا بۆ دواخستنی ئەو ڕووداوە کە دەبێت ببێت پیویستە ڕێز لەژینگە بەگشتی بگرین. وە وەلآت شیرینە نە دەنگە دەنگ نە پاڵی پیوە نە شەرت پی دەفرۆشن نە دوکەڵ نە ووتە و باسی خراپ نە دەچیت نە دێن پشوویەکی چاکی بێ وێنە کە

ماوەیەکی زۆرە بەهۆی دەوامەوە ئاوها کۆ نەبوینەتەوە وە لە سەردەمی حوکمرانی ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانەوەرە کێوییەکان بە ئاسودەیی دەژین .یەکێکی تر لە سودەکانی کۆرۆنا خانمەکان دورن لە مکیاج دەموچاویان ئیسراحەتی کردووە رەنگیان گەش بۆتەوە.( **بەهار کانێسکانی**)

٦٦. خۆشییەکانی ژیانمان کە خۆمان پێ هەڵخەڵتاندن و دڵمان پێ خۆش بوو لەم ڤایرۆسە بچوکتر دەرچوو ئەگەر بەراووردی کەین لەچاو لەش ساخی و ئازادی هاتوچۆماندا. ( **شلێر عەبدولا بەرزنجی**)

٦٧. فیري خوراگرى و بە خشندە ي ئیرادە ي بە هیز کە راهاتم بو هە ر بیشهاتیك کە روبە روى هە ریمەکە م ببیتەوە تي گە یشتم کە لە ش ساغي سە روە تیکی گە ورە یە ( **کەوسەر حسن**)

